# ئاشنابوون بە
# ئەریک فرۆم



سەرپەرشتیاری پرۆژە:
ئەنوەر حسێن «بازگر» - لوقمان رەئوف

# ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن
a·bazgr@gmail·com
07701535029
جێگری سەرنوسەر: لوقمان رەئوف
lukmanraoof@yahoo·com
07701369792
تایپ و هەڵەچن:
باوان عومەر، دیلان دڵشاد
چاپ: چاپخانەی کارۆ

بەڕێوەبەری هونەری:
هەرێم عوسمان

## ئەریک فرۆم و هیواکان

ئەریک فـرۆم لە ساڵی 1900 لەخێزانێکی جولەکەی ئەرسۆدۆکس لەشاری فرانکفۆرتی ئەڵمانی لەدایکبووە، لەزانکۆی فرانکفۆرت و هایدلبیرگ لەهەر سێ بەشی کۆمەڵناسی و دەرونزانی وفەلسەفەدا خوێندویەتی وپلەی دکتۆرای لەفەلسەفەدا بەدەست هێناوە، تێزی دکتۆراکەی بەم ناونیشانە بوو ))Jewish law : Aconttribution to the sociology of jewish diaspora(( یاسای جولەکە : بەشداریەک لەکۆمەڵناسی پەرتەوازەی جولەکەدا ))، هەروەها لەزانستی شیکردنەوەی دەرونیدا لەمیونخ و بەرلین و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی زۆر چڕوپڕی پراگماتی ڕاهێنراوە، سەرەڕای پراکتیکی شیکردنەوەی دەرونی فرۆم بەوانە بێژی لەکۆمەڵێک زانکۆی بەناوبانگی ئەمریکیدا کاریکردوە. لەساڵی 1980 لەسویسرا کۆچی دواییکرد.

نوسینەکانی فرۆم بەهەوڵێکی گرنگ دائەنرێن لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕەوشتی مرۆڤدا، لەبەر ڕۆشنایی ئەو گونجاندنەی کەلەنێوان هەردوو میتۆدی فرۆیدیزم کەتەرکیزی کـردوەتـە سـەر لێکۆڵینەوەی تاکە کـەس و بونیادە دەرونیەکەی مارکسیزم، و بەپلەی یەکەم تەرکیزی کردوتە سەر پێدراوە ئابوریەکان. لەوتارێکیدا کە بەناونیشانی the application of psy choon alysis ( to ) sociology ofriligious studies فرۆم وای ئەبینێ تێکەڵکردنی هەر یەک لەمیتۆدەکانی دەرونزانی و کۆمەڵناسی و ئابوری پێکەوە، دەکرێت ڕێگای تێگەیشتنی ناوەڕۆکە مەعنەویەکان ((دەرون )) و ناوەڕۆکە مادییەکانی (ئابوری ) پێشکەوتنی مرۆڤایەتیمان نیشاندات. فرۆم لەهەوڵیدا بۆداڕشتنی میتۆدێکی نوێ، چارەسەریەکانی مەسەلەی پێکهاتەی غەریزی و پەیوەندی بە ڕەوشتی مرۆڤەوە،

لەفرۆیدەوە وەرگرت، لەژێرکارگەریەکی ئاشکرای مینۆدی مارکسیزمدا، پێیوابو پێکهاتە ناوەکی و غەریزەکانی تاکە کەس، هۆکارە پێکهێنەرکانی ڕەوشت نییە، بەڵکو دەوروبەرەکەی و کاریگەری ژینگەکەی ئەم هۆکارانە پێکدێنێت.

گرنگترین کتێبەکانی فرۆم ئەمانەن ( ترسان لەئازادی 1941، مرۆڤ بۆخودی خۆی 1947، کۆمەڵگای تەندروست 1955 ، هونەری خۆشەویستی 1956،دڵی مرۆڤ 1964، شۆڕشی هیوا) کەدواهەمین کتێبی لەساڵی 1968 دا نوسیویەتی.

## فرۆم : چەند هەڵبژاردەیەک لەشۆڕشی هیوا.
## بەرەو بەمرۆییکردنی تەکنۆلۆجیا :

دوڕیان :-

دواجار ئارماییەک هەیە. ئارماییەک کە جگە لەژمارەیەکی کەممان کەس هەستی پێناکاتْ،ئەم ئارماییە بەخێرایی تێ ئەپەڕێـتْ، ئەمە وەهمە کۆنەکەی کۆمۆنیزم و فاشیزم نیە، بەڵکو ئارماییەکی نوێیە. کۆمەڵگایەکمان هەیە، خاوەنی هەمو توانایەکەو ملکەچی بەرهەمهێنان و بەرخۆریە لەبەرزترین پلەی دا و بەڕێکخەری تەکنۆلۆجیش ئاراستە ئەکرێتْ، مرۆڤ لەم چوارچێوە کۆمەڵایەتیەدا، خەریکە ئەگۆڕێتْ بۆدۆلابێک لەناو ئامێرێکی گەورە دا.ئەم مرۆڤە ئێر ئەکرێتْ و بەباشی ڕیز ئەکرێتْ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر نیگەتیڤە { سلبیە }، لەڕوی هەڵچونەوە هیچ زیندویەتیەکی تیا نیە، بەسەرکەوتنی ئەم کۆمەڵگا نوێیە، ئاکگەرایی و ژیانی تایبەتی لەناو ئەچن. بوارەگشتیەکان قاڵبگیر دەکرێن بەرامبەر شتی ترو بەپێی گونجاندنی سایکۆلۆجی دەزگاکانی تر، بەپینەو پەڕۆ جۆرێکی تری ئەزمونی خودی و ناوەکی مەیسەر دەکرێـتْ،هەروەک ئەوەی « زبینیۆبرزیزنسکی وتی : لەکۆمەڵگەی تەکنۆلۆجیای ئەلکترۆنیدا {التقالکترونی} (( 1)) مرۆڤ ئارەزوی ئامێزانبوونی هەیە، لەگەڵ ملوێنان هاوڵاتی بێگانەدا و بەئاسانی لەژێرکاریگەری کەسایەتیەکی بەهێزو سەرنج ڕاکێشدایە، کەزیرەکانە دەسکەوتەکانی تەکنۆلۆجیای پەیوەندیکردن بەکاردێنێتْ، لەپێناو چاودێریکردنی عەقڵی خەڵک و دەستکاریکردنی هەڵچونە دەرونیەکانیان . جۆرج ئۆرێڵ وئالدوس هاکسلی لەساڵی 1984 پێشبینی باشترین دەرکەوتەکانی ئەم کۆمەڵگە نوێیەیان کردبوو.

وادیارە ئەمڕۆ ئەوەی لەهەمو شتْ زیاتر توشی دڵە ڕاوکێمان ئەکاتْ، لەدەستدانی چاودێریە بۆسیستمە تایبەتیەکەمان. ئێمە تەنها بڕیاری ڕێکخەرە تەکنۆلۆجیە کانمان جێبەجێ ئەکەین، وەکو بوونەوەرێکی مرۆیی وهیچ ئامانجێکی ترمان نەماوە، جگە لەهەوڵی بەرهەمهێنانی زیاترو بەرخۆری زیاتر. توانای خواستنمان بۆشتەکان زۆرلاوازترە، لەتوانای ڕەتکردنەوەمان بۆی. بەلەبەر چاو گرتنی ئەوەی، ئێمە لەبەردەم هەڕەشەی چەکی کۆکوژداین، یان ئەو ئفلیجی

و گۆجیەمان، کەوا دوریمان لەبڕیارە بەرپرسیاریەکانەوە ناکاراو نێگەتیڤی کردوین.

ئەمە چۆن ڕویدا ؟ چۆن سبەینێ ئەو مرۆڤەی کەوا لەلوتکەی سروشتدایە، دەبێتە زیندانی داهێنانەکانی خۆی، چۆن وا خۆی تووشی وێران بوون کردوەتەوە ؟

مرۆڤ لەگەڕانیدا بـەدوای حەقیقەتی زانستیدا، ئەوەندە مەعریفەی بەرهەمهێناوە، کەبتوانێت بۆ زاڵبون بەسەر سروشتدا بەکاریبێنێـت. لەم ڕوەوە گەلێک سەرکەوتنی مەزنی بەدەست هێنا، بەڵام بەپێداگیری لەسەر تەکنۆلۆجیاو بەرخۆری مـاددی، ئەم مرۆڤە بەریەککەوتنی لەگەڵ خودی خۆی و ژیانیش لەدەستدا. مادام بایەخ بەهیچ نادات، جگە لەتەکنۆلۆجیاو بەرخۆری مادی، هەموو شتێکی لەدەست دا، نەک هەر بڕوا ئاینی و بەهامرۆییەکان، بەڵکو توانای هەستکردن وهەڵچونە قوڵەکانیشی لەدەستدا، وەک - دڵشادی وخەمناکی- کەهەر لەسەرەتاوە، هاوڕێی سروشتی مرۆڤ بوون. ئەو ئامێرەی کەمرۆڤ خۆی دروستیکرد، ئێستا پرۆگرامی تایبەتی وای بۆ بەرهەمهێنراوە، کە ئەو ئێستا ڕۆشنبیری مرۆڤ دیاری ئەکات.

دیارترین ئەو مەترسیانەی ئێستا لەسیستەمەکەماندا هەیە، ئەوەیە کەئابوری گرێدراوە بەبەرهەمهێنانی چەکەوە، ئەمەش بەپرەنسیپی ئەو پەڕی بەرخۆری « بێ ڕەچاوکردنی کۆی ئەو بڕەی کەبۆبەرگری پێویستە «. سیستەمی ئابوری ئەمڕۆ، لەسەر بناغەی بەرهەمهێنانی ئەو مادانە ئەرواتە بەڕێوە، کەوا هەڕەشەی کاولکردنی جیهانمان لێئەکات. ئەو کاڵانەی کەتاکە کەسی خنکاندوەو دواجاریش گۆڕیویەتی بۆبەرخۆرێکی نێگەتیڤ،ئەمەش بەدروستکردنی سیستەمێکی بیرۆکراتی، کە دەستە وەستانین بەرامبەری.

ئایا تووشی تەنگانەیەکی ترسناک بوین و هیچ چارەسەرێکی نیە ؟ ئایا پێویستە نەخۆشیەک بەرهەمبهێنین، بۆئەوەی ئابوریەکی تەندروستمان هەبێـت،ئایا ئێمە ناتوانین سامانە مادیەکەمان و داهێنان و سیستەمە تەکنۆلۆژیەکەمان بۆمەبەستی مرۆیی بەکاربهێنین ؟ ئایا پێویستە ئێمە تاکی شوێنکەوتەو نێگەتیڤ بین، بۆئەوەی سیستەمە بەهێزەکانمان بەچاکی ڕێ بکەن.

وەڵامی ئەم پرسیارانە لێکترجیاوازن ، لەنێوان ئەوانەی کەدان ئەنێن بەو گۆڕانە ڕادیکاڵەی بەهێز بـوون وگەورەبوونی ئامێر لەژیانی مرۆڤدا

دروستیکردوە، ئەو نوسەرانە ئەبینینەوە، کە پێیانوایە دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی نوێ، مەسەلەیەکی حەتمیەو بێ هودەییشە، هەر لەئێستاوە گفتوگۆی خەسڵەتە چاوەڕوانکراوەکانی بکەین. ئەوان کەبەتەواوی لایەنگری دروستبوونی ئەم کۆمەڵگە نوێیەن، هەندێک ترسیشیان هەیە دەربارەی پێگەو چارەنوسی مرۆڤ لەنێو ئەم ئاراستەیەدا. «زبینیۆبرزیزنسکی « کەکاهینێکە و لەو لایشەوە «جاک ایللول « مان هەیە کەلەکتێبی « تەکنۆلۆجیاو سەرەڕۆیی سەردەم « دا ئەڵێت. ئەو کۆمەڵگە نوێیەی خەریکە لێی نزیکئەبینەوە و چاوەڕێی وێرانکاریەکانی ئەکەین، بەهۆی نامرۆییبوونە ترسناکەکەیەوە، لەپێشی ئەو ئارامالییەوەیە، بەکورتی پێیوایە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، وەک پێویستە ئامادە باشی سەرکەوتن نیە، بەڵام بڕوایەکی وای هەیە بەوەی کەدواجار مرۆڤایەتی ئەتوانێت زاڵ بێتە سەر کێشەو مەینەتیەکانیدا ،هەر بۆیە بەهیوای ئەوەیە ڕێگری بکرێت لەسەر کەوتنی کۆمەڵگەیەکی نامرۆیی. ژمارەی ئەو مرۆڤانەی کەئاگایان لەمەترسیەکانی سەرژیانی ڕۆحی و تایبەتیان هەیە، پێوستە بەردەوام لەزیادبووندابن و لەناو کرۆکی ئەم پێشهاتانەیشدا پێداگری لەسەر ئازادیەکانی خۆیان بکەن . ( م 1) (3) هەڵوێستی (لویس مۆم فۆرد) ئاڕادەیەک وەک هەڵوێستی (اللول) وەهایە. لەو کتێبە گرنگ وقوڵەی کە بەناوی (ئەفسانەی ئامێر)ەوە (4) (موم فورد) باسی گەورەیی و بەهێزی ئامێر ئەکات، لەیەکەم دەرکەوتنیەوە لەکۆمەڵگەکانی میسرو بابلدا. زۆرکەس هەم ئەوانەی خاوەن پلەو پایەن و هەم ئەوانەیش کە هاووڵاتی ئاساین، هەست بەهیچ ئارامالییەک ناکەن، کەهەڕەشەیان لێبکات، بەپێچەوانەی ئەو نوسەرانەی کەپێشتر ئاماژەم پێکردن، کەهەیانە بەچاوی ڕقەوە، سەیری دیاردەکە ئەکەن و هەیشیانە بەرەزامەندیەوە،ئەوان ئەو بۆچونە کۆنەی سەدەی نۆزدەهەم، بەنەمری ئەهێڵنەوە، کەدەڵێت ئامێر ئەرک و قورساییەکانی سەر شانی مرۆڤ کەم ئەکاتەوە و هەمیشە وەک ئامرازێک دەمێنێتەوە، لەپێناوی مەبەستدا و لەهەمان کاتیشدا هیچ مەترسیەکی تیا نابینینەوە. گەر بوار بدرێتە تەکنۆلۆژیا بەپێی لۆژیکی خۆی گەشە بکات، ئەوا گەشەکردنەکەی گەشەیەکی سەرەتانی ئەبێت، ئەوکاتەش ئەبێتە هەڕەشەی سەر ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ. ئەو هەڵوێستەیش لەناو ئەم کتێبەدا وەرگیراوە (5) لەڕوی پرەنسیپەوە،

لەهەڵوێستی (مومفورد وایللول) نزیکە دەکرێت لەڕوی ئەو توانایانەوە، جیاوازیش بێت لێیان کە چاودێریکردنی سیستمی کۆمەڵایەتی ئەگێڕێنەوە بۆمرۆڤ. ئەو هیوایانەی لێرەدا دروستبوە لەم فاکتەرانە پێکدێت.

1-دەکرێت زۆر باشتر لەم سیستەمە کۆمەڵایەتیەی ئێستاکە تێبگەین، گەر بێتو سیستمی، مرۆڤ گرێ بدەینە سیستەمەکانی تری ئابوری و کۆمەڵایەتی. سروشتی مرۆڤ ئەبستراکت و خۆش دەست نیە بۆگۆڕان، بۆیە دەکرێت لەڕوی دینامیکیەوە فەرامۆشبکرێت، بەڵکو ئەمە پرۆسەیەکە خەسڵەتی چۆنایەتی و یاساو ئەڵتەرناتیڤی خۆی هەیە. هەر بۆیە خوێندنەوەی سیستەمی( مرۆڤ ) بواری ئەوەمان ئەداتێ کەکاریگەری هەندێک فاکتەری سیستەمەکانی کۆمەڵایەتی - ئابوری لەسەر مرۆڤ ببینین. لەلایەکی تریشەوە تا ڕادەیەک تێکچونەکانی سیستەمی ( مرۆڤ ) لەدایکبووی چەند کێشەیەکی ترە لەسیستەمە کۆمەڵایەتیەکاندا، گەر بێتو ڕەگەزی مرۆیی بخەینە ناو شیکردنەوەی سیستەمی کۆییەوە، ئەوا زۆر باشتر لەم ڕەوتە خراپە تێئەگەین. بەم جۆرە ئەو کات ئەتوانین، ئەو ڕێکخەرانە دیاری بکەین، کەوا سیستەمی کاری ئابوریمان ئەجولێنێت لەسیستەمی کۆمەڵایەتیدا، لەپێناو خۆشنودیەکی باشتری ئەو خەڵکانەی کەبەشداریان تیا کردوە. هەمو ئەمانە قبوڵ ناکرێت، تاوەکو ڕێکنەکەوین لەسەر بیرکردنەوە لەوەی، کەپێشکەوتنی ئۆرگانی بۆسیستەمی مرۆڤایەتی، ئەرکێکی بونیادە تایبەتیەکەیەتی، چونکە خۆشنودی مرۆڤ، ئامانجی بنەڕەتیە.

2- ئەو ناڕازیبونەی کە بــەردەوام لەزیادبوندایە، هەڵقوڵاوی ئەم جۆرە ژیانەی ئێستاو هەمو ئەو بێزاریە بێدەنگەو ئەو خراپییەیە، کەلەنەمانی ژیانی تایبەتی و ونبونی کەسایەتی تاکدایە، یان لەلایەکی ترەوە لە ئارەزوی بەدەست هێنانی خێرایی ژیانێکی بەختیاری پڕ لەخۆشی، کەبتوانێت وەڵامی ئەو پێداویستیانەی مرۆڤ بداتەوە، کەلەڕوی چۆنایەتیەوەە لەم هەزار ساڵەی دوایدا تەواو گەشەیکردوە. ئەو پێداویستیانەی کەمرۆڤ لەحەیوان و لەو ڕێکخەرە تەکنۆلۆژیە بێگیانەش جیائەکەنەوە. بەهێزترینی ئەم ئاراستەیە ئەوەیە، کەکۆمەڵێک هەمو ئەو شتانەیان هەبێت، پێویستیانە و هەموو داواکاریەکانیان جێبەجێبکرێت. بەم جۆرە دەرکەوت کە فیردەوسی بەرخۆری، نەبوویە جێی ڕەزامەندی ئەوانەی

کەوا بەڵێنیان پێدرابوو. ( کە تا ئێستایش پێداویستیەکانی خۆیانیان دابیننەکردوە، بەڵام لەهەمانکاتدا تێبینی لەدەستدانی دڵشادی ئەکرێت لای ئەوانەی، کە خاوەنی هەموو ئەو شتانەن، کەوا مرۆڤ دەیەوێـت.

زۆر لەچەمک و ئایدۆلۆژیاکان جازبیەتی خۆیانیان لەدەستدا، کلێشە نەریتیەکانی وەک زانست و چەپ و کۆمۆنیزم و سەرمایەداری، مانایەکی ئەوتۆیان نەماوە، ئەمڕۆ خەڵکی بەدوای ئاراستەیەکی ترو فەلسەفەیەکی تردا ئەگەڕێت، کەبەرەو بایەخدان بەپێداویستیە مادی و رۆحیەکان بڕوات، نەک بەرەو مردن. ئەمە دو جەمسەریەکی زۆر خراپ لەئەمریکاو جیهانیش دروستئەکات، لێرەدا ئەوانە هەن کەوا هێز، یاسا، سیستەم، ڕێگە بیرۆکراتیەکان... سەرنجیان ڕائەکێشێت . ئەوانەیش هەن، کەپڕن لەئارەزوی ژیان و ئەیانەوێت هەڵوێستێکی نوێیان لەژیان هەبێـت تا کاربکەنە سەر نەخشەی ناو چوارچێوە حازر بەدەستە کان. ئەو پێشڕەوانە دەبنە جوڵاندنەوەیەک، کەخواستی گۆڕانی قوڵ لەچالاکیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانمان و لەگۆڕینی کەفوکوڵە ڕۆحی ودەرونیەکانمان بۆژیان دروست ئەکەن. ئامانجیان بریتیە لەچالاککردنەوەی تاک و چاودێریکردنی سیستمی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و ڕکێفکردنی تەکنۆلۆجیا. ئەمە بزوتنەوەیەکە بەناوی ژیانەوە، مەبەستەکانی زۆر سادەو گشتگیرە، مەترسی ئەمڕۆی سەر (ژیان)، هەرتەنها نەتەوەیەک، یان چینێک ناگرێتەوە، بەڵکو هەمو تاکەکەسێک دەگرێتەوە. لەبەشەکانی دواتردا هەوڵ ئەدەین قسە لەسەر چەند مەسەلەیەکی گشتگیر بکەین، بەتایبەتی ئەوانەی کەپابەندە بەپەیوەندی نیوان سروشتی مرۆڤ وسیستەمی کۆمەڵایەتی وئابوری.

خاڵێکی گرنگتر هەیەو پێویستە ڕۆشن بکرێتەوە. ئەمڕۆ نائومێدیەکی فراوان هەیە، لەڕوی توانای گۆڕینی شتەکانەوە، تاڕادەیەکی زۆر ئەم نائومێدیە نائومێدیەکی نەستانەیە،بۆیە دەبینین مرۆڤەکان لەڕوی هەستەوە گەشبینن، هیوای پێشکەوتنیان هەیە لەسبەینێدا. پێش ڕۆچونە ناو ڕەوشی ئێستاوە و گەڕان بەدوای ئەو هیوایەی ئامادەیە لەناویدا، پێویستە لەدیاردەی هیوا بکۆڵینەوە.

**2 / هیوا.**

**1- ئەوانەی هیچ هیوایەکیان نییە**

هیوا ڕەگەزێکی گرنگی یەکلاکەرەوەیە لەهەر هەوڵدانێکدا بۆگۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، بەئاراستەی دینامیکیەتی هۆشیاری و هزرێکی گەورەتر، بەڵام سروشتی هیوا وەهایە، زۆرجار بەهەڵە لێی تێئەگەین وتێکەڵی زۆرحاڵەتی تر ئەکرێت، کەهیچ پەیوەندیەکی بەهیواوە نیەو زۆریش لێی جیاوازە .

باشە بابپرسین هیوا چیە ؟ ئایا هیوا وەک ئەوەی، کەهەندێک کەس لێی تێگەیشتون برینیە لە خواست وئارەزوەکانی مرۆڤ. لەحاڵێکی وەهادا،ئایا ئەوانەی ئارەزوی ئۆتۆمبیل وخانوی جوانیان هەیە، خاوەن هیوان؟

گەر بابەتی هیوا جۆرێک بێت لەپڕبوون، حاڵەتێکی بێداربوونەوەی گەورەبێت، یان بەمانایەکی تر ڕزگاربون بێت لەبێزاری، یان گەر بابەتی هیوا سەرفرازی وشۆڕش بێت، ئایا ئەوە هیوایە؟ دەکرێت چاوەڕوانیەکی لەم جۆرە هیوابیت، بەڵام گەر هات وهیچ دەنگدانەوەیەکی نەبوو جگە لەسلبیەت، ئەو کاتەیش چاوەڕوانی هەر هیوا دەبێت، بەڵام هەرکاتێک هیوا ونبو، ئیتر بەو جۆرە تەسلیمبوون و ئایدۆلۆژیەت، چانسیان لەبەردەمدا ئەکرێتەوە.

کافکا لەبەشێک لەکتێبی (( دۆز )) دا زۆر بەجوانی ئەم جۆرە هیوا نێگەتیڤەی وەسفکردووە، ئەو وێنای پیاوێکمان بۆئەکێشێت، کە ئەڕواتە بەر ئەو دەرگایەی کە ئەرواتە بۆئاسمان و لەوێ لەپاسەوانەکە ئەپاڕێتەوە ڕێگەی بدات بچێتە ژورەوە، پاسەوانەکە پێی ئەڵێت ناتوانێت ڕێگەی چونە ژورەوەی بدات،هەرچەندە دەرگـای چون بۆئاسمان ( شەریعەت ) بەکراوەیی هەر ئەمێنیـتەوە، بەڵام پیاوەکە پێی باشە هەر بەچاوەڕوانی بمێنیـتەوە، تاوەکو ڕێگەی چونە ژورەوەی پێ ئەدرێت، ئەوسا بەوەرگرتنی ڕەزامەندیەوە ئەچێتـە ژوورەوە. بەم شێوەیە چاوەڕوانیەکەی ڕۆژان وساڵان دەخایەنێـت و ئەو هەر دەمێنێتەوە، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک، داوای چونە ژورەوە ئەکات، بەڵام هەمو جارێک هەر هەمان وەڵامی ئەدەنەوە، کەناتوانێت بچێتە ژورەوە،مـاوەی ئەم چەند ساڵە، پیاوەکە هەر بەچاوەڕوانیەوە تەماشای پاسەوانەکە ئەکات، دواجار کاتێک هەست بەخۆی ئەکات تەواو پیربووەو وا لەپەنای مردندا، بۆیەکەم جار لەپاسەوانەکە

ئەپرسێت : چۆن ئاوا هیچ کەسێکی تر، جگە لەمن لەماوەی ئەم ساڵانەدا، هەوڵی چونە ژورەوەی نەداوە، پاسەوانەکە وەڵامی ئەداتەوەو ئەڵێت :-جگە لەتۆ، هیچ کەسێکی تر ناتوانێت بگاتە ئەم بەر دەرگایە، مادام ئەم ڕێگەیەش تایبەتە بەتۆ، ئەوا من دای ئەخەم.

پیاوەکە چووبوە ساڵەوەو پیر بووبوو، زیاتر لەوەی کەبۆئەوە بشێت نێبگات، بەڵام نەیئەتوانی لەوە زیاتر نێبگات، گەر تەمەنی گەنجتریش بوایە.

ئەمڕۆ بیرۆکراتەکان خاوەنی دوا بڕیارن، گەر بڵێن نا، ئەوا کەس ناتوانێت بچێتە ژورەوە. گەر پیاوەکە شتێک لەم هیوا نیگەتیڤە زیاتری هەبوایە، ئەیتوانی بچێتە ژورەوە. گەر هێندە زیرەکبوایە، ناکۆکی ئیرادەی بیرۆکراتەکەی بکردایە، ئەوا کارێکی ئازادی دەکرد کەلەوانەیە بیگەیەندایەتە کۆشکە درەوشاوەکە. زۆرکەس وەکو پیاوە پیرەکەی (کافکا)ن، هەر بەهیواوە دەمێننەوە، بەڵام ئەوەیان لێناوەشێتەوە کەبەپێی حیکمەت کارێک بکەن، تاوەکو بیرۆکراتەکە ڕێگەی چونە ژورەوەیان پێنەدات هەر بەچاوەڕوانی ئەمێننەوە،(6)

ئەم جۆرە هیوا نیگەتیڤە بەتوندی گرێدراوی جۆرە هیوایەکی موتڵەقە، کەدەکرێت واوەسفی بکەین،پاڕانەوەیە لەزەمەن، زەمەن و دواڕۆژیش دوو مەقولەی سەرەکین بۆئەم جۆرە هیوا. ناکرێت ئێستا گریمانی ڕودانی هیچ شتێک بکەین، بەڵام دەبێت چاوەڕێی دواڕۆژ بکەین، ڕۆژگارێکی ترو ساڵێکی تر، یان جیهانێکی تر. لەکاتێکدا مەحاڵە بڕوا بەوە بکەین لەم جیهانەدا هیوایەکی وەها دێـتە دی، لەپشت ئەم جۆرە باوەڕەوە جۆرێک لە بت پەرستی بۆ ( دواڕۆژ ) ( مێژو ) ( نەوەی داهاتو ) ئامادەیە کەلەگەڵ شۆڕشی فەرەنسیدا سەری هەڵداوە، کەسانێکی وەک (ڕۆبسبیر) کەوا عیبادەتی دواڕۆژی ئەکرد، وەکو خودایەک ئەیبینی: من هیچ هەوڵێک نادەم، من هەر بەدەستە وەستانی دەمێنمەوە، چونکە بێتواناو هیچ لەبارانەبووم، بەڵام دواڕۆژ وتێپەڕینی زەمەن هەموو ئەو شتانە دێنیـە دی، کەمن نەمتوانیوە جێبەجێی بکەم. ئەم عیبادەتەی دواڕۆژ، جۆرێکی تری عیبادەتی ( پێشکەوتنە )لەفکری برژوازی مۆدێرندا، ڕێک ئەمە نەهێشتنی هیوایە، لەجیاتی ئەوەی من شتێک بکەم ودەورێک بگێڕم، بتەکان دەبنە هەمو شتێک، بتەکانی دواڕۆژو نەوەکانی داهاتوو هەمو پرۆژەکانی من جێبەجێئەکەن

بێئەوەی پێویست بێت خۆم شتێک بکەم،گەر چاوەڕوانی نیگەتیڤ، جۆرێک بێ هیوای و دەستە وەستانی نیشانبدات، دواجار جۆرێکی تریشە، لەملکەچی و ماندو بوون، کەبەتەواوی ڕوپۆشی بەرامبەرەکەی وەرئەگرێت، ڕوپۆشی سەرەڕۆیی و زارەکی، ڕوپۆشی بێ دەربەستی بەرامبەر واقعی دۆنکیشۆتانە، ئەمەیە هەڵوێستی وەفا دارە درۆزنەکان و ئینقلابیەکان putchistes ئەوانەی کەوا هەمو ئەو کەسانە ئەخنکێنن، کە مردنیان لەدۆڕان پێباشتر نیە، ئەم پەردە ڕادیکاڵیە خوازراوە لەنائومێدی و عەدەمیەتی ئەمڕۆ گرژ بووەتەوە، لای خەڵکانێکی زۆر بەئیلتزامتر لەنەوەی لاوان، ئەوان بەجەسارەت و کۆڵنەدانیان کاریگەریان زۆر زیاترە، بەڵام هەمو رووبەڕووبونەوەیەک لەدەستئەدەن، لەبەر نەبونی واقعیەت و هەستی ستراتیژی و هەندێک جار نەمانی ژیان=دۆستیش.(8)

**پارادۆکس و سروشتی هیوا :**

کاری هیوا دەکرێت بچوێندرێتە هەر ناکۆکیەک، ئەمە لەوەوە هاتووە، چاوەڕوان ناکەین لەحاڵەتێکی نێگەتیڤدا، چاوەڕوانی ڕوداوێک بین، کەتوانای جێبەجێکردنیمان نەبێت. هیوا پڵنگێکی خەوتووە، تاچرکە ساتی خۆی نەیەت هەڵناسێتەوە. نەچاکسازی خـوازە ماندوەکان و نەسەڕۆی کـەری بـڕوادار بەڕادیکاڵیەت گوزارش لەهیوا ناکەن، کەمرۆڤێک بەهیوا بوو، بەواتای ئەوە دێـت، ئامادەیە کەلەهەموو کاتێکدا پێشوازی ئەو شتانە بکات، کەتائێستا دروستنەبوون، بێئەوەی توشی نائومێدی ببێـت، لەگەڵ ئەمەشدا گەر ڕوداوێک نەیەتە ناو ڕەوتی ژیانمانەوە، ئەوا هیوا بون بەوەی کەهەیەو ئەوەیش کەنیە، هیچ مانایەکی نیە،هەموو جارێک بێهیواکان، یان لەدڵشادیدا سەقامگیر ئەبن، یان لەتوندوتیژیدا، ئەوانەیش کەهیوایەکی بەهێزیان هەیە، هەموو ئاماژە نوێیەکانی ژیان لەیەکتر جیا ئەکەنەوەو پەنای بۆئەبەن، ئەوان لەهەمو کاتێکدا ئامادەی بەشداریکردنن لەهەڵقوڵانی ئەوەی کەپێویستە لەدایکبێـت.

لەدەستدانی جیاوازی لەنێوان هیوایەکی هۆشیارانەو هیوایەکی نەستیانە یەکێکە لەو شێواویانەی ئەمڕۆ. بێگومان هەمان هەڵەییش دەربارەی ئەزمونە هەڵچونەکانی تری مرۆڤ وەک بەختیاری، نیگەرانی ،دڵتەنگی، بێتاقەتی،ڕقلێبونەوە

ئەکرێت. ئەوەی سەرسوڕهێنەرە، کەوا چەمکی نەست سـەرەڕای ناوبانگی تیۆرەکانی فرۆید، تائێستا زۆر کەم بەکار هێنراوە، لەسەر ئەم جۆرە دیاردە هەڵچونیانە . دەکرێت ئەمەیش دووهۆکاری سەرەکی هەبێـت.

یەکەم : دیاردەی نەست، بەگشتی (( هەروەها چەپاندنیش )) لەنوسینی زۆرلەشیکەرەوە دەرونیەکان وهەندێک لەفەیلەسوفانی شیکردنەوەی دەرونیش، پەیوەندیدارە بەئارەزوە سێکسیەکانەوە، ئەوان بەشێوەیەکی هەڵە مەسەلەی چەپاندن بەکار دێنن. وەک ئەوەی هاومانای سەرکوتکردنی خولیاو چالاکیە سێکسیەکان بێت، بەو جۆرە بڕێکی زۆر لەدۆزینەوە زانستیە گرنگەکانی فرۆید فەرامۆش ئەکەن.

هۆکاری دووەم : بەلای نەوەکانی دوای چاخی ڤیکتۆریاوە، هۆشیاری بەئارەزوە چەپێنراوە سێکسیەکان کەمتر وروژێنەرەلەئەزمونەکانی وەک ناکاراکردن و نائومێدی و چاوچنۆکی . بەم جۆرە زۆربەی خەڵک، ناتوانن دان بنێن بە هەستکردنیان لەترس و دڵەڕاوکێ و تەنیایی و نائومێدی و خۆیانی لێکەڕئەکەن ( 9 ).ئەمەش لەبەر هۆیەکی زۆر ساکار ئەویش ئەوەیە کە : پیلانە کۆمەڵایەتیەکانمان چاوەڕێی ئەوە لەمرۆڤ ئەکات کەهەر گەیشتە خواستە کانی نە لەبێزاری و نە لە تەنهاییش نەترسێـت. پێویستە واسەیری ئەم دنیایە بکات، باشترە لەوەی کەهەیە، بۆئەوەی دەرفەتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی هەبێت، حەزئەکات هەمو ترسەکانی بچەپێنیـت بەڕادەی چەپاندنی گومان و بێزاریەکانی، بەڕادەی چەپاندنی نائومێدیەکانی. ئەمە لەکاتێکدا ئەو لەنەستەوە نائومێدە، بەدەگمەن حاڵەتی پێچەوانەی ئەمانەمان هەیە. لەلێکۆڵینەوەی هیواو نائومێدیدا گرنگ ئەوەنیە، کەخەڵکی بیری لێ ئەکەنەوە لەڕوی سۆزەوە، بەڵکو لە راستیدا ئەوەیە کەوا هەستی پێئەکەن. کەدەکرێت لەتوێی وشەو ڕستەکانیانەوە، هەستە ڕاستە قینەکانیان دەرکەویـت، لەگوزارشتی ڕوخساریاندا، لەشێوازی ڕێکردن وتوانای کاردانەوەیان، بەبایەخدانیان بەرامبەر ئەو شتانەی، دێنە بەر چاویان، لەنەبونی دەمارگیریان کاتێک بەبەڵگەوە شتێکیان بۆئەسەلمێنرێت.

ئەو ڕوبینا {وجە نظر}دینامیکیەی لەم کتێبەدا لەبەرچاوگیراوە لەسەر دیاردە دەرونی - کۆمەڵایەتیەکان جیاوازە لەو شێوازە وسفیە ڕەفتاریەی، کە

لەزۆر لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆڤایەتیەکاندا هەیە. ئێمە بەم ڕوبینا دینامیکیەوە، هەوڵنادەین بۆئەوەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی بزانین خەڵک بیر لەچی ئەکاتەوە، یان چی ئەڵێت و چۆن ڕفتارئەکات، بەڵکو ئێمە خۆمان بەبونیادە سروشتیەکەیەوە خەریکئەکەین، ئەوەی کەبونیادی نیوە هەمیشەیی وزەکانیەتی، ئەو ئاراسنانەی کەوا ئەم وزانە دەوڵەمەند ئەکەن، ئەو توندیەی کەوا تیا دەرئەکەوێت. گەر ئێمە هێزی بزوێنەری هۆکارەکانی ڕەفتارمان بدۆزیایەتەوە، ئەوکات نەک هەر هەستمان بەهەڵسوکەوتەکانی ئێستا ئەکرد، بەڵکو ئەمانتوانی گریمانەی ئەو ڕێگایانەش بکەین، کەوا کەسێک لەبارو دۆخێکی نوێدا چۆن هەڵسوکەوت ئەکات، لەئەگەری دینامیکیدا، ئەکرێت گۆڕانکاری لەبیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی کەسێکدا کەڕوو ئەدات، پێشبینی بکرێت.

ئێمە بەمەرجی زانینی بونیادە سروشتیەکەی، دەتوانین بەدرێژی قسە بکەین، دەربارەی ئەوانەی کە هیوایان نیە، بەڵام باشتر وایە بپرسین، ئایا وشە ئەتوانێت وەسفی هیوامان بۆبکات ؟ یان ناتوانین تێی بگەین تا بەقەسیدەیەک، گۆرانیەک، ئاماژەیەک، گوزارشێکی ڕوخسار نەبێت .

وشە بێتواناترە لەوەی بەشی ئەزمونێکی مرۆییمان بۆبکات، بەڵکو زۆرجار ئەمومژاوی ئەکات، بەمجۆرە هەرکاتێک قسە لەسەر (خۆشەویستی، ڕق، هیوا)، کرا دەگاتە ئەوەی کەهیچ سنورێک ناهێڵێت، لەگەڵ ئەو شتەی کە گریمان ئەکرێت لەبابەتی قسە کردنەکەیە،شیعرو مۆسیقاو جۆرەکانی تری هونەر، باشترین ئامرازی وێنا کردنی ئەزمونی مرۆییە، چونکە زۆر وردەو دوورئەکەوێتەوە لەداماڵین و تەم ومژ. دیارە مەحاڵ نیە سەرەڕای ئەم هەموو خۆپارێزیەمان، هێڵە سەرەتاییەکانی ئەزمونێکی هەستپێکراو بکێشین و بەچەند وشەیەکی جیاواز لەوانەی شیعر بەکاری دێنێت، وەسفی هەر ئەزمونێک بەمانای یەکالاکردنەوەی هەمو ڕوەکانی دێت، گەر بێتو گفتوگۆیەکی تیا دامەزرێنێت، کەنوسەر خۆی و خوێنەرەکانیشی بزانن کەدەگەڕێنەوە بۆهەمان شت. من لێرەدا داوا لەخوێنەر ئەکەم کەهاوکاریم بکات و چاوەڕوانی من نەبێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.:- هیوا چیە ؟ دەکرێت داوای ئەوەش بکەم ئەزمونە تایبەتیەکانیان ساز بکەن، بۆئەوەی گفتوگۆکەمان سەربگرێت .

کردەی هیوا حاڵەتێکە لەبوون. زیندویەتیەکی ناوەکیە،زیندویەتیەکی چالاکە (10)زۆر توندو بەهێز ئامادەیە (11). چەمکی چالاکی پشتی بە یەکێک لە بڵاوترین وەهمی مرۆیی کۆمەڵگەی پیشەسازی مۆدێرن بەستوە. شارستانیەتەکەمان هەموی لـەدەوری تـەوەری چالاکی دەخولێتەوە، چالاکی بەمانای ئەوەی خەریکبیت،خەریکبوون بەمانای ماندوو بـوون،( ماندوبوون پێوستە لەرێگەی هیواکاندا ). لەڕاستیدا زۆربەی خەڵک چالاکن، ئاڕادەی ئەوەی ناتوانن تەحەمولی کارنەکردن بکەن، ئەوان کاتە بۆشەکانیشیان ئەگۆڕن بۆجۆرێک لەچالاکی. گەر هاتُ و لەپارە پەیداکردندا هیلاکنەبوون لەگەشتُ و یاری شەترەنج وهەڵەوەڕیەکی زۆرساکار، دەربارەی هەموو شتێک و هیچ شتێکیش نا، خۆیان ماندو ئەکەن .ئەوەی کە لەهەموی زیاتر جێگای ترسی مرۆڤە، ئەو کاتەیە کەڕاستی ئەو کارە نازانێتُ کەئەیکاتُ. ناولێنانی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانەیش، بەچالاکی تەنها مەسەلەی زاراوەیەکەو بەس،زۆربەی ئەو کەسانەی کەزۆر خۆیان بەچالاک ئەزانن بەداخەوە ئاگایان لەوە نیە، کەچەندە ناکاراو پاسیڤن، سەرەڕای ماندوویی زۆریشیان. ئەوان هەمیشە پێویستیان بەپاڵنەرێکی دەرەکی هەیە، ئیتر ئەمە خەڵکی تربێتُ، یان سینەماو سەفەرو جۆرەکانی تری وروژانـدن بێتُ، کەدەبێـنە هۆی تێکشکان و شڵەژان، ئەمانە پێویستیان بەهاندان هەیە، بۆپاڵنان لەبەشداریکردنی ڕاستەوخۆدا، پێویستیان بەکەسێکە ختوکەیان بداتُ بۆئارەزوو بزواندن. هەمیشە لەڕاکردندان و قەتُ ناوەستن. خۆیان زۆربەچالاک ئەزانن لەکاتێکدا واسواسی ئەوە ئەیان جوڵێنێـتُ، کەهەر کارێکیان دەستُ کەوێتُ بیکەن بۆڕاکردن لەو خەمەی کەڕوبەڕوبونەوەیان لەگەڵ خۆیان، تیایاندا ئەژێنیـتەوە.

هیوا بەهێزکەرێکی خودیە بۆژیان وپێشکەوتن، گەر ئەو دارەی خۆر لێی ناداتُ ڕویکردە ئەو لایەوە ڕوناکی لێوە دێـتُ، ئەوا ناکرێـتُ بڵێین داریش وەک مرۆڤ هیوای هەیە، چونکە هیوا دروستنابێتُ، گەر پەیوەندی دارنەبێتُ بە کۆمەڵە شتێکەوە، کەوا هەر دارێکی ئاسایی نیەتی. وەک سۆزو هۆشیاری...هتد، لەگەڵ ئەمەشدا لەوە ئەچێتُ هەڵە نەبێن، گەر بڵێین دارەکەیش هیوای بەخۆر هەیە، چونکە بەدوای ئەم هیوادا ئەگەڕێـتُ بەڕوکردنە لای ڕوناکیەکە. ئایا ئەمە جیاوازە لەمنداڵ و ئەو پێداویستیانەی هەیەتی بۆهەناسەدان و ئەو هیوای هەیەتی

بۆژیان، ئایا کۆرپەیی پاڵنان نیە بەرەو مەمکی دایک، ئایا کۆرپەلەیەک بەهیوای هەستانە سەرپێ و ڕێکردن نیە، نەخۆش بەهیوای چاکبونەوە نیە،زیندان بەهیوای ئازادبوون و برسی بەهیوای تێربوون نیە، ئایا هیوامان بە سبەینێ نیە لەکاتێکدا ئەنوین؟ ئایا کاری خۆشەویستی پێکنەهاتوە لە هیوای پیاو بە هێزو توانای خۆی لەبێدارکردنەوەی هیوای ژنەکە، بۆ ئاڵوگۆڕکردنی سۆزو عیشق لەگەڵیدا؟

**3- بڕوا {الایمان }:-**

کاتێک هیوا ون دەبێـت، لە ئێستادا ژیان هیچ مانایەکی نامێنێـت. هیوا ڕەگەزێکی ناوەکیە لەژیانداو دینامیکیشە لەبیردا. دواجار ڕەگەزێکی دیکەیشە لەبونیادە زیندەگیەکاندا، ئەوەی کە پەیوەندیەکی پتەو بەهیوایەوە گرێ ئەدات بڕوایە، بڕوا جۆرێکی ناوەکی بۆچون و مەعریفە نیە، بڕوا ئەوەنیە کەلەم و لەودا ئامادە بێت، بڕوای مرۆڤ ئەوەیە، کەوا بڕوابهێنێـت بەوەی کەبۆی نەسەلمێنراوە لەلایەن کەسی ترەوە، دەکرێت ئاگای هەبێـت بەو واقعە گونجاوەی و هۆشیار بێت بەوەی کەبەرهەمهێنەرە. دەکرێـت بڕوایەکی عەقڵانی هەبێت، لەکاتێکدا وابەستەی واقعێکی زانراو ئەبێت، ئەمە پێویستی بەتوانای پێزانین و ناسینی ئەو بناغانەوە هەیە، کەلەپشتی دیاردەکانەوەیە، بڕواش وەکو هیوا برێتی نیە لەبینینی دوارۆژ، بەڵکو بینینی ئێستایە کەلەدایک ئەبێت.

ئەو بۆچونەی کەدەڵێـت بڕوا موتڵەقە، جۆرێک خۆپارێزیمان لادروست ئەکات،ئەمە بەواتای بڕوای موتڵەقدێت، بەشتێکی مومکن نەک موتڵەق بەمانای پێشبینکردنی جیهان. دەکرێـت منداڵێک بەمردویی لەدایک بێت، مردوو بێت، ئەوسا لەدایکبێت، دەکرێت دووهەفتەی سەرەتای تەمەنی بمرێـت، ئەمەیە ناکۆکی بڕوا، بڕوای موتڵەق بەبێ دڵنیا بوون (12). مەبەست لەمەش بڕوای موتڵەق لەسنوری هەست وبینینە مرۆییەکان، نەک بڕوای موتڵەق بەسنوری دواین حەقیقەت و واقع. ئێمە پێویستمان بەبڕوا نیە بۆسەلماندنی ئەو شتانەی لەڕوی زانستیەوە سەلمێنراوە، یان ئەو شتانەی سەلماندنی مەحاڵە.بڕوا لەسەر بنەمای ئامادەیی ئێمە بۆژیان و گۆڕان پێکدەهێنرێت، بڕوا بەگۆڕانی ئەوانی تر لەتواناماندا ئەبێتە ئەزمونێک بۆگۆڕان. (13).

پێویستە جیاوازیەکی گرنگ لەنێوان باوەڕی عەقڵانی و باوەڕی ناعەقڵانی دروست بکەین (14)، لەکاتێکدا باوەڕی عەقڵی ئەنجامی چالاکی ناوەکی بیرو سۆزمانە،بۆیە باوەڕی ناعەقڵانی، ملکەچیە بۆهەر شتێکی دیاریکراو، کەوەک حەقیقەت قبوڵ بکرێت، بێبایەخدان بەزانینی ئەوەی، کە ڕاستە، یان نا، بۆیە ڕەگەزی سەرەکی هەموو جۆرە باوەڕێکی ناعەقڵانی، خاسیەتە بنەڕەتیەکەیەتی، ئیدی ئایا بابەتەکەی بتێک بێت، یان سەرکردەیەک، یان ئایدۆلۆژیایەک. تەنانەت زاناکانیش لە باوەڕی ناعەقڵانی و بیروباوەڕە کۆنەکان پێویستیان بەئازاد بوونە ، بۆئەوەی باوەڕێکی عەقڵانیانەی خاوەن توانای داهێنەرانەیان هەبێت. لەکاتێکدا دۆزینەوەکەی سەلمێندراو بێت، پێویستی بە بەبڕوا نامێنێت، گەر بێتو لەپێناوی هەنگاوی داهاتوی نەبێت، کەخەریکی هەڵهێنانێتی. لەچوارچێوەی پەیوەندیە مرۆییەکاندا، باوەڕی مرۆڤ بەکەسێکی تر، بەواتای ئەوە دێت، بەشێوەیەکی موتڵەق دڵنیا بێت لەسۆزی خۆی بەرامبەری، یان بەسەقامگیربونی هەڵوێستە بنەڕتیەکانێتی بەرامبەری،دەتوانین هەر لەوێوە بڕوامان بەخۆمان هەبێت. نەک لەدرێژبوونەوەی بۆچونەکانمان، بەڵکو لەهەڵوێستە بنەڕەتیەکانمان بەرامبەر ژیان و سروشت. بڕوایەکی لەم جۆرە ملکەچی ئەزمونی «منە «، بۆتوانامان لەسەر وتنی « من « بەمانای نمونەیەکە لەئێمە .

هیوا یەکسانە بەبڕوا، ناکرێت بڕوایەک درێژە بکێشێت، بێ ڕۆیشتنێکی سروشتی بەرەو هیوا،ناکرێت هیوا بناغەیەکی تری هەبێت، جگە لەبڕوا.

### 4-هێزی ڕۆح:

ئائێستایش ڕەگەزێکی تری پەیوەندیدار بەهیواو بڕواوە لەبونیادی زیندەگیدائامادەیە ، ئەویش چاونەترسیە، یان وەک ئەوەی سپینۆزا ناوی نابوو (هێزی ڕۆح) (15). دیارە ناولێنانی هێزی ڕۆح کەمتر تەمومژاویە، چونکە وشەی چاونەترسی زۆرجار بۆزیرەکی لەمردندا، زیاتر لەزیرەکی لەژیاندا بەکارئەهێنرێت.

هێزی ڕۆح، بریتیە لەتوانای بەرگریکردن لە چەواشەبوون و دواجاریش کەوتنە مەترسی هیواو باوەڕەوە، ئەوانەیکەهەر ئەوەندە گۆڕان بەرەو گەشبینیەکی بۆش و باوەڕێکی ناعەقڵانی، ئیتردەکرێت تێکبشکێن. هێزی ڕۆح بریتیە لەتوانای

وتنی « نەخێر « لە کاتێکدا هەموو خەڵکی حەزدەکەن « بەڵێ « ت لێ ببیستن، بەڵام چەمکی ڕۆح تەواو ڕۆشن نییە، گەر تەماشای ڕوکارەکانی تری نەکەین، کەبریتیە لە :- جوامێری،{ البساله } جوامێری نەلەهەڕەشەوە دروست ئەبێت و نەلەمردنیشەوە، هەر بۆیە وشەی جوامێری، زۆر هەڵوێستی جیاواز دەگرێتەوە، من لێرەدا سیان لەگرنگترین ئەو هەڵوێستانە دەخەمەڕوو:

یەکەم / دەشێت کەسێک جوامێربێت، لەبەر ئەوەی گوێنادانە ژیان، ئەنجامی ئەمەش وەها دەبێت، کەجوامێرانە ڕوبەڕوی مەترسیەکان دەبێتەوە، بەڵام لەکاتێکدا ئەو لەمردن ناترسێت، ئەوا دەکرێت لەژیان بترسێت، هەر بۆیە ئەم کەسانە بەجوامێری نامێننەوە، ئەو کاتانەی ڕەوشێکی وایان دەستناکەوێت، تاسەرەڕۆی بەژیانی خۆیانەوە تێدا بکەن. ئەمانە بەشێوەیەکی پراگماتی بەدوای هەڵوێستی مەترسیداردا ئەگەڕێن، بۆخۆشاردنەوەیان لەو ترسەی کەلەژیان و لە خۆی و خەڵکانی تریش هەیەتی.

دووەم / جوامێری ئەوکەسانەیە کەلەحاڵەتی ملکەچی بارمتەییدا ئەژین (symbiotic ) بۆ پەرستراوێک ، ئیتر ئایا پەرستراوەکە کەسێکە، یان دامەزراوەیەک، یان هەر هزرێکە.لای ئەمانە ڕاسپاردەکانی پەرستراو پیرۆزە، هەر بۆیە ناچاری پەرستنی دەبێت بەبایەخێکی زیاتر لەخەمی پاراستنی ژیانی خۆی، گەر بێتو تواناى ناکۆکی ڕاسپاردەکانی پەرستراوی هەبوایەو گومانی لێبکردایە، ئەوا دەیتوانی ڕوبەڕوی لەدەستدانی سەرچاوە ڕۆحیەکەی ببێتەوە. بەم جۆرەیش خۆی توشی مەترسی تەنها کەوتنەوە دەکات. ئەو کاتەیش مردنی زۆر لەم ژیانەی ئێستای پێ خۆشترە.

سێیەم / جوامێری کەسێکی پێشکەوتوی دڵنیایە کەژیانی خۆش ئەوێت. ئەو کەسەی کەوا زاڵ ئەبێت بە سەر چاوچنۆکیدا و ملکەچی بۆ هیچ پەرستراوێک و هیچ بابەتێک ناکات، دواجار شتێکی نیە کەپێویست بێت لەدەستیبدات.ئەم کەسە زۆر دەوڵەمەندە، چونکە هەر خۆیەتی بەڕوتی abstract ، بەهێزیشە، چونکە نەبووەتە کۆیلەی ئارەزوەکانی. توانایەکی باشی هەیە لەخستنە ڕووی پێشنیاری ئارەزوە ناعەقڵانیەکانی و بنەکانی، چونکە لەگونجانێکی تەواودایە لەگەڵ واقعدا، لەناوخودی خۆیداو لەدەرەوەشدا، گەربێتو کەسێکی وابگاتە حاڵەتی

ڕابونی تەواو، ئەوا دواتر لەهیچ شتێک ناترسێت، هەروەها جوامێریەکەی تەواو نابێت گەر بەرەو ئامانجێک بڕوات و پێی نەگات، هەمو کەسێک بەرەو حاڵەتی کامڵبونی خودی دەڕوات و هەست ئەکات کەهێزێکی لەهەست و دڵخۆشی لادروست ئەبێت، لەهەمو هەنگاوێکی تازەیدا بێدار ئەبیتەوەو هیچ بوارێک بۆگومان ناهێڵێتەوە.هەست ئەکات قۆناغێکی نوێی ژیانی دەستپێکردووە، ئەتوانێت هەست بەدەنگی خەیاڵی خۆی بکات، کەئەڵێت « لەبێ هیچ کۆشکێکم دروستکردوە، هەر بۆیە جیهان هەمووی مڵکی منە «.

هیواو باوەڕ بەسیفەتی ئەوەی دوو جەوهەری ژیانن،بەسروشتی خۆیان لەحاڵەتی ئێستایاندا روبەڕوی باڵابوونێکی ناکۆک دەبنەوە، ئیتر ئایا بەشێوەی تاک بێت، یان کۆ،هەر بۆیە گۆڕان ونەمانەوە لەسەر دۆخی سەقامگیر، لەهەر کاتێکدا یەکێکە لەسیفەتە تایبەتیەکان بۆهەموو ژیان.(16). ئەو ژیانەی توشی سستی وەستان دەبێت و بەرەو مردن ئەڕوات، گەر هاتو وەستانەکەی بەتەواوی بێت، ئەوا بەتەواوی دەمرێت. لێرەوە ئەوەمان بۆدەرئەکەوێت، کەژیان بەتایبەتمەندیە پڕجوڵەکەیەوە ئەیەوێت زاڵ بێت بەسەر وەزعی ئێستایدا و خۆی لێدەربازکات، لەوەوە ئیتر ئێمە بەهێز و لاوازیشین،عاقڵ و شێتیشین، ئازاو ترسنۆکیشین، هەمو چرکەیەکی ژیانمان دەبێتەجۆرێک لەهەڵهاتن، لەپێناوی باشترو خراپتردا،یان ئەوەتا کەئێمە تەمبەڵی و چاوچنۆکی و ڕقمان بەهێز ئەکەین، یان ئەوەتا لاوازی ئەکەین، هەرکاتێک بەهێزمان کردبێت، بەهێزەوە دەرچووەو هەر کاتێکیش لاوازمان کردبێ لاواز بووە.

ئەوەی دەربارەی تاک ڕاستبووە دەربارەی کۆمەڵگەیش ڕاستە ، کۆمەڵگە هەرگیزلەدۆخی وەستاندا نابێت ،گەر پێش نەکەویت، ئەوا بەرەو نەمان ئەڕوات،گەر ڕەوشی ئێستای ئێنەپەڕاند بەرەو باشتر، ئەوا بەرەوە خراپتر ئەڕوات.. زۆر جار وەهمێکی وا ئەکرێت، کەوا ئەو خەڵکانەی کۆمەڵگە پێکدێنن، دەشێت بەنەگۆڕی بمێننەوە و نەتوانن هیچ بارو دۆخێک، بەهیچ ئاراستەیەکدا بگۆڕن، لەسەر ئەم بنەمایش، گەر ئێمە بەردەوام بین لەمانەوە، ئەوا مانای وایە ئێمە دەستمانکردوە بە ڕوخان.

**5- ژیانەوە :-**

چەمکی گۆڕانی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی، ناچارمان دەکات جارێکی تر پێناسەی وشەی ژیانەوە بکەین، بێگەڕانەوەمان بۆناوەڕۆکە لاهوتیە مەسیحیەکەی، وشەی ژیانەوە لەمانا نوێکەیدا، کەوا دەکریت مانا مەسیحیەکەی، یەکێک لەگوزارشە ڕەمزیەکانی بێت، بریتی نیە لەخوڵقاندنی واقعێکی ناکۆک بەوەی ئێستا، بەڵام ناردنی ئەم حەقیقەتە واقعیە بەئاراستەیەکی دینامیکی گەورەتردا، مرۆڤ و کۆمەڵگە لەهەموو چرکە ساتێکدا لەهیواو باوەڕدا دەژێنێتەوە، لەئێستاو لێرەدا هەموو کارێکی خۆشەویستی و بێداربوونەوەی نۆستالیژیا {حنین } ژیانەوەیە.هەموو کارێکی تەمبەڵی و چاوچنۆکی و نەرجسیەت مردنە.لەهەمو چرکەساتێکدا(( بوون )) ڕوبەڕومان ئەبێتەوە بۆهەڵبژاردنمان لەنێوان ژیان و مردندا. دیارە هەموو جارێک وەڵامدانەوەمان ئەبێت. وەڵامەکەمان لەوەدا نیە کە دەیڵێین و بیری لێ ئەکەینەوە، بەڵکو لەوەدایە بەچ ڕێگایەکداهەڵسوکەوت دەکەین و بۆچ ئامانجێک تێدەکۆشین .

**6 - هیوای ڕاستگۆیانە :-**

هەر یەک لەهیواو بڕوا و ئەم ژیانە دنیاخوازەیش گوزارشی کلاسیکی خۆی لای پێغەمبەران دۆزیەوە،ئەوان وەکو کساندەر (17) ناچنە پێشەوەی دوا ڕۆژیان و نمایندەیەک بن لەتراژیدیای یۆنان، ئەوان تەماشای واقعی ئێستا ئەکەن، کەلەدیاریکردنی ڕای گشتی و دەسەڵاتدا پوخت ئەبێنەوە. ئەوان نایانەوێت خۆیان پێغەمبەر بن،بەڵام واهەستدەکەن ناچارن بە ڕاگەیاندنی دەنگی ویژدانی خۆیان، ڕاگەیاندنی مەعریفەتیان و تواناکانی بینینیان، خەڵکی ئاگادارکەنەوەو هەمووخواستێکیان بۆ روون کەنەوە بەشێوەیەکی ڕۆشن،. هەموو مەبەستەکانیان لێرەدایە،خەڵکی بایەخیان هەیە بۆ خۆهۆشیار کردنەوەیان و گۆڕینی ڕێگاکانی درێژبونەوەی مانەوەیان، چونکە زمانی پێغەمبەرایەتی بەردەوام زمانی خیارو هەڵبژاردن و ئازادی بووە، قەت زمانی حەتمیەت نەبووە بەرەو باشتریان خراپتر، کورتترین دارشتنی خیاری پێغەمبەرانە ئەم ئایەتەی « دۆتیرونوم « ٥ :-» ئەمڕۆ ئێمە ژیان ومردنتان پێشکەش ئەکەین، دەئێوەیش ژیان هەڵبژێرن،»(18).ئەمە

ڕوئیایەکی پوختەیە لەئادابی پێغەمبەرانەدا چڕبوەتەوە، لەگرژی نێوان ئەوەی ئامادەیەو هەیەو ئەوەیش کەلەگواستنەوەدایە و دەمێنێـتەوە بۆجێبەجێبوون.(19) بیرۆکەی سەرفرازی لەسەر دەمەکانی دوای قۆناخی پێغەمبەرایەتیدا، ماناکەی دەگۆڕێت، لەکتێبەکەی دانیالدا، نزیکەی ساڵی 164 پێشزاینی. لەدوای ئەمەوە ئەدەبی هەڵکۆڵراوی نەناسراو هەیە، کەنەخرایە، ڕیزی سەردەمە کۆنەکانەوە، ئەم ئەدەبە لەبیرۆکەیەکی ستونی پێکدێـت، بۆسەرفرازی بەرامبەر بەو بیرۆکە ئاسۆییەی پێغەمبەران لەڕوی مێژوییەوە (20). هەربۆیە جەختیکردەوە لەسەر ناردنی ئاکە کەس لەچوارچێوەیەکی فراواندا لەکۆتاییەکی ناخۆشی مێژودا کەبەکارەساتی کۆتایی هەمووشتەکان دوایی دێـت. ئەم گێڕانەوە قیامەتیە، گێڕانەوەی خیارەکان نیە، بەڵکو گێڕانەوەی پێشبینیکردنە، ئەمە گێڕانەوەی ئازادی نیە، بەڵکو گێڕانەوەی حەتمیە.

ڕوئیای سەرەتای پێغەمبەرانە ی خواستی لەنەریتە تەلمودی و خوداییەکانی دواتـردا سەر ئەکەوێـت، بیرۆکەی مەسیحیەکانی سەرەتا، زۆر کاریگەر بوو بەگێڕانەوەکانی بیرۆکەی مەسانی قیامەتی. سەرەڕای ئەوەی کەنیسە بەشێوەیەکی ناکۆک و لەچاوەڕوانیەکی نیگەتیڤدا، وەک دامـەزراوەیـەک، ئادەهات زیاتر سەربازیدەکرا.

وادیارە بیرۆکەی پێغەمبەرانە لەچەمکی « هاتنی دووەم « بەزیندویی مایەوە، ئەوە بوو لێکدانەوەیەکی پێغەمبەرانەی بۆباوەڕی مەسیحی دۆزیەوە، زۆرجار گوزارشکردنەکەی لەچوارچێوەی ئایفە شۆڕشگێڕو هەرتۆقیەکاندا بوو، باڵی کەنیسەی کاسۆلیکی ڕۆمانی دەریخست، کەچۆن وەک عەقیدە مەسیحیەکانی تر بە ئاشکرا گەڕانەوە بۆپرەنسیپی پێغەمبەرانە. ئیتر ئایا بۆهەڵسو کەوتە خواستیەکەی بێـت، یان بۆئەو چەمکەی، کەوا دەکرێت بەپێی ئەوە مەبەستە ڕۆحیەکان، لەسیاقە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا جێبەجێبکرێت.

لەدەرەوەی کەنیسەدا، مارکسیەتی شۆسیالیستی سەرەتایمان هەیە، کەوا گوزارشکردنێکە زۆر لەبینینی مسیانی دەچێت (21). ئەمە بە زمانێکی عیلمانیانە ڕۆشنکراوەتەوە، بەڵام دواجـار لادانەکانی کۆمۆنیزم لەپەیامەکەی مارکس ڕوخاندیان. ڕەگەزی مسیانیانەی مارکسیەت ئەو زمانەی دۆزیەوە، کەلای مارکسیە

هیومانیزمەکان گوزارشیان پێئەکرد، بەتایبەت لە یوگسلافیا، چیکۆسلۆفاکیا، پۆلۆنیا، هەنگاریا. ئەوەبوو مارکسیەت و مەسیحیەت لەئاستی جیهانیدا، بەپشت بەستن بەکەلەپوری مسیانی هاوبەشی نێوانیان دیالۆگیان دەستپێکرد. (22)

**7- داڕوخانی هیوا :**

لەکاتێکدا هیواو باوەڕ و هێزی ڕۆح پێوستە بۆ ژیان، ئەوانەی وا هیواو باوەڕو هێزی ڕۆحیان لەدەستداوە و حەز لەکۆیلەیەتی و پاشکۆیەتی خۆیان ئەکەن، چۆن دەتوانن بژین و درێژە بەبوونی خۆیان بدەن ، ئەمە جۆرێکە لەتوانای ونبوون کە، بەدیاریکراوی زۆر تایبەتمەندە لەبوونی مرۆڤایەتیدا ، ئێمە لەو ڕوانگەوە خۆشەویستی ئەکەین کەلەهیواو باوەڕو هێزی ڕۆحەوە سەرچاوەی گرتوە،ئەمانە تایبەتمەندی نەستین « بێبیرۆکە و بێجوتبوونی بایۆلۆجی و بێگەشە کردنی ( جیناتْ ) و تەوا بوونی دروستْ ئەبێتْ. بەڵام ئەو ئاڵو گۆڕانەی بەسەر ژینگەدا دێتْ، یان بە ڕێکەوتْ لە سەرەتای ژیاندا ڕووئەداتْ، ڕۆڵی خۆی لەسەر مەیسەربونی هیوا، یان کۆسپ خستنە ڕێگەی هەیە.

زۆر لەئێمە لەهەوڵی ئەوەدایە خۆشەویستْ بێتْ لای خەڵکی تر، ئەمە نەک لەبەرئارەزوی نازداربونیان، بەڵکو بۆئەوەی ئێیان بگەن وبایەخیان پێبدەن و ڕێزیان لێبگرن. زۆرمان بەئاواتەوەیە توانای بەدەستهێنانی متمانەی هەبێتْ. ئێمە لەمنداڵیماندا هێشتا فێری درۆکردن نەبویین، وەکو داهێنانێکی مرۆیی، مەبەستْ هەر درۆکردن نیە لەقسە کردندا، بەڵکو درۆکردن لەنواندن و هەڵسوکەوتْ و گوزارشی ڕوخساریش ئەگرێتەوە. باشە بەچ جۆرێک منداڵ ئامادە ئەکرێتْ بۆئەم داهێنانە تایبەتیەی مرۆڤ، کەدرۆکردنە، ئێمە هەمومان دەرک بەوەئەکەین زۆرجار خەڵکی بڕوایان بەوە نیە کە ئەیڵێن. یان ئەوەی ئەیڵێن پێچەوانەی باوەڕیانەوەیە، مەبەستمان هەر خەڵک نیە بەگشتی، بەڵکو ئەوانەی کەمتمانەمان پێیانە، وەک خزم وکەسو کارمان، مامۆستاکانمان، سەرکردەکانمان.

**8- بلوغ**

ئەوکەسانە زۆر کەمن کەوا لەساتێک لەساتەکانی پێشکەوتندا دەر باز ئەبن لەنائومێدی حەتمی ئێروانین و هزرەکەیان، یان هەندێک جار داڕوخانی تەواوی. ئایا دەکرێت ئەمە شتێکی باش بێت، گەر کەسێک ئەم بێهیواییە ئەزمون نەکات، چۆن هیوایەکی بەهێزی پێ دروست ئەبێت؟ چۆن ئەتوانێت خۆی دورخاتەوە لەمەترسی ئەوەی، ببێتە خەونبینێکی گەشبین؟ سەرەڕای ئەمەش زۆرجار هیوا بەهۆی ئەوەی کەنادۆزرێتەوە، توشی ناسەقامگیری زۆر ئەبێت .

لەڕاستیدا وەڵام و کاردانەوەی داڕوخانی هیوا هەمە ڕەنگەو پەیوەندیدارە بەزۆر بارودۆخی جیاوازەوە وەک :- مێژوی، کەسایەتی، سایکۆلۆجی، بونیادی.. هەموو خەڵک وەڵامی بێهیواییەکەیان ئەدەنەوە بەخۆگونجاندنیان لەگەڵ گەشبینیەکی میانڕەودا. ئەوانەیان کەهیوایەکی باشیان هەیە، ئەوانەن کەوا ئەم گەشبینیە ڕائەگەیەنن، بێئەوەی کەمەبەستیان بێت قوڵببنەوە لەوەی، کەئەوەی ڕوئەدات نەک هەر باشتر نیە، بەڵکو دەشێت خراپتریش بێت. خەڵکی کاتێک ببینین کەسێکیان ڕەنگیان زەرد هەڵگەراوە، لەجیاتی ئەوەی هۆشیاربن بەنائومێدیەکەیان،لەکاتی نائومێدی دەستبەجێ وەک ئەوە خۆیان دەر ئەخەن کەبەشداری ڤستیڤاڵێکی جەماوەری گەورەبوون .

ئەوان بارودۆخی خۆیان دەگونجێنن، لەگەڵ ئەوانەی دەتوانن بەدەستی بێنن و ئەو شتانەیش لەدەرەوەی توانای بەدەستهێنانیاندایە و تەنانەت خەونیشی پێوە نابینن، وەک چەند ڕەگەزێکی پێکەوە گونجاو کەهەر لەبناغەوە گونجاو بێت، قەت هەستناکەن بەوەی کەنائومێدین، چونکە کەسیان ئەوەی پێوە دیار نیە، کەهەست بەنائومێدی بکات، ئەمانە وێنەی ڕەونێکی گەشبینی کۆسپ دروستکەرن، کەدەتوانین شوێنیان کەوین و لە کۆمەڵگەی خۆرئاوایی هاوچەرخدا بیان بینینەوە، بەو پێیەی کە گەشبینیەت لەڕاهاتنی کۆسپە دروستکردن لە نەستدا هۆشیارە.

یەکێک لەئەنجامەکانی تری داڕوخانی هیوا : توندکردنەوەی دڵە ، زۆربەی خەڵک، گەنجە نیمچە هەرزەکارەکان، یان خەڵکانی تری ناڕازی هەن، کە ئیتر لەهیچ کاتێکدا توانای ئیهانەکردنیان نییە. بەشێوەیەکی لەناکاو، یان

لەژێرهەر کاریگەریەکدا بێت، هەندێکیان بڕیاری ئەوەیاندا، کە بێزار بوون و هیچ هەستێکیان بەرامبەر دوا ڕۆژ نیە. هیچ کەسێک نیە بتوانێت ئەمانە ئیهانە بکات، لە کاتێکدا کەتوانای ئیهانەکردنی خەڵکی تریشیان هەبێت.ئەم جۆرە خەڵکە گلەیی لەخراپی شانسی خۆیان ئەکەن،بەهۆی نەدۆزینەوەی هاوڕێی چاک و خۆشەویستەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە کەمبەختی نیە، بەڵکو چارەنوسیان وەها هاتوە. ئەوان کاریگەری ناکەنە سەر هەستی هیچ کەسێک، لەکاتێکدا بەزەیی و مەعریفەیان لەدەست ئەدەن، وە توانای زێتر هەڵچونیشیان نیە. سەرکەوتنەکانی ئەمانە لەژیاندا دەگەڕێنەوە بۆئەوەی کەپێویستیان بەکەس نیە. شانازی بەوەوە ئەکەن کەخۆپارێزن لەهەمو لایەکەوە بەشێوەی شەرعی، لەتوانای خراپە کاری خۆیان ڕازین،بیانوی ئەمەش دێننەوە بەدەلالەتی فاکتەری کۆمەڵایەتی زیاتر لەسایکۆلۆجی، زۆربەشیان بەچەق بەستویی دەمێننەوەو بێزارو نائومێد دەبن، تادوا ڕۆژی ژیانیان. زۆر جار ئەوەیش ڕوئەدات کەبتوانن ئەم حاڵەتەیان بەشێوەیەکی موعجزە ئاسا تێپەڕێنن، ئەمە مانای وایە کەتوشی کەسێک ئەبن کەبایەخیان پێئەدات و ئەو هەستەیان لادروستئەکات، کەمتمانەی پێئەکەن و پێیەوە پابەند ئەبن، دواجار بەسەر چەند ڕەهەندێکی نوێی هەستە کاندا ئەکرێنەوە.

لەداڕوخانی هیوادا ئەنجامێکی زۆر ترسناکتر هەیە،ئەویش ئارەزوی ڕوخاندن و توندوتیژیە، چونکە مرۆڤ ناتوانێت بەبێ هیوا بژی، هەر بۆیە ئـەوەی هیوای ڕوخـا، ئیتر ڕقی لەژیان ئەبێـتەوە،بۆیە ئەو کەسە توانای دروستکردنی ژیانی نیەو ئەیەوێـت بیڕوخێنیـت، بێگومان ڕوخاندنیش زۆر ئاسانترە لەدروستکردن،ئەو دەیەوێـت تۆڵە لەژیانێک بکاتەوە کەتیایدا نەژیاوە تیایدا، ئەوا ئیتر دەربەستی ڕوخاندنی هەمو ژیانگەی ئەمانی تر، یان ڕوخاندنی ژیانیخودی خۆیشی نایەت،(23)

هەمو جارێک کاردانەوەی کاولکارانەی هەڵقوڵاو لەداڕوخانی هیواوە، لای ئەوانە ئەبینینەوە، کەوا بەهۆی بێبەشی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە، لەو ئمتیازانەی کەزۆربەی کۆمەڵ لێی بەهرەمەندن بێبەش بوون، و لەم حاڵەشدا نازانن ژیانی خۆیان لەڕوی کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە بەچ ئاراستەیەکدا ببەن. ئەوەی کەوا دەبیـنە هۆی ڕق و توندوتیژی بەشێوەیەکی سەرەکی بێبەش بوون نیە لەمافە

ئابوریەکان، بەڵکو ئەو بەڵێنانەیە کە مانەوەی بارودۆخە نائومێدەکەی کردوەتە شتێکی حەتمی، گومان لەوەشدا نیە کەوا گروپە نائومێدەکان کەبەوپەڕی توندو تیژیەوە هەڵسوکەوت ئەکەن، ناگەنە تەنانەت نزمترین پلەی نائومێدیش، چونکە هیچ تروسکەیەک هیوایان نیە. ئەمانە کەمتر توندوتیژن لەوانەی، کەوا هەمو توانایەکیان بەکارئەهێنن، بۆ ئەوەی هیوایان هەبێت. کەچی لەهەمانکاتیشدا دەستکەوتی مەحاڵ لەهیواکەیان بەدەست دێنن. گەر بەزمانی دەرونزانی وەسفی بکەین، ئارەزوی کاولکاری بەدیلی هیوایە، ڕێک وەکو چۆن مردن بەدیلی ژیان و خۆشەویستیە و دڵخۆشیش بەدیلی خەمە.

هەر تاکەکەس نیە، کە پێویستە بەهیوا بژی، بەڵکو نەتەوەکان و چینە کۆمەڵایەتیەکانیش پێویستیان بەهیواو باوڕو هێزی ڕۆح هەیە، گەر بێتو ئەم وزە شاراوەیان لەدەستدا، ئەوا ئیتر هەموو ئەو وزانە لەدەستئەدەن، کەوا بۆ پێشکەوتن پێویستیان پێیەتی،ئیدی بەکەم بوونەوەی زیندویەتی بێت، یان گەشەکردنی ئـارەزووی کاولکاری. هەر بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین، کەوا گەشەکردنی هیواو بێهیوایی لای تاک، تائاستێکی فراوان پابەندە بەئامادەیی هیواو نائومێدی لای کۆمەڵگە، یان چینەکەی. ئەو ناسەقامگیریەی کەهیوای تاکە کەس لەمنداڵیدا توشی ئەبێـت، هەرچۆنێک بێت، ئەوا گەر بێتو دوای ماوەیەکی تر بۆزەمەنێکی کورتیش بێت، بەهیواوە بژی، ئەو کات دڵ بەژیان خۆشئەکاتەوە. سەرەڕای ئەمەش ئەو کەسەی کەئەزموونی تایبەتی خۆی بەرەو هیوای ئەبات، گەر بێتو گەلەکەی و چینەکەی هیوای تیا نەبێت، ئەوا زۆربەی جارەکان بەرەو بێزاری و نائومێدی ئەڕوات .

لەسەرتای جەنگی جیهانی یەکەمدا،بەتایبەت لەتێکشکانی یەکگرتوی دژ بەئیمپریالیزم لەئەمریکا لەکۆتایی سەدەی ڕابردوودا، بەشێوەیەکی خێرا هیوا لەکۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا بەرەو نەمان چوو، پێشتر باسی ئەوەمکرد کەچۆن نائومێدی هەندێک جار لەپشتی ڕوپۆشێکی گەشبینانەوەو هەندێک جاری تریش لەبەرگی پوچگەراییەکی شۆڕشگێڕەوە خۆی دەشارێتەوە.ئەوەی کەمرۆڤ بەلای خۆیەوە ئەتوانێـت بیری لێبکاتەوە، گرنگی زۆر کەمترە، بەبەراورد بەوەی هەستی پێئەکات کەراستگۆیانە، بەڵام زۆربەمان بێئاگاین لەوەی هەستی پێئەکەین.

نیشانەکانی نائومێدی هەمووی لەوێدایە، تەماشای گوزارشێکی دڵتەنگانە بکە لای هەر کەسێکی ئاسایی، لەدەست دانی پەیوەندی لەناو خەڵکیدا، لەکاتێکدا هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی ئەدەن بەشێوەیەکی زۆر نائومێدانە، سەرنجی ئەو بێ تواناییە بدەن کەلە پیلانەکانی زاڵبوون بەسەر پیسبوونی ژینگەو ئاو و هەوای شارەکاندا هەیە، یان لەرێگەگرتن لەو برسێتیە چاوەڕوانکراوەی، کە هەڕەشە لەهەندێک لەوڵاتانی هەژار ئەکات، ئەمە بێئەوەی بچینە ناو گفتوگۆکردن لەمەڕ بێتوانایی لەچارەسەرنەکردنی ئەو مەترسیەی کەهەمومانی گرتوەتەوە، ئەویش چەکی هایدرۆجینە. سەرەڕای ئەو قسانەی کە ئەتوانین دەر بارەی هیوا بیکەین، کەمتەرخەمی و بێتوانایمان لەکارکردن و نەخشەکێشان، لەپێناوی ژیاندا نائومێدیەکەمان شەرمەزار ئەکات.

بەگشتی ئێمە هۆکارەکانی ئەم نائومێدیە نازانین، کەڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ئەبێـت، پێش ساڵی (1914) خەڵکی پێیوابوو جیهان لەئارامیدایە، ئیتر ئەو شەڕە بێکەڵکانەی کە لەژیانی مرۆڤایەتیدا ڕویاندابوو، بووبوونە بەشێک لەکەلەپوری ڕابردوو.ئەوە بوو جەنگی جیهانی یەکەم ڕویدا، شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیاش ڕویدا لەگەڵ گاڵتە جاڕی ئەو قسانەی دەکرا لەسەری لەلایەن وڵاتانی خۆرئاواو یەکێتی سۆڤێتەوە، دواتر شەڕی جیهانی دووەم ڕویدا بوو بە بەلایەک بۆ سەر دانیشتوانی شار نیشینی جیهان، کە جەنگی ڤێتنامیش ڕویدا حکومەتی ئەمریکا هەوڵی ئەدا، گەلێکی بچوکی ئازادیخوازی تیا پاکتاو بکات، جگە لەمانەش هیچکام لەدەوڵەتە گەورە کان هەنگاوێکیان نەنا، بەئاراستەی بەخشینی هیوا یەک بەهەموا ن، وەک وازهێنان لەچەکی نەوەوی و متمانەکردن بەحیکمەتی وڵاتانی تر، بۆئەوەی کەڵک لەهەنگاوێکی وا وەربگرن، تائێستایش ئەم نائومێدیە، هۆکاری تری هەیە بەتایبەتی پێکهاتەی کۆمەڵگەی پیشەسازی وەرچەرخاوە بۆ بیرۆکراتیەت بەشێوەیەکی تەواو، من هەوڵئەدەم داهاتوو کار لەسەر کەموکوڕیەکانی تاک بەرامبەر میکانیزمەکانی ڕێکخستن بکەم.

گەر ئەمریکاو جیهانی خۆرئاوایی حاڵەتی نائومێدی نەستی و کەمی باوەڕو هێزی ڕۆح وەکو خۆی دەهێڵێتەوە، واچاوەڕوان دەکریـت ئیتر توانای ئەوەیان نەبیـت، بەرگری چەواشە بوونی تەقاندنەوەی چەکی ئەتۆمی بەهێزیان

هەبێـت، کەئەمەش دەبێـنە هۆی دانانی سنورێک بۆهەمەوو کێشەکان -- کێشەی زۆربونی دانیشتوان، ئاڕادەی ئاسان و برسێتی و غەمناکی -- لەسنورێکدا کە هەموو ژیان دەسڕێتەوە.

پێشکەوتن بەئاراستەی سیستەمێکی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی، کەبکرێـت مرۆڤ پابەند کات، گرێدراوە بەتوانای ئێمەوە لەکۆنترۆڵکردنی نائومێدیماندا. سەرەتا دەبێـت وشیار بین و بگەڕێین، گەر توانایەکی ڕاستە قینە لەئارادایە بۆگۆڕانکاری ڕۆشنبیری و ئابوری و کۆمەڵایەتی، بەئاراستەیەکی نوێدا، بۆئەوەی بواری ئەوەمان بداتێ هیوایەکی نوێ بونیاد بنێین، هیوا بەبێ ئەو توانا ڕاستە قینەیە، دەبێـنە شێتیەکی پەتی، بەڵام گەر توانایەکی وەها هەبوو، ئەوا هیوا یەکی داڕێژراویشمان ئەبێـت، ئەوکاتە هیوایەک ئەبێـت کەلەسەر بنەمای هەڵبژاردنی خۆمان و وەرگرتنی ئەلتەرناتیفی نوێ دروستبووە، وەک چۆن پێشتر لەسەرکاری نەخشە بۆکێشراو بونیادنرابوو بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئەلتەرناتیفە نوێیە.

**پەراوێزەکان**

1 – وشەیەکی تێکەڵە لەهەردوو گوزارشتی تەکنۆلۆجیاو ئەلکترۆن.

–2 ڕوبەڕوبونەوەی « کۆمەڵگەی تەکنۆلۆجی ئەلکترۆنی « / بەرگی یەکەم (ینایر 1968 / ل 19 )

3 – لەتەکنۆلۆجیاو سەرەڕۆیی سەردەمدا / کتێبخانەی ا. کولان (1954)

–4 ئەفسانەی ئامێر : لویس موم فورد ( نیورک،هارکور،ترایس اند ورلد،1966)

–5 لەزمانی ئیسپانیدا وشەی هیوا بەمانای esperar چاوەڕوانبە ،attendre وهیواو esperar لەیەک کاتدا. بەڕۆشنی ئەوە دیارە پەیوەندیان هەیە بەم هیوا نیگەتیڤەوە کەمن ئەمەویـت وەسفی بکەم.

–6لە ( غەریزەو خۆشەویستی وشارستانیەتدا ) وەلە ( مرۆڤی ئاک ڕەهەند) ی هیربرت مارکیوز دا نائومێدیەکی وەک ئەم نائومێدیە بەئاشکرا

دەرئەکەوێت ، هەمو بەها نەرێنیەکانی وەک، سۆز، خۆشەویستی، دڵەڕاوکێ، بەرپرسیارێتی، هیچ مانایەکی نابێـت لەکۆمەڵگەی پێش تەکنۆلۆجیدا، بەڵام لەکۆمەڵگای تەکنۆلۆجیدا ( کۆمەڵگای بێسەرکوتکاری و بێ ئیستغلال) مرۆڤێک دێنێت، کەهیچ شتێکی نامێنێت لێی بترسێت تامردن. مرۆڤ ئەو پێداویستیە بێ سنورانەی خۆی گەشە پێئەدات.دەرفەتیشی ئەبێت بۆڕازیکردنی ئارەزوە سێکسیە هەمە ڕەنگەکانی، ( خوێنەر دەنێرم بۆ سێ لێکوڵیەنەوەکەی سێکس لەتیۆری فرۆید) بەکورتی واچاوەڕێ دەکرێت کەمرۆڤی کۆتایی توشی لادان بێت، ئاڕادەی ژیانێکی مشەخۆرانە. گەڕانەوە بۆ بەختیاری سک تێرکردن بەشێوەی منداڵی شیرخۆر. هیچ سەیرنیە مارکیوز بەو نائومێدیە کۆتایی هاتوە، تیۆرێکی پەشێوانەیە لەکۆمەڵگەدا، کەرەستەی ئەوەی پێ نیە ئەو جیاوازیانە نەهێڵێـت لەنێوان ئێستاو دواڕۆژدا هەیە : هیچ بەڵێن و مژدەیەک ناداتـ، سەرکەوتونەبو ەو هەر بەنیگەتیڤی مایەوە. لەشوێنی خۆیدا بەئەمینی مایەوە بەرامبەر ئەوانەی هیچ هیوایەکیان نیە، کە دەکرێـت هەمو ژیانی خۆیان ببەخشن بۆڕەتکردنەوەیەکی مەزن. ( مرۆڤی تاک ڕەهەند/ ل: 281 ). ئەم قسانە ڕادەی هەڵەی ئەوانە دەرئەخات کەسەرسامی مارکیوزن، یان هێرشی ئەکەنە سەر بەسیفەتی ئەوەی مامۆستایەکی شۆڕشگێڕبووە. لەکاتێکدا شۆڕش هەرگیز لەسەر بنەمای نائومێدی بینا ناکرێـت. مارکیوز زۆر بایەخی بەسیاسەتیش نەئەدا . گەر مرۆڤ هەستی نەکرد پەیوەندیەکی بەگۆڕنکاریەکانی ئێستاو دواڕۆژەوە هەیە، ئەوا بەدوای سیاسەتدا ناگەڕێـت، هەر جۆرە سیاسەتێک بێت ڕادیکاڵی بێت یان پێچەوانەکەی. مارکیوزیش وەک هەر ڕوناکبیرێکی تری بێبەش و داماو نائومێدیە تایبەتیە کەی خۆی کردە تیۆرێکی ڕادیکاڵی، نەزانینی و ئاڕادەیەکیش هەستـ نەکردنی بەفرۆید، بووە هۆی ئەوەی بەداخەوە بواری ئەوەی بدات نێکەڵەیەک بکات لەنێوان فرۆیدیزم، ماتریالیزمی بۆرژوازی و هیگڵیەتێکی شارەزا کەبەلای ئەو و ڕادیکاڵەکانی تریشەوە دروست بوبو. کەئاستی تیۆریان زۆر پێشکەوتو بو، لێرەدا بواری ئەوە نیە بیسەلمێنبن کەئەمە زیندە خەونێکی ساویلکەی دەماغی ونامەعقوڵ بوو ، زۆر ناواقعی و خاڵی لەژیاندۆستی بوو.

7-پێم خۆشە سەرنجتان بۆقسە کردن لەسەر « نەستـ « ڕابکێشم

کەئەمەش دەبێنـە شێوەیەکی تری زمان و فکری ئەوانەی کێشەیان هەیە،دیارە هیچ شتێک نیە وەک ئەندامێک یان هەر شتێکی تر لەبۆشاییەک پڕبکاتەوە و ناوی نەست بێت . ئەوەی بەم ناوە مەبەستمانە ئەرکێکی دەرونیە نەک ئەندامێکی جێگرو دیار .

8-وەک ئەم تێبینیەی خوارەوە ئاماژەی بۆئەکات دانەر (activity ) زیندویەتی، چالاکی، جیائەکاتەوە لە ( activiness ) پڕلەچالاکی و زیندویەتی، هەروەها هەمان جیاوازی ئەبینینەوە لەنێوان ( passsivity ) سلبی و ( passiveness ) .

9-لەبەکارهێنانی activiness لەجێگەی گوتەی activity قـەرزاری پەوەندیەکی تایبەتم بەمیخایل ماکوبی یەوە بەو جۆرە من زاراوەی passiven ess بەکاردێنم لەجێگەی passivitty ئەمە لەو چوارچێوەی کەزاراوەکان پەیوەندیان بەحاڵەتێکی عەقڵیەوە هەبێت.

من لەچەند کتێبێکدا باسی کێشەی چالاکی و ناکارایم کردووە لەپەیوەندیدا بەئاراستە کردنی بەرهەم هێنەرانەدا ، پێم خۆشە سەرنجی خوێنەر ڕاکێشم بۆئەو لێکۆڵینەوە بەنرخ وقوڵەی دەربارەی چالاکی و ناکارایی لەکتابی Metamorfhosis ی ئەرنست شاشتیل ( نیورک : بازیک بوک 1959.

10-لەزمانی جولەکەدا وشەی باوەڕ بەواتای موتڵەق دێت، وشەی (amen ) بەواتای ( بەدڵنیاییەوە ) دێت.

11-پێویستی بەموتڵەق لەبەشی سێیەمدا باسی دەکەین.

12- لەبەشی چوارەمدا گفتوگۆلەسەر مەدلولەکانی « عەقڵانی « و « ناعەقڵانی « دەکەین.

(5) تێبینی وەرگێڕی عەرەبی / ڕەوشـت : سبینوزا.چاپی کلاسیکی :غارنیر 153 وەرگێڕانی ( شارل ئەبو هن ) بەشی سێیەم : شەرحی دۆزەکە 59.هیچ بوارێک نیە بۆقسەکردن لەسەر ژیانی ئۆرگانی و مادی و نائۆرگانی هیچ سنورێکیش نیە لەنێوانیاندا. جیاکاریە تەقلیدیەکان لەڕوی بایۆلۆجی و زانستی بۆماوە زانی ئێستاوە بەتەواوی جێگەی پرسیارن، بەڵام لەوانەیە بکەوینە هەڵەوە گەر واتێبگەین کەئەم جیاکاریکردنە تەواو کەڵکی نەماوە.

13-( cassandre ) کوڕ ی بریانە و هیکوب لەلایەن ئەبوللونەوە بەهرەی

پێشبینی کردنی دواڕۆژی پێبەخشرا،خودا وای نوسی کەهیچ کەسێک بڕوا بەپێشبینیەکانی نەکاتن.بەتێکشکانی تەرواده کەئەو پێشبینی کردبوو هەرچەندە کەس بڕوای پێنەئەکرد، ئیتر لەو کاتەوە بووە کۆیلەیەکی ( ئاغاممنون ) و هەر کە گەیشتە یۆنان کوژرا. ئیتر لەو کاتەوە ناوەکەی بو بە نمونەیەکی دوربینی.

14–بەشێوەیەکی زۆرورد باسی سروشتی خیاریانەی پێغەمبەرانەم کردووە لەکتابی You shall be as gods (nyw) york:Holt، Rienhart andwinsion. 1967 تەماشا ی هەمان کتاب بکە گفتوگۆی ئاراستەی بینینخوازی لەفکری یەهودی مسیانی بەبەراورد لەگەڵ ئاراستەی خیاری ڕەسەندا.

15–جولەکەو مەسیحیەت :لیوبیک. New York: The Jeuish) Leo (BaeekPublication Society of America، 1958 وەرگێڕان و پێشەکی بۆنوسینی. کوفمان.

16– ئەم گوزارشانە بیک بەکاری ئەهێنا لەسەرچاوەی پێشودا، وەتیلهاود دی شاردان لە : دواڕۆژی مرۆڤدا هەوڵی دا پێکهاتەیەک لەم چەمکانە دروستبکات.

17–مسیانی : جۆرە بیرو باوەڕێکە قەناعەتی بەچاوەڕوانیکردنی مەسیحیەت هەیە.

18–ئارنست بلوخ لەکتێبەکەیدا بەناوی « پرەنسیپی هیوا « هیوای پێغەمبەرانەی لای مارکس دۆزیەوە زیاتر لەهەر کەسێکی تر. زۆر لەسۆسیالیستە هیومانیزمە هاوچەرخەکان بەشداریان کرد لەچاپکردنی کتێبەکەی ئەریک فرۆمدا symposium of sovialist humanism ( نیورک / دوبل دی 1965) هەروەها تەماشای چاپی ئینگلیزی ڕۆژنامەی یوگزلافی بکە « گفتوگۆو جێبەجێکرد «.ئەمە گۆڤارێکی نێو دەوڵەتی بوو فرۆم دەری ئەکرد و ج. نینیغ چاپی ئەکرد، ناوەڕەکەکەی بریتی بوو لە ئاڵوگۆڕ لەنێوان مەسیحیەکان و خەڵکانی نامەسیحی.

ئەو جەختکردنە باوەی کەئەڵێت مارکس تێگەیشتنێکی حەتمی هەبووە بۆمێژوو، بەمانای ئەوەی سۆسیالیزم حەتمیەتێکەو ناکرێت خۆمانی لێ لابدەین . بەڕای من ئەمە ڕاست نیە، سروشتی حەتمیەتگەرای مارکس بەهەندێک ڕستەیەوە وادیارە کەدرێژبونەوەیەکی ئەو شێوازی هاندانەیەتی کەزۆرجار تێکەڵی کردووە بەشێوازی شیکردنەوەی زانستی،ڕۆزا لوکسمبورگ کەوا ناوبانگی دەرکرد کە

توێژەرەوەیەکی مارکسە جەختی کردەوە لەسەر ئەو ڕوبینای کەپێی وایە دەبێـ لەنێوان « سۆسیالیستـ و بەربەریەتدا یەکێکیان هەڵبژێرین «

19– ئەم کێشەو کێشەی دیاردەکانی تری ئارەزوی کاولکاری لەکتێبەکەیدا ترمداباسی ئەکەم : هۆکارەکانی ئارەزوی مرۆڤ بۆکاولکاری.

## ((ژن–پیاو))

**ئەریک فرۆم**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود**

کێشەی پەیوەندی نێوان پیاو و ژن کێشەیەکی ئاڵۆزە، لەبەر ئەوە ئەگەر وانەبوایە خەڵکی بەهەڵە مامەڵەیان لەگەڵدا نەئەکرد، وەک ئەوەی ئەیکەن، کەواتە باشترین شت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسە، وروژاندنی چەند پرسیارێکە، تاوەکو لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە بتوانم بیرکردنەوەتان بجوڵێنم، یان خۆتان لە ڕێگەی ئەزموونەکانتانەوە، هەندێک وەڵام بەدەستبهێنن.

یەکەم پرسیار کە ئەمەوێت بیوروژێنم ئەوەیە: ئایا ناونیشانی باسەکە، لەگەڵا خۆی هەڵە هەڵناگرێت؟ ئێمە پێمانوایە ئالۆزی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئافرەت و پیاو دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە.

بەڵام ئەمە وانییە، پەیوەندی نێوان پیاوان و ژنان، لە بنەڕەتدا پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە.

هەرکاتێک پەیوەندی نێوان مرۆڤێک، لەگەڵ مرۆڤێکی دی باشبوو، ئەوا پەیوەندی نێوان پیاوان و ژنانیش باش دەبێت، بە پێچەوانەوە، ئەگەر پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان خراپ بوو، ئەوا پەیوەندی نێوان پیاوان و ژنانیش خراپدەبێت، کەواتە خراپی پەیوەندیەکانی نێوان پیاوان و ژنان ناگەڕێنەوە بۆ (مێ) نیەو (نێر) ینەی هەردوو ڕەگەز، بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ پەیوەندی مرۆڤێک لەگەڵ مرۆڤێکی تردا.

ئێستا دەمەوێ تێگەیشتنی دووەمم لەسەر تەواوی بابەتەکە باس بکەم: پەیوەندی نێوان پیاوان و ژنان، پەیوەندی نێوان گروپی سەرکەوتو ژێرکەرتوە.

ئەم تێگەیشتنە نامۆیەو مایەی گاڵتە جاڕییە، پێویستە لە مێژوی(5) هەزار ساڵەی پەیوەندی نێوان پیاو و ژن بگەین، بۆ ئەوەی بۆمان روون ببێتەوە، کە چۆن مێژوو رۆڵی بەرچاوی هەیە، لە پەیوەندی ئێستای نێوان پیاوان و ژنان و لەتێگەیشتنیان بەرامبەر یەکتریدا، تەنها بە تێگەیشتن لەو مێژوە، لەو پرسیارە نزیک دەبینەوە: چۆن پیاوان و ژنان لە یەکتری جیاوازن؟ تەنها ئەو کاتە دەزانین

ئایبەتمەندیەکانی پەیوەندییەکانی نێوان پیاوان و ئافرەتان چین و رەگی کێشەی پەیوەندیەکانی نێوانیان لە کوێدایە.

سەرەتا دەمەوێت لە تێگەیشتنی دووەمـەوە دەستپێبکەم و پێناسەی پەیوەندیەکانی نێوان پیاوان و ئافرەتان بکەم، وەک گروپی سەردەست و گروپی ژێر دەست پێشتر وتم ئەم تێگەیشتنە نامۆیەو مایەی گاڵتە جارییە، بە تایبەت لە ویلایەتەیەککگرتوەکانی ئەمریکا، ئافرەتان هەست و مامەڵە ناکەن وەک گروپێکی ژێر دەست، لەمبارەیەوە گفتوگۆیەکی زۆر کران بەتایبەت، بۆ زانینی رەگەزی نامۆ لە کۆمەڵگەی شارستانی ئێمەدا، پێموانییە گرفتەکە ئەوەندە ئاسان بێت، لە کاتێکدا ئافرەتان ئەمریکا ئازادی خۆیان بەدەستهێناوەو لەگەڵ پیاواندا یەکسانن، من پێموایە ململانێی هەزاران ساڵەی مێژوو، ئێستاش لە هەندێ جێگەی تایبەتیدا دەردەکەوێت، ئەم تێگەیشتنە لە پەیوەندی نێوان پیاوان و ئافرتاندا لە کلتوری ئێمەدا درێژەی هەیە.

زۆر بەڵگەی مێژووی هەن ئەیسەلمێنن، کۆمەڵگەی پیاو سالاری، کە لەم (5–6) هەزار ساڵەی دوایدا لە (چین و هیندستان و ئەوروپاو ئەمریکا) بوونی هەیە، تەنها فۆرم و سیستەم نییە، کە هەردوو رەگەز پێیگەشتبێتن بۆ رێکخستنی ژیانیان، زۆر بەڵگە هەن(ئەگەر لەسەر ئاسەری جیهانیشدا نەبێت، لە زۆر شوێنی جیهاندا) کۆمەڵگەی پیاوسالاری کە لەلایەن پیاوەوە کۆنترۆڵ کراوە، دوای کۆمەڵگەی دایکسالاری هاتوەتە کایەوەو راستیەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە ئافرەت و دایک سەنتەری کۆمەڵگەو خێزان بوون.

ئافرەت کۆنترۆڵی سیستەمی کۆمەڵگەو خێزانی کرد بوو، لەمبارەیەوە دەتوانین شوێن و پێ و باڵادەستی ئافرەت لە زۆربەی ئاینەکاندا ببینین. دەتوانین شوێنپێی ئافرەت لە زۆربەی دیکۆمێنتەکاندا ببینین، تەنانەت لەو دیکۆمێنتانەی ئێمە، زۆر پێیان ئاشناین، لەوانە–پەیمانی دێرین–العهد القدیم( old–Testament ).

ئەگەر چیرۆکی ئادەم و حەوا،بە چاوێکی بابەتیانەوە بخوێنینەوە، چی ئەدۆزینەوە؟ ئەوە ئەدۆزێنەوە، کە نەفرەتکردن و جنێودان دژی حەوا وتراوە، بە ناراستەو خۆش دژی ئادەم، چونکە باڵا دەستبوون بەسەر کەسانی تردا، باشتر نییە لە ژێر دەستبوون.

وەک سزایەک بۆ تاوانەکەی، پێویستە پیاو ئافرەت بەڕێوەبەرێت و پێویستیشە سەرجەم حەزو ئارەزووەکانی ئافرەت لە خزمەتی مێردەکەیدا بێت.

شتێکی ئاشکرایە ئەگەر زاڵبوونی پیاو بەسەر ئافرەتدا، شتێکی(نوێ) بێت، دەبێت کاتێک کە ئەم رەوشە وەها نەبووبێت لەراستیدا زۆر بەڵگەمان هەن ئەم راستیە ئەسەلمێنن، ئەگەر تێگەیشتنی بابلیەکان بۆ دورستبوون(خلق) بەراورد بکەی، لەگەڵا چیرۆکی(ئینجیل) دەربارەی دروستبوون، جیاوازیەکی زۆرت بەرچاو دەکەوێت.

لە چیرۆکی بابلیەکاندا، کە پێش چیرۆکی ئینجلی نوسراوەتەوە بۆمان، دەردەکەوێت (خواوەندی نێر)بوونی نەبووە، بەڵکو خواوەندی ژن (تایمات) باڵادەستبووە، پاشان کوڕی ئەو خواوەندە لە دایکی یاخی بووەو لە ئەنجامدا شکستی بە دایکی هێناوەو سیستەمی نێر سالاری بەرابەرایەتی (مەردۆخ)ی گەورە، خواوەندی نێری بابلیەکان دامەزراندوە.

مەردۆخ پێویستبوو تاقیکردنەوەی دەسەڵاتی تێپەڕێنێت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت، ئەو شایەنی ئەوە بووە سەربکەوێت بەسەر خواوەندی ژندا، ئەو پێویست بوو ئەو دەسەڵاتەی لە ڕێگەی وشەوە نیشانبدات، رایگەیاند کە ئەتوانێت پارچە قوماشێک لەناو بەرێت و پاشان دووبارە دروستی بکاتەوە، ئەم تاقی کردنەوەیە، شتێکی گەوجانە دیارە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئامانجێکی بنەڕەتی ئەپێکێت، لە بەرئەوەی لە کۆمەڵگەی دایکسالاریدا، ئافرەتان، لەیەک لایەنەوە، لە پیاوان باڵاتر بوون ئەویش: ئافرەتان تواناى منالابوونیان هەیە، بەڵام پیاوان ئەو توانایەیان نییە.

پیاوان لە هەوڵەکانیاندا بۆ لەسەر کار لابردنی ژنان، رایانگەیاند ئەوان(وەک ژنان) دەتوانن شت دروستبکەن و لەناوی بەرن- بەرێگەی سروشتی نا، وەک ئافرەتان، بەڵکو لە ڕێگەی وشەو روحەوە.

ئەگەر چیرۆکی ئنجیل دەربارەی دروستبوون بخوێنینەوە، تێبینی ئەوە دەکەیت، لەو شوێنەی چیرۆکی بابلیەکان تەواو بووە، ئەم لەو شوێنە دەستپێدەکات: پەروەردگار جیهانی دروستکردوە، لە ڕێگەی وتەکانیەوە، هەروەها بۆ جەختکردنەوەی لەسەر بەرزی و باڵای پیاوان بەسەر ئافرەتاندا(ئینجیل) پێمان

دەڵێت: حەوا لە پیاو دروستبووە، نەک پیاو لە ئافرەت لە دایکبووە.

کلتوری پیاو سالاری، ئەو کلتورەی پێیوایە قەدەر وایکردوە پیاوان زاڵ بن بەسەر ژناندا، یان پیاوان رەگەزی باڵاو بەهێزن، لەزۆربەی جیهاندا باوە، لە راستیدا لە رۆژگاری ئەمرۆماندا، چەند کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی کەممان بەرچاو دەکەوێت کە تیایاندا سیستەمی ژن سالاری بوونی ماوە.

لە کۆمەڵگەی پیاو سالاریدا، هەموو جۆرە ئایدۆلۆژیاو پێشینە(گریمانە) یەک بوونی هەیە کە لە بەرژەوەندی پیاواندایە. ئەو ئایدۆلۆژیایانە درێژەو گەشە بە مانەوەی پیاو سالاری دەدات بەرامبەر گروپی ژێردەست، هەندێک لەو بۆ چونانە: ئافرەتان عاتیفین، بێسەرو بەرن، لە خۆباین، وەک مناڵان وان، کاروبار بە باشی بەڕێوە نابەن،هەروەها ئافرەتان بە ئەندازەی پیاوان بەهێز نین، بەڵکو تەنها سەرنجڕاکێشەرن (جەستەیان جوانە).

ئەم بۆچوونانە کە لە کۆمەڵگەی پیاو سالاریدا، بەرامبەر سروشتی ژن، گەشەیکردوە، لە راستیەوە دوورن. سەبارەت بەوەی گوایە ئافرەتان لە پیاوان لە خۆبایی ترن، من پێموایە ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر سروشتی پیاو بکەین، بۆمان روون دەبێتەوە، پیاوان لە خۆباین، تەنانەت بۆماندەردەکەوێت پیاوان کارێک ئەنجامنادەن، بەبێ لە خۆبایی بوون، ئافرەتان کەمتر لە پیاوان لە خۆیان بایین.

لە هەندێک بارودۆخشیدا، کە ئافرەتان لە خۆبایی بوون دەردەبڕن، راستیەکەی ئەوەیە، ئەوان خراونەتە ژێر فشارەوە بۆ دەربڕینی ئەو حاڵەتە، چونکە لەلایەن رەگەزی بەرامبەرەوە (کە پیاوانن) بە چاوێکی کەمەوە سەیر کراون و ئەوانیش لەو ڕێگەیەوە دەیانەوێت، خۆشەویستی و پشتگیری بەدەست بهێنن، کەواتە ئەو وەهمەی پێیوایە ئافرەتان لە خۆیان باین، بە وردبونەوەیەکی عەقڵانی نەسەلمێندراوە.

با گریمانەیەکی تر وەربگرین: ئەو بۆچونەی پێیوایە پیاوان لە ئافرەتان بەهێزترن، بەڵام راستیەکەی ئەزانن چییە؟ ئەگەر لە هەر پەرستارێک (ممرضە-سستەر) بپرسی ئەوا بێ دوو دڵی پێت دەڵێت: رێژەی سەدی ئەو پیاوانەی لە کاتی دەرزی لە خۆدان، یان لە کاتی تاقیکردنەوەی خوێندا، لاوازن و لە هۆش

ئەچن، زۆر زیاتره له ڕێژەی ژنان، به شێوەیەکی گشتی ئافرەتان، زیاتر بەرگەی نارەحەتی دەگرن، ئەو نارەحەتیانەی پیاوان بێ هیوا دەکات و وایان لێئەکات، وەک منالآن به دوای دایکیاندا رابکەن، لەگەڵا ئەمانەشدا به درێژایی سەدان ساڵ، هەزاران ساڵ، پیاوان پەرەیان بەو بۆچوونەدا، که ئەوان رەگەزی باڵاو بەهێزن.

له سەدەی هەژدەهەم و نۆزەدەهەمدا، کێشەی پەیوەندی نێوان پیاو و ژن و یەکسانی نێوانیان گەیشتە لوتکە، زۆر چەمک و دیاردە گەشەیان کرد. ئەوانەی دەیانگوت پێویستە ژنان لەگەڵ پیاواندا، هەمان مافیان هەبێت،رایانگەیاند هیچ جیاوازیەکی سایکۆلۆژی له نێوان هەردوو رەگەزدا نییە، هەروەک شۆرشی فەرەنسا(گیانی بێرەگەزی) واتە (جیاوازی نەکردن له نێوان نیرۆ مێ دا)ی داهێنا، هەمان چەمک، سەر لەنوێ گەشەی کردەوەو مافەکانی ئافرەت له بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی جەختیان لەسەر کرایەوە ئەم بۆ چوونانەی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو که بەبێ بەشداری ئافرەتان له بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، مەحاڵە یەکسانی لەگەڵ پیاواندا بێتە دی.

لەو سـەردەمـەوە، تا ئێستاش هەمان بۆچوون و هەڵویست لەناو فێمینسنەکان، پێشکەوتنخوازەکان و ئازادیخوازەکاندا بڵاوە، تەنانەت له رۆژگاری ئەمرۆماندا، ئەو بۆچوونانە لەناو ئەو گروپانەشدا بڵاوە که هەوڵی هێنانەکایەی یەکسانی له نێوان مرۆڤەکان به شێوەیەکی گشتی و یەکسانی له نێوان پیاو و ژن به تایبەت دەدەن، ئەوانەی ئەم هەڵوێستەیان هەیە، ئەڵێن جیاوازی له نێوان ئەو دوو رەگەزەدا نییە، یان ئەو جیاوازیانە کەم دەکەنەوە.

ئەوانە پێیانوایە ئەگەر، چەند جیاوازیەک بوونی هەبێت، ئەوا ئەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی رۆشنبیری و پەروەردەیی...

ئەگەر نا، جیاوازی ناوەکی و سایکۆلۆژی له نێوان ئەو دوو رەگەزەدا نییە.

ئەم بۆچوونە، که لەناوداکۆکیکەرانی یەکسانی پیاوان و ژناندا بڵاوە، منی زۆر نیگەران کردوەو ئەم بۆچونەش له زۆر لاوە هەڵەیە، ئەمەخراپترین هەڵەیە، ئەمە وەک ئەو وتەیە، که پێیوایە هیچ جیاوازیەکی سایکۆلۆژی، له نێوان گروپە نەتەوەیی ئەتنیەکاندا نییە، هەر کەسێک وشەی (رەگەز) بەکار دەهێنێت، لێرەو

لەوێ شتی ترسناک دەڵێت، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە، جیاوازی جەستەیی و دەرونی و مەزاجی لە نێوان خەڵکانی گروپە جیاوازەکاندا هەیە.

هۆی دووەم، کە بۆچی پێموایە ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە، ئەوەیە ئەم تێگەیشتنە(چەمکی هەڵە) بەرهەم دێنێت.

ئەم تێگەیشتنە لە پەنای یەکساندا جیاوازی دەکوژێت و پێیوایە، هەموو مرۆڤەکان وەک یەکن و بەمەش ناسنامەو تایبەتمەندیان وندەبێت، لەراستیدا یەکسانی بەواتای هەبوونی (دژ) واتە: سەبارەت هەبوونی جیاوازیەکان هیچ کەسێک بۆ خزمەتی کەس دروستنەکراوەو هەر مرۆڤێک لەسەرەتاو کۆتاییدا، خزمەتکاری خۆیەتی.

بە مانایەکی تر، هەرتاکێک ئازادە گەشە بە تایبەتمەندیەکانی خۆی بدات: وەک تاکێک، وەک ئەندامی رەگەزێک، وەک ئەندامی نەتەوەیەک. یەکسانی مانای لە ناوبردنی جیاوازیەکان ناگەیەنێت، بەڵکو بە واتای تێگەیشتنی راستەقینە لەجیاوازەکان دێت.

ئەگەر یەکسانی مەبەستی لە ناوبردنی جیاوازەکان بێت، ئەوا ئەو مەیلە بەهێز دەکەین، کە دەبێتە هۆی هەژارکردنی کلتورەکەمان و بەهای راستەقینەی مرۆڤایەتیش لەناو دەبات، ئەو بەهایەی گەشە بەتایبەتمەندی هەر مرۆڤێک دەدات.

من پێموایە لە ئەمریکا تێگەیشتنە هەڵەکە ئەوەیە یەکسانی هاو واتای (ناسنامەیە) دیاردەیەکی تایبەتی کلتوری ئێمە، بریتیە لەوەی جیاوازەکانی نێوان هەردوو رەگەز کەمبکرێتەوەو پەردەی بەسەردا بدرێت، گفتوگۆی لەسەر نەکرێت، ئافرەتان هەوڵئەدەن وەک پیاوانیان لێ بێت، هەندێک جاریش پیاوان حەزدەکەن، وەک ئافرەتان مامەڵە بکەن، بەمەش هەمەرەنگی نێوان ئەم رەگەزانە، لەناو دەچێت.

لە راستیدان بە بڕوای من، تەنها وەڵام بۆ کێشەی دوو جەمسەری نێوان هەردوو ڕەگەز ئەوەیە؛ لە پەیوەندی نێوانیاندا جەمسەری (سالب و موجەب) دانەنرێت، بە واتایەکی تر هیچ رەگەزێکیان لەوی تر باڵا تر نییەو هیچ رەگەزێکی تریشیان لەوی تر کەمتر نییە، دەبێت پێمان وابێت، گۆڕەپانی نێوان ئەم دوو

ڕەگەزە، لەو فرە جەمسەری و فرە ڕەنگیەو دروستبوە، ئەم فرە ڕەنگیەش، بناغەی هێزی بەرهەمهێنانە.

ئێستا با بێمەسەر ئەو گریمانەی لە سەرەتای بابەتەکەمدا باسمکرد، پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانی ناو هەر کۆمەڵگەیەک باشترو خراپتر نابێت، واتە ئەگەر پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانی هەر کۆمەڵگەیەک باشبوو، ئەوا پەیوەندی نێوان پیاو ئافرەتیش، باش دەبێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانی هەر کۆمەڵگەیەک خراپبوو ئەوا پەیوەندی نێوان ئافرەتان و پیاوانیش خراپ دەبێت.

ئەگەر باسم لە پەیوەندیە ناوەکیەکانی تاکە کەس و کاریگەریان لەسەر پەیوەندی نێوان ژنان و پیاوان بکردایە، ئەوا قسەم لەوە دەکرد کە لە کتێبی(مرۆڤ لە پێناوی خۆیدا) باسم کردوە، کە بە (کەسایەتی بازاڕکەر) وەسفم کردوەو پێویست بوو، باس لەوە بکەم کە ئێمە چەند تەنهاین، هەرچەند ئێمە لە روکاردا، کۆمەڵایەتین و (پەیوەندی)مان لەگەڵ زۆر کەسدا هەیە، بەڵام لە ناخدا «تەنها»ین، ژمارەیەکی زۆری مرۆڤەکان لە رۆژگاری ئەمڕۆدا هەست بە تەنیایی دەکەن، ئەوانە هەست ئەکەن وەک (کەل و پەل، کەرەستە) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەمە مەبەستم ئەوەیە بەهای مرۆڤ بەستراوەتەوە، بە چەندێتی کڕینی شت لە بازاڕدا، بەستراوەتەوە بە چەندێتی کڕینی شت لە بازاڕدا، بەستراوەتەوە بەدان پێدانانی ئەوانی تردا، بەستراوەتەوە بەسەرکەوتنەوەکانیەوە. واتە مرۆڤ لە روانگەی کەسایەتی و ناواخنیەوە هەڵناسەنگێنرێت مرۆڤ لە ڕوانگەی هێزی تایبەتی خۆیی و توانای خۆشەویستیەوە هەڵناسەنگێنرێت.

لە رۆژگاری ئەمرۆماندا(خۆناسین و نرخ بۆ دانان) لای زۆربەی خەڵکی شلۆقە، خۆیان بە نرخدار نایەتە پێشچاو.

ئەویش پەیوەندی بەو خۆ تاوانبارکردنەوە هەیە، کە بەخۆیان دەڵێن(ئەوە منم، ئەوە توانای منە بۆ خۆشەویستی کردن، ئەمە توانای منە لە هەستکردن و بیرکردنەوەدا)، بەڵام لەبەرئەوەی لە لایەن خەڵکی ترەوە بەسەرکەوتوو لە قەڵەم دەردێن، خۆیان بەسەرکەوتوو دەزانن.

ئەوانە خۆیان بە خەڵکی فرۆشتوە، چونکە (خەڵکی) دەڵێن:( ئەو پیاوێکی

باشە، یان ئەوە ئافرەتێکی باشە).

سروشتی ژیان وایە، ئەو هەستی خۆناسینەی، لەسەر بناغەی ئەوانی دی دامەزرا بێت، هەستێکی ناجێگرە، هەموو رۆژێک دەبێت خۆت بۆ جەنگێکی نوی ئامادە بکەیت و قەناعەت بەخەڵکی بهێنیت و خۆت بۆ خەڵکی بسەلمێنیت: کە تۆ کەسێکی باشیت.

وەک پێوەرێک حەز دەکەم باس لە جانتایەکی دەستی بکەم و بزانن هەستی چۆنە، کاتێک لە دوکانێک دادەنرێت بۆ فرۆشتن جۆرێک، لەو جانتایانەی دەفرۆشێن، سەر لە ئێوارە هەست بە دڵخۆشی دەکەن، ئەو جانتایانەش لەبەر هەرهۆیەک (گرانت، یان مۆدیان بەسەر چووە) نافرۆشرێن، هەست بە دڵتەنگی دەکەن. جانتا فرۆشراوەکە هەست دەکات: (من جوانم) جانتاکەی تریش هەست دەکات: (من بێبایەخم) لە راستیشدا جانتا (جوانەکە) لە جانتاکەی تر سودی زیاتر نییە.

لە زاراوەی مرۆڤدا ئەمە واتای ئەوەیە، پێویستە هیچ مرۆڤێک خاوەن تایبەتمەندی نەبێت، کەسایەتی هەر مرۆڤێک، پێویستە هەمیشە ئامادەی گۆرانکاری بێت، بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ نوێترین مۆدیلدا بگونجێنێت. لەبەر ئەم هۆشەیە دایکان و باوکان هەست بە شەرمەزاری دەکەن، کاتێک لەگەڵ مناڵەکانیان. منالان باشتر ئاگاداری تازەترین مۆدیلن، وەک لە دایکان و باوکان، بەڵام دایکان و باوکانیش زۆر ئامادەن، بۆ ئەوەی فێر بکرێن، ئاگادار بکرێنەوە.

ئەوانیش، وەک منالان، گوێ بۆ دەنگ و باسەکانی (کەسایەتی بازارکەر) دەگرن.

باشە لە کوێ و چۆن ئاگاداری ئەو دەنگ و باسانە دەبین؟... لە سینەماو لە فیلمەکان، لە ریکلامی جلو بەرگەوە، لە ریکلامی خواردەمەنیەکانەوە..، هەروەها لە رێگەی ئەوەوەی، کەخەڵکانی گەورە چی لە بەردەکەن و چۆن قسە دەکەن.

ئەوەی ئەمساڵ مۆدێلە، دوای چەند ساڵێکی کەم، بەسەر دەچێت.

لە گۆڤاری (ساندای تایمز) خوێندمەوە: کچێکی چواردە ساڵانە، دایکی خۆی بە بێ ئاگا لە مۆدیل وەسفکردبوو، کە پێیوایە ئێستاش ساڵی(1945)ە.

سەرەتا لەمە تێنەگیشتم، بیرمکردەوە ئەمە هەڵەی چاپ بێت، بەڵام دوای بۆم روونبوەوە، بەلای ئەم کچەوە ساڵی(1945) لە دەرەوەی مێژووە، واتە بەسەر چووە. دڵنیام دایکەکە زانیویەتی، پێویستە لەسەری خێرا هەنگاو بنێت.

چۆن چالاکی بازاڕ کردن (کڕین و فرۆشتن) کار لە پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو رەگەز دەکات؟ پێموایە ئەوەی لە ژێر ناوی خۆشەویستیەوە بەرێوە دەچێت بریتیە لە گەڕان بە دوای سەرکەوتندا لەپێناو سەلماندندا هەر یەک لە ئێمە، پێویستی بەوەیە، کەسێک نەک کاتژمێر (4)ی پاش نیوەڕۆ، بەڵکو کاتژمێر (10--12 ...) پێویستە یەکێک پێی بڵێ: (تۆ کەسێکی باشیت، تۆ گونجاویت، تۆ کارێکی باش دەکەیت، تۆ سەرکەوتویت) ئەمە یەکێکە لە فاکتەرەکان.

فاکتەرێکی تر، بریتیە لەوەی کەسێک بەهای کەسێکی تر دەسەلمێنێت، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی کەسی دروستەوە.

کەسێک پێویستی بەوەیە، بیێتە باشترین مۆدیلی خۆی، پاشان مافی ئەوەی هەیە خۆشەویستی بکات لەگەڵا نوێترین مۆدیلدا(کەسێکی هاوتای خۆی) ئەمە کوڕێکی (18) ساڵانم بیر دێنێتەوە کە لەسەرەتای تەمەنیدا بوو، دەیویست ئوتومبێلەکەی کە (فۆرد– Ford) بوو، بگۆڕێت بۆ (بوک BuicK– ) بە مەبەستی سەرنج راکێشانی باشترین کچان. ئەم کوڕە زۆر راشکاوانە هەڵسوکەوتی کردوە. ئەم هەڵوێستە دەمانگەیەنێتە ئەو تێگەیشتنەی هەڵبژاردنی (بەرامبەر) بە چ شێوەیەکە لە کلتوری ئێمەدا.

چالاکی (بـازاڕ کـردن) کاریگەریەکی تری هەیە، لەسەر پەیوەندی رەگەزەکان. لە کرداری کڕیندا، هەموو شتێک ئامادەکراوە، شێوەکەی بەردەستەو هەموومان ئامەزرۆین، ژیانمان لەسەر تازەترین مۆدیل بخەین و لەسەر تازەترین مۆدیل بڕۆین بە ڕێدا، کەواتە ئەو رۆڵەی ئێمە لە ژیاندا دەیبینین، رۆڵێکی ئامادەکراوە.

مرۆڤ بۆ ئەوەی بژی، پێویستە کاربکات و لە ماڵەوەش کەسێکی سۆزدار بێت. دەبێت بژی بۆ ئەو کارەی دەیکات و ئێوارەش کە گەڕایەوە ماڵەوە هەست بەشەکەتی و هیلاکی نەکات پێویستە هەست بە ماندوێتی نەکات لەگەڵ کڕیارەکانیدا، لەگەڵ ئەوانەی پێشبڕکێی لەگەڵدا دەکەن و دەبێت لەگەڵا خێزان و

مناڵەکانیشیدا گونجاو بێت،

پێویستە لەلایەن هەموو کەسەوە خۆشەویست بێت و قوڵترین هەستی خۆشی بۆ خێزانەکەی دەرببڕێت.

کەواتە، پیاوی هەژار، دەبێت لەگەڵ ئەم مۆدیلە ئامادەکراوانەدا بژیت، تەنها راستیەک بۆ ئەوەی توشی (شێت) بوون نەبێت، ئەوەیە ئەم شتانە بە (جدی) وەرنەگرێت، ئەم وتانە بۆ ئافرەتانیش راستن، چونکە ئەوانیش پێویستە بە پێی مۆدیلە ئامادەکراوەکان، ژیان بەسەر بەرن.

بێگومان لە هەر کلتورێکدا، کۆمەڵێک شتی ئامادەکراو هەیە، کە هەندێکیان تایبەتن بە ئافرەتان و هەندێکی تریان تایبەتن بە پیاوان، بەڵام لەو کلتورەی ئەمڕۆ، ئێمە پشتی پێ دەبەستین تایبەتمەندێتی ژنان و پیاوان لێڵە، روون نیەو تایبەتمەندیەکانی پەیوەندی نێوان هەردوو رەگەز لەناو چوون، نەماون.

ئەگەر هەڵبژاردنی پەیوەندیەکانی پیاوان و ژنان، لەسە بناغەی (کڕین) راوەستا بێت، کە رۆڵەکەیان لەو کاتەدا (ئامادە کراوە)،... ئەوا تەنها شتێک کە بەدەستی دەهێنن بریتیە لە : (بێزاری) پێموایە، ئێمە حەقی خۆیمان نەداوەتە ئەم وشەیە. ئێمە باس لەوە دەکەین، کەسێک لە تەنیایدا هەست بە بێزاری دەکات، بەڵام لەوە خراپتر ئەوەیە کە لەگەڵ بەرامبەرەکەت بیت و هەست بە بێزاری بکەیت.

زۆربەی خەڵکی پێیانوایە، دووچارەسەریان بۆ ئەم کێشەیە لە بەردەمدایە: یان ئەڕۆن بۆ ئاهەنگەکان و لەوێ پەیوەندی دەبەستن و ئەخۆنەوەو یاری وەرەقە ئەکەن و گوێ لە ڕادیۆ ئەگرن و گاڵتەو گەپ ئەکەن... یان هاوبەشی ژیانیان (ئەو کەسەی وەک هاوسەر لەگەڵیدا ئەژی) ئەگۆڕن و پەنا بۆ کەسێکی تر ئەبەن، چونکە پێیانوایە، لەم هاوسەرگیریەدا کەسی گونجاویان هەڵنەبژاردوە، بۆیە هەست بە بەختەوەری ناکەن. لە بەرئەوە پێیانوایە، بە گۆڕینی هاوسەری ژیانیان بێزاریەکەیان کۆتایی دێت.

خەڵکی نازانن، کە پرسیاری سەرەکی بریتی نییە لە (من کەسێکی خۆشەویستم؟)، بەڵکو پرسیاری راستەقینەو سەرەکی بریتیە (ئایا ئەتوانم خۆشەویستی بکەم ؟). بە راستی ئەمە قورسە.

خۆشەویستبوون و کەوتنە داوی خۆشەویستیەوە، کارێکی ئاسانە، تا ئەو جێگەیەی هەست بە بێزاری ئەکەیت، بەڵام خۆشەویستیکردن (بەردەوامبوون لەسەری) بە شێوەی راستەقینەی خۆی کارێکی ئەستەمە.

ئەگەر دوو کەس نەتوانن رێگە لە تەنهایی بگرن، ئەوا هەست بە بێزاری دەکەن، ئەگەر پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەت، تەنها بۆ شارنەوەی (تەنهایی) بێت، ئەوا پەیوەندی نێوانیان، پەیوەندیەکی راستەقینە نییە.

ئەمەویت ئاماژە بە چەمکێکی تری هەڵە بکەم. کێشەی راستەقینەی نێوان پیاو ئافرەت (سێکس)ە، چەندین ساڵ لەمەوبەر دوای بڵاوبونەوەی (ئازادی سێکسی) زۆربەمان پێمانوایە، کەلەپچەی رابردوو پیاوەو قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان دەستی پێکردوە. پێمان وابوو پەیوەندی مرۆڤایەتی بەرەو ئاسۆ کراوەتەوە، بەڵام دەرئەنجامەکانی بەو شێوەیە (دڵخۆشکەر) نەبوون، وەک زۆربەمان دامانابوو، چونکە هەموو ئەو گوناهباریەی دەکرێت (سێکس) نییە، هەروەها زۆر (مۆتیڤ)یش لە پشت بەردەوامی ئەو کارە سێکسیانەوەن، کە لە بنەڕەتدا (سێکس ) نین.

لە خۆباییبوون، یەکێکە لە گەورەترین هاندەرەکانی سێکس، گەورەتر لەهەموو هاندەرێک، هەروەها تەنهایی یاخی بوون لەو پەیوەندییە مرۆڤایەتیانەدا بونیان هەیە.

پیاوێک کاتێک داگیرکردنێکی سێکسی ئەنجامئەدات، مۆتیڤدراوە بە جوانی ئافرەتێک، کە ئەبێت مولکی ئەو بێت، بەڵام لە راستیدا ئەو پیاوە، هاندراوە بە هەستی لە خۆباییبوون، چونکە ئەو خۆی بە باڵاتر لە (نێرەکانی تر) دەبینێت.

هیچ پەیوەندیەکی سێکسی باشتر نییە لە پەیوەندی مرۆڤانەی نێوان دووکەس. سێکس رێگایەکی زۆر کورتە بەرەو نزیکبوونەوە، بەڵام رێگایەکی فێڵبازە.

لە کاتێکدا سێکس بەشێکی گرنگی ژیانە، بەڵام لە کلتوری ئێمەدا، بارگرانیەکی زۆری خراوەتە سەر، بەناوی (ئـازادی سێکسی)یەوە، کە هیچ پەیوەندیەکی بە سروشتی سێکسەوە نییە.

ئایا ئێمە هیچ دەربارەی جیاوازیەکانی نێوان پیاوان و ژنان ئەزانین؟

ئەوەی تا ئێستا وتومە (سلبی)یە، ئەگەر پێشبینی زانیاری ئاشکرا، دەربارەی ئەو جیاوازیانە بکەیت، ئەوا بێئومێد دەبیت... پێم وایە ئێمە ئەو جیاوازیانە نازانین، ناناسین، وەک ئەو شێوەیەی من لە پێشەوە باسمکرد، ئەگەر ئەو دوو رەگەزە هەزاران ساڵ، جەنگی نێوان یەکتریان کرد بێت و لە ئەنجامدا، رقو کینەیان بەرامبەر یەکتری دروستبووبێت و گەشەیکرد بێت، چۆن دەتوانین جیاوازیە راستەقینەکانی نێوان ئەم دوو رەگەزە بزانین؟

تەنها بە لە بیرکردنی ئەو جیاوازیانە، دەتوانین هەستی یەکسانی بڵاوبکەینەوە.. تەنها بە هەبوونی تایبەتمەندی ئافرەت بۆ خۆی و پیاو بۆ خۆی... دەتوانین بزانین جیاوازیە راستەقینەکانی نێوان پیاوان و ژنان چین.

پێویستە باس لە جیاوازیەک بکەم، کە پێموایە، پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە سەرکەوتنی پەیوەندیەکانی نێوان پیاوان و ژنان پێویستە لە کلتوری ئێمەدا لە بەرچاو بگرێت.

پێموایە ئافرەتان سۆزدارترو نەرمونیانترن لە پیاوان.

ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە، چونکە نەرمونیانی ئافرەت، بەرامبەر مناڵەکەی سەرەکترین چاکەو باشترین ڕەوشت بەرزیە.

هەمووومان گوێبیستدەبین، کە ڕۆڵی دایک لە پەروەردەو گەشەکردنی مناڵەکەیدا، چەند کاریگەرە.

خەڵکی شتێکی گرنگیان لە بیرکردوە، ئەویش سۆزی دایکە بۆ مناڵەکەی، سۆزی دایک بۆ مناڵەکەی، واتە: خۆشەویستی، رێز، زانست،.... سۆزی سروشتی، بەم شێوەیە جیاوازە لە سێکس و برسێتی و تینویەتی، لەوانەیە زۆربەمان پێمانوابێت، لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە، سێکس و برسێتی و تینویەتی هانمان دەدەن، پاڵمان پێوە ئەنێت، بۆ بە دەستخشتنی ئەو شتەی مەبەستمانە، لەو کاتەی پێویستمانە.

بەڵام سۆزو نەرمو نیانی، پەیوەندی بە برسێتی و تینویەتیەوە نییە، مەبەست نییە، کۆتایی نییە، بەڵکو: لە خۆیدا رازیبوونە، خۆشی هاوڕیەتیە، کە پێیوایە گەرمی و ڕێزی کەسێک، لەپێناو بەختەوەری ئەو دایە.

من تێگەیشتنێکم هەیە، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سۆزو نەرمو نیانی بوونی،

کەمە سەیری چیرۆکە خۆشەویستیەکانی ناو فیلمەکان بکە، ماچەکانی لێلابراوە، پاشان بینەر خەیاڵ دەکات، ئەو ماچانە چەند خۆشبوون.

ئەو فیلمانەی لە خانەی فیلمە(عائیفی)یەکان وەسفکراون، بۆ زۆربەمان رازیکەرنین و بەلای هەندێکیشمانەوە وایە کە ئەمانە فیلمی خۆشەویستین، بەڵام ئایا لەو فیلمانەدا سۆزو خۆشەویستی راستەقینەی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە، هەست پێدەکەین ؟ یان نێوان گەورەو مناڵ ؟

یان خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان بە شێوەیەکی گشتی ؟ پێموابێت بە دەگمەن، بەمە مەبەستم ئەوە نییە، ئێمە تواناى سۆزو خۆشەویستیمان نییە، بەڵام هاندان لە کلتوری ئێمەدا کەمە. هۆکاری راستەقینەش ئەوەیە، لە کلتوری ئێمەدا، هەموو شتێک مەبەست و ئامانجێکی هەیە هەر شتێک بکەیت، دەبێت بگەینە کۆتایی و بگەینە شوێنێکی دیاریکراو.

دەمانەوێت، کات بەدەست بهێنین (کۆبکەینەوە)، بەڵام کاتێک دەستمان دەکەوێت، دەیکوژین. هاندەری یەکەممان گەیشتنە ئامانجە، تەنانەت سود لە خودی ژیانیش وەرناگرین. ئەخۆین، ئەخۆینەوە، ئەنوین، شت ئەبینین، پێمانوایە ژیانی بێئامانج، شتێکی باش نییە.

بەڵام خۆشەویستی، سۆز: ئامانج نییە، بەڵکو گەرمی و خۆشی و بەخشینی لەزەتە بە بەرامبەرەکەت.

ئێمە هانی نەرمونیانی نادەین، بەتایبەتی پیاوان، هەست بە نارەحەتی دەکەین، کاتێک سۆزو نەرمونیانی دەردەبڕن، هەروەها هەوڵدەدەن، جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەز لەناو بەرن، هەوڵدەدەن پیاوان و ئافرەتان وەک یەکیان لێبێت. ئافرەتان ڕێگریان لێ دەکرێت بۆ دەربڕینی سۆزو نەرمو نیانیان کە نەرمو نیانی تایبەتمەندێتی راستەقینەی مێینەیە.

لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵەی باسەکەم لێوەی دەست پێکردبوو، جەنگی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە کۆتایی نەهاتووە.

ئافرەتان لە ئەمریکادا زۆر دەسکەوتیان بەدەست هێناوەو زۆر بەرەو یەکسانی هەنگاویان ناوە.

ئەم یەکسانییە، تەواو نییە، بەڵام باشترە لە بارودۆخی ڕابردو، دەبێت

بەرگری زیاتر لە یەکسانی خۆیان بکەن، دەبێت ئامەزرۆبن بەرەو سەلماندنی مافەکانی یەکسانبوونیان، لەگە پیاواندا، ئەوەیش لە ڕێگەی دیاریکردنی جیاوازکانیان، لەگەڵ پیاواندا دەبێت ژنان بەردەوام بن لە خۆسەلماندن چونکە ڕێگریان لێدەکرێت، لە ئازادبوون.

بۆ کۆتاییهێنانی بابەتەکەم، دەربارەی پەیوەندیەکانی پیاوان و ژنان، جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، بۆ ئەوەی لە جیاوازی نێوان ژن و پیاو تێبگەین، دەبێت جیاوازیەکان لە بیر بکەین، هەروەها ڕێگە بە خۆمان بدەین وەکو مرۆڤ بژین و خۆمان لەم پرسیارانە بە دوور بگرین: ئایا من پیاوێک، یان ئافرەتێکی (کامڵ)م؟ ئایا لەگەڵ کلتوری خۆماندا گونجاوم؟ ئایا لە پەیوەندیە سێکسیەکانمدا سەرکەوتووم؟ ئەگەر کەسێک توانی ئەم پرسیارانە لە یاد بکات، ئەوا بێگومان دەتوانێت هەست بەفرەنگی ژیانی نێوان هەردوو رەگەز بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی هێزی بەرهەمهێنان.

# سروشتی توندوتیژیی

ئەریک فرۆم
لەئینگلیزیەوە: ئاوات ئەحمەد

**ئایا ئێمە لەسەردەمێکی تایبەتی توندوتیژییدا دەژین؟**

وادیـارە دەتوانین بەئاسانی وەڵامێکی ئەرێ ئەم پرسیارە بدەینەوە، بۆ ئەوەی دڵنیابین کەئێمە لەسەردەمێکی تایبەتی توندوتیژییدا دەژین، تەنیا ئەوەندەمان لەسەرە، بیر لەتیرۆرکردنی سەرۆک (جۆن ف. کەنەدی)، (مارتن لۆسەر کینگ)، هەروەها سیناتۆر (رۆبەرت ف. کەنەدی)، گێرەشێوێنی یەکانی واتس و دیترۆی و ناوچە شارنشینەکانی تر بکەینەوە: توندوتیژیی پۆلیس، شەڕی ڤێتنام، بەرزبوونەوەی رێژەی تاوان، بەڵام وەڵامەکە ئەوەندە سادە نییە، وەک خەڵکی بۆی دەچن. یەکەمین شت، پێویستە جیاوازیی بکەین لەنێوانی توندو تیژیی دژی خەڵک و توندو تیژیی دژی شتەکان. دنیایەک جیاوازیی هەیە لەنێوانی کوشتنی کەسێکی ترو دزین، یان تێکشکاندنی شتەکاندا. بەتەنیا لای ئەو کەسانەی کەجیاوازیی ناکەن لەنێوانی ژیان و کەلوپەلەکاندا، ئەو جیاوازیە نامێنێت، لەوەش زیاتر، پێویستە جیاوازیی لەنێوان رێکەوتدا بکەین، کەلەوانەیە بەهۆی کارەکانی نارەزایی دەربڕین، یاخود جەختکردن لەسەر تێڕوانینێکی دیاریکراوەوە بکەوێتەوە، لەگەڵا توندو تیژیی بەئەنقەستدا، کەئامانجی توندوتیژیی نواندنە لەگەڵا ئەوانیتردا. گەرچی زۆرجار ئاسان نیە هێڵێکی روون لەنێوانی ئەم دوو چەشنەی توندو تیژییدا بکێشین، بەڵام بەشێوەیەکی درشت ئەوانە دووچەشنی توندوتیژیین و جیاوازن لەیەکتری.

دەشێت ئەو هاواری یاساو نیزامەی کەبەناوی بەرگرتن لەتوندوتیژییەوە بەرز بووەتەوە، ئەویش هەر بەگوزارشتکردن لەتوندوتیژیی ناو ببرێت. دەشێت زۆرجار ئەوەش رەگی لەناو ئارەزوی بەکارهێنانی هێزدا بێت، بۆ سەرکوتکردنی بۆچوون و هەڵوێستە نائاساییەکان. «یاساو نیزام» ئەمە دروشمێکی سۆزاویانەی تاوانبارکردنە، کەزۆرجار دژی کەمینەکان دەوترێت. لەکاتێکدا ئەو میزاجەی

لەپشتیەوەیە، لەوانەیە بەئەندازەی ئەوە توندوتیژ بێت،کەداوادەکات بەگژیدا بچنەوە.

لەم دواییانە قسە لەبارەی بەرزبوونەوەی رێژەی تاوانەوە کراوە، هەروەها ئامارە بڵاوکراوەکانیش، خەڵکیان زۆر تۆقاندوە، بەڵام ئامارەکان، لێرەشدا وەک هەر مەسەلەیەکی تر، دەشێ زۆر فریودەرانە بن. پسپۆڕان ئاماژەیان کردوە، بۆئەوە دەگەڕێنەوە بۆ ژمارەیەک بارودۆخ، کەبەرزبوونەوەی رێژەی تاوان بەو شێوەیە نییە کەئامارەکان دەریدەخەن.

لەوانەیە ئەوەش بەکەڵک بێت بۆ رونکردنەوەی چەمکی توندوتیژیی ئەگەر لەزاراوە رەفتارییەکاندا پێناسەی نەکەین، بەڵکو بەزاراوە سۆزییەکان، چونکە زاراوەکانی توندوتیژیی رەگیان لەناو رقو قین و سڵەمینەوەدایە.

کاتێک ئەم هەڵسەنگاندنانە کران، ئەو راستییە هەر دەمێنێتەوە، کەتوندوتیژیی هەیە و روو لەزیادبوونیشە. رەنگە لەهەر ماوەیەکی مێژوویی تر، زیاتر نەبێت. ناتوانین بەسەردەمەکەمان بڵێین، سەردەمی تایبەتی توندو تیژیی، بەڵام لەوەش زیاترە کە چاوەڕێ دەکرێت لەجەماوەرێکی بەرینی رۆشنبیر، کەهەموو توانایەکی پۆزەتیڤانەی باشی لەبەردەستدایە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ئابوریی و کۆمەڵایەتیەکان لەئایندەی بینراودا.

رقو سڵەمینەوە، ئەو پاڵنەرانەن کەبیرکردنەوەی عەقڵانیانەی کارا پەکدەخەن و بەسانایی پۆڵبەندیی وەها دەخولقێنن، کەلێیانەوە لەهەموو لایەکی پەلکەزێڕینەی سیاسییەوە، هێز بەرامبەری یەکتریی بەکاربهێنین. گەرچی من باوەڕم وایە کەئایدنەی چەشنی مرۆڤ پشت بەنەخشەکێشانی عەقڵانییانە دەبەستێت، کەلەسەر بنەمای تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕ دامەزرابێت، بەڵام لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی هەر گرنگە.

**ئایا توندو تیژیی لەمرۆڤدا خۆڕسکە؟**

وەڵامی ئەرێی ئەم پرسیارە کۆنە. هەر لە(تۆماس هۆبزەوە) بۆ (سیگموند فرۆید) بۆ (کۆنراد لۆرینز)، گریمانە کراوە کەمرۆڤ ئاژەڵێکی شەڕەنگێزە. ئەم گریمانەیە لەلایەنی فرۆیدەوە لەتێڕوانیندا بۆ غەریزەی ژیان و غەریزەی

مەرگ کراوە، هەروەها ئەو دەرونشیکارانەش کەلەم گریمانەیەدا شوێنی فرۆید نەکەوتون، بەڵکو گریمانەی بوونی غەریزەی وێرانکارییان لەمرۆڤدا کرد. (لۆرینز) باوەڕی بەغەریزەی شەڕەنگێزیی هەبوو، بەراوردیکرد بەشەڕەنگێزیەکی خۆڕسک، کە رەگی لەناو پەرەسەندنی مرۆڤدایە هەر لەئاژەڵەوە بۆ مـرۆڤ. بەپێی لۆرینزو دەرونشیکارەکان، شەڕەنگێزیی بەشێوەیەکی عەفەوییانە لەناو سیستمی نیرۆسیدا بەرهەمدێت. گەشە دەکات و کەڵەکە دەبێت و ئەگەر بەتاڵنەکرێتەوە، ئەوا پێویستە گوزارشت لەخۆی بکات. لەم تێڕوانینەدا شەڕەنگێزیی پێویستیی بەهاندەرێک، یان وروژێنەرێک نییە، خۆبەخۆ سەرهەڵدەدات و دەگەڕێت و ئەو هاندەرانە دەدۆزێتەوە، کەهەلی گوزارشتکردنی بۆ دەڕەخسێنن. وەک (لۆرینز) لەکتێبەکەیدا «دەربارەی شەڕەنگێزیی» باسی دەکات. ئێمە شەڕەنگێزییمان نییە، چونکە پارتی سیاسیی جیاجیامان هەیە، بەڵکو ئێمە پارتی سیاسیی جیاجیامان هەیە لەبەرئەوەی لەناو خودی خۆماندا شەڕەنگێزیمان هەیە.

لەم تیوریانەدا مشتوماڵکردنێکی باش ئەنجام دراوە: لەوانەیە شەڕەنگێزیی بچێتەوە ناو چالاکییە ناڕوخێنەرەکان، لەوێنەی وەرزش، لەوانەشە سەرەنجام بەزیاتربوونی پەرەسەندنی خۆشەویستی هاوسەنگ ببێتەوە، بەڵام خاڵە بنەڕەتیەکە هەرئەوە دەبێت، کەشەڕەنگێزیی بەشێوەیەکی جێگیر، وەک ئەنجامی چەند پرۆسێسێکی کیمیاویی لەناو سیستمی سایکۆ - سۆسیۆلۆجیدا، بەرهەم دێت، لێرەشەوە مرۆڤ رووبەڕوی ئەرکی کۆنترۆڵکردنی شەڕەنگێزێتی دەبێتەوە و دەبێت سودمەندترین و گونجاوترین بەتاڵبوونەوەی بۆ ئامادە بکات. تیورییەکەی فرۆید لەمەڕ غەریزەی مەرگ و ژین، گریمانەی ئەوە دەکات، مەیلە وێرانکارییەکان، بەردەوام لەگەڵا مەیلەکانی ژیندا دەجەنگن، هەروەها لەوەش زیاتر کەمەیلە وێرانکارییەکان، ئەگەر بەرەو خود ئاڕاستە بکرێن، یان بەرەو ئەوانیتر، ئەوا لەئاکادا، دەبنە هۆی نەخۆشی، یان مردن.

ئەم تێڕوانینە دەربارەی سروشتی ناوەکییانەی شەڕەنگێزیی لەمرۆڤدا، لەتێڕوانینی پێچەوانەدا و هاوشێوەی خۆی هەیە بەشێوەیەک لەشێوەکان پێوەستن پێکەوە، یەکێک لەوانە لەلایەنی فەیلەسوفەکانی رۆشنگەریی فەرەنسیەوە هەڵگیراوەتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەمرۆڤ بەسروشتی خۆی باشە،

تەنیا لەبەر ئەوە وێرانکاریی تێدایە، کەبارودۆخ خراپی دەکەن. تێڕوانینێکی تر، لەنێوانی زۆرێک لەفەیلەسوفەکاندا دەبینرێتەوە، کەدەڵێت شەڕەنگێزیی و وێرانکاریی غەریزە نییە چ لەبۆچونی فرۆیددا، یان هی لۆرینز، هەروەها لەسروشتی مرۆڤدا بۆ ماوە نییە، بەڵکو فێری دەبێت. لەزۆر رووەوە ئەم تیۆرییە زانستیترو بنەڕەتیترە لەو هەڵوێستەدا، کەلەماوەی رۆشنگەرییدا باڵادەست بوو.

تێڕوانینێکی سێیەم، کەلەئەسڵدا لەلایەنی جۆن دۆلاردو هاوڕێکانییەوە نوێنەرایەتی کراوە، کەدەڵێت شەڕەنگێزیی هەمیشە ئەنجامی ناکامبوونە، ئەمە مانای ئەوەیە، کەئەگەر خەڵک ناکام نەکرێن، شەڕەنگێز نابن، یان بەگوزارشتێکی تر، شەڕەنگێزیی لەسروشتی مرۆڤدا بۆماوە نیە.

ئەم تێڕوانینە دەربارەی هۆیەکانی شەڕەنگێزیی و وێرانکاریی لەمرۆڤدا، زنجیرەیەک کۆسپ و تەگەرەی تیوریی دەخەنە روو. گرفتی سەرەکی لەگەڵ ئەو ئایدیایەی کەشەڕەنگێزیی غەریزەیەکە، کەبەهۆی وزەیەکی زیادی عەفەوییەوە کاردەکات و لەسەر بنەمای شەڕەنگێزییەکی نائاسایی و هەمەچەشنی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگەدا دامەزراوە. بەڵگە ئاقیگەیی و ئەنترۆپۆلۆجییەکان ئەمە دەردەخەن، کەتاک و کۆمەڵگەی وا هەن، پلەیەکی زۆر نزمی رەفتاری شەڕەنگێزانەو وێرانکارییان تێدایە، چ بەئاڕاستەی دەرەوەو چ بە ئاڕاستەی خۆیان، هەروەها هی تریش هەن، کەوێرانکارییەکەیان بەهەردوو ئاڕاستەکەدا زۆر بەرزە، ئەگەر شەڕەنگێزیی غەریزەیەکی هاوشێوەی برسێتی و ئارەزوی سێکسیی بێت، ئەوا زەحمەتە ئەم جیاوازییە لەپلەی شەڕەنگێزی و وێرانکارییدا لێکبدرێتەوە.

بایەخدانێکی بایۆلۆجییانەی پەتی، دیسان ئەو تەریبییەی نێوانی غەریزەی سێکس و غەریزەی وێرانکاریدا لاواز دەکات. لەتێڕوانینێکی ئامانجیانەوە (ئەوەی دەڵێت: پرۆسێسە سروشتییەکان بەمەبەستێک سازکراون) سروشت بایەخ دەدات بەزاوزێکردنی رەچەڵەک، لێرەشەوە تێدەگەین کەغەریزەی سێکس، هەمیشە ئامادەیی هەبووە، بەڵام کردەوە وێرانکاریەکان تەنیا لەحاڵەتەکانی لێدان و شەڕدا وەزیفەیان ماوەتەوە، بۆیە گریمانەکردنی ئەوەی کەئەوانیش هەمان رەوتی ئارەزوی سێکسی دەگرنە بەر، ریشەیەکی بایۆلۆجیی نییە، بۆیە پێویستە ئاماژە بدرێت بەوەی لێکۆڵینەوەکانی نیرۆت - سایکۆلۆجییەکانی ئەم دواییە، وای

بۆچوون کەدەشێت سەنتەری شەڕەنگێزیی لەمێشکی خوارەوەدا دیاریی بکرێت، لەلایەنی سێنتەرێکی جڵەوگرتنەوە هاوسەنگ دەکرێت، بۆیە ناگاتە پەرەسەندنێکی وەها، کەلەخۆیەوە وێرانکاریی ئەنجامبدات.

گریمانەی لەمەر بۆمانەوەی کاریگەریی دڕندەیی ئاژەڵانە لەسەر مرۆڤ، بەو راستییە رەتکراوەتەوە، کەئاژەڵانیش، بەتایبەتی زۆر سەرەکیەکانیان، زۆر لەمرۆڤ کەمتر شەڕەنگێزو وێرانکارن. بەزۆری کوشتنی ئەندامانی هەمان چەشن لەئارادا نییە، هەروەها پەرۆشی بۆ کوشتنی ئەندامانی چەشنەکانی تریش لەئارادا نییە.

لەلایەکی تریشەوە، گریمانەی ئەوەی مرۆڤ بەسروشتی خۆی باشەو وێراکاری و رقەکەی فێر دەکرێت، یان بەنەریت هەڵی دەگرێتەوە، ئەمیشیان لەوە ناچێت، قوڵیەکی زۆری هەبێت، لەچاو ئەو هەموو وێرانکاری و رقو توندوتیژییەی لەمێژووی مرۆڤدا هەن. وێرانکاریی مرۆڤ زۆر لەوە ئاشکراترە، کەبەبارودۆخێکی تایبەتی بوونی مرۆڤ لێکبدرێتەوە، یان بە بۆماوەی ئاژەڵیی، یاخود پێویستی دەمارە سۆسیۆلۆجیا لێکبدرێتەوە.

پێویستە هەر هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی لێکدانەوەیەک بۆ هۆیەکانی توندوتیژیی مرۆڤ، بەدیاریکردنی چەشنە جیاجیاکانی شەڕەنگێزیی دەستپێبکات کەلەتین و تاودا لەیەکتریی جیاوازن و سەرچاوەی جیاوازیشیان هەیە، لەلایەکی تریشەوە، ئەوەندەی کەسێک وشەی شەڕەنگێزیی بۆ رەفتاری منداڵێک بەکار دەهێنێت، راهاتووە لەسەر ئەوەی هەوڵبدات، ئەوەی دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، بەهەمان شێوەش بۆ کردەوەی پیاوکوژێک بەکاری بهێنێت، ناتوانێت بگاتە تێگەیشتنێکی سەرچاوەکانی توندوتیژیی، یاخود رەفتاری شەڕەنگێزانە. من لێرەدا هەوڵدەدەم بەکورتی چوارچێوەیەک پێشکەش بکەم بۆ تەرزە سەرەکییەکانی شەڕەنگێزیی مرۆیی، کە پێموایە بوونیان هەیە.

فراوانترین تەرزی شەڕەنگێزیی، بریتیە لەشەڕەنگێزیی کاردانەوەیی، یان داکۆکیکردن. هەموو گیانەوەرێک ئەم چەشنە شەڕەنگێزییە پیشاندەدات، کاتێک بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی، ژیانی، نیشتەجێکەی، خۆراکەکەی، بێچووەکانی، یاخود نزیکبوونەوە لەمێیەکەی، هەڕەشەی لێدەکرێت (مەگەر گیانەوەرەکە بەغەریزە

کاردانەوەکەی هەڵهاتن و بەزین بێت). ئەم هەڕەشانە بۆسەر بەرژەوەندییە تایبەتیەکان، پێویستە «مەترسیەکی روون و حازر بخەنەوە» بۆئەوەی کاردانەوەیەکی شەڕەنگێزانەی هەبێت. مرۆڤیش لەداکۆکیکردن لەبەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدا، کاردانەوەی شەڕەنگێزانەی هەیە، بەڵام خەسڵەتێکی تایبەتی مرۆڤ وای لێدەکات، ئەم شەڕەنگێزییە لەگیانەوەرەکانی تر راشکاوانەتر ئەنجامبدات.

توانای مرۆڤ بۆ بیرکردنەوەو ئاگایی، وای لێدەکەن مەترسییە ئایندەییکانیش ببینێت، بۆیە رەنگە بەشێوەیەکی کاردانەوەی شەڕەنگێزانەی بەرامبەری ئایندەش هەبێت، وەک چۆن بەرامبەری ئێستا هەیەتی (ئەگەر ئەم چەشنە پێشبینی کردنەی ئایندە، بەشێوەیەکی نائاسایی لەسەر شێمانەیەکی لۆجیکییانە دامەزرابێت، نەک لەسەر پرەنسیپی ئەزمونیی، ئەوا ئێمە لەگەڵ بیرکردنەوەیەکی پارانۆییدا مامەڵە دەکەین).

بەرژەوەندییە ئۆرگانیەکانی مرۆڤ، لەوانەی گیانەوەران تێدەپەڕێت. مرۆڤ گیانەوەرێکی ئاماژە دروسنکەرە، پێویستی بەوەیە خۆی لەژیاندا بسازێنێت، بەهەڵبژاردنی چەند بەهایەک، ئەندێشەیەک، کەسێک و چەند دامودەزگایەک وەکو شتی پیرۆز، بەجۆرێک کەناتوانێت بەدەسبەرداربوونی ئەوانە بژی، بۆیە هێرشکردنە سەر ئەو ئاماژانە، چ ئەگەر ئایدیایەک بن، هۆزەکەی، دایکی، نەتەوەکەی، ئایدیای شکۆمەندیی، یان هەرشتێکی تر بن، کەژیانی دەرونی ئارام دەکەن، وەک ئەوە وایە هێرش بکرێتە سەر ژیانی بایۆلۆجیانەی. لەم بارەیەوە گرنگ نییە، ئایا ئەو سیمبۆلانەی ئەو داکۆکییان لێدەکات، ماقوڵن، یان نا، لەگۆشە نیگایەکی سایکۆلۆجییەوە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە، بەلای ئەوەوە پێویستن، بۆ ئەوەی بژی و پارێزگاری لەهاوسەنگی دەرونی خۆی بکات هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر ئەوانە، برینیە لەهەڕەشە بۆسەر بەرژەوەندییە ئۆرگانیەکانی.

توانایەکی تایبەتی مرۆڤ، برینیە لەکارتێکرانی بەئیحا، ئەگەر سەرکردەکەی هەوڵا بدات، وای لێبکات کەباوەڕ بێنێت، کەهەڕەشەی لەسەرە، یان لەسەری دەبێت، ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی رەخنەییانەی نەبێت و مەیلی لەوەبێت، کەوەکو واقیع ئەوە قبووڵ بکات، کەسەرکردەکەی پێی دەڵێت، کاردانەوەکەی ئەوە دەبێت، کەخۆی گورج بکاتەوە وەک ئەوە لەبەردەمی هەڕەشەیەکی راستەقینەدا

بێت، ئەوە گرنگ نییە، کەبەراستی مەترسی لەسەر بێت، یان نا، ئەوە، گرنگە کە قەناعەتی بەمەترسیەکە کردوە، ئەمەش لەسەر پلەی پشتبەستنی بەسەرکردەکەی راوەستاوە، لەگەڵا توانای کارتێکەرانەکەی و کزی بیرکردنەوەی رەخنەیی.

بەشێوەیەکی وەسفییانە، شەڕەنگێزی کاردانـەوەیـی بـەو راستیە دیاریدەکرێت، کە بەهۆی مەترسیەکی راستەقینە خود ئیحابۆکراوەوە بۆسەر بەرژەوەندییە ئۆرگانیەکان، وروژێنراوە، کەکاتێک مەترسیەکە نەما، ئەویش هێوردەبێتەوە، هەروەها رەفتاری شەڕەنگێزانە خۆی مەبەستێکی دیاریکراوی هەیەو هیچ برِێکی بەرچاو لەهەست و پەرۆشیی بەرهەم ناهێنێت. بەشێوەیەکی دەمارە سایکۆلۆجیانە، رەگی لەناو بەرینبوونەوەی ئەنجامەکاندایە، کەهەڕەشەکە بۆ سەر بەرژەوەندییە ئۆرگانیەکان پێکدەهێنێت و دەبێتە هۆی لەقکردنی هاوسەنگی ئاسایی.

وێرانکاریی شێلگیرانە زۆر جیاوازە لەشەڕەنگێزی کاردانەوەیی، کەئەمیان تایبەتە بەمرۆڤ و خزمەتی ئامانجی مانەوە ناکات مانەوەی بایۆلۆجیی، یان کۆمەڵایەتی، بەڵکو کرژیەکی شێلگیرو هەژا بەرهەم دەهێنێت. باشترین نمونەی زانراوی شەڕەنگێزیی شێلگیرانە، ئەوەیە، کەپێی دەوترێت سادیزم. بەشێوەیەکی گشتی وا لەسادیزم تێگەیشتووین، کەبریتیە لەچێژوەرگرتن لـەئـازاردان و زەلیلکردن بەشێوەیەکی فیزیکیانە، یان ئاکاریانەی کەسێکی تر، یان گیانەوەرێک. لەتێڕوانینێکی دەرونشیکارییەوە، سادیزم پاڵنەرێکی لاوەکیانەی لیبیدۆیە (وزەی غەریزەی سێکسی، بەپێی تیوریەکانی فرۆید) پێش ئەوەی سێکسی زاوزێ، کەم تا زۆر هەموو پاڵنەرە لاوەکیەکان بقۆزێتەوە، بەواتەیەکی تر، لەم تێڕوانینەدا، سادیزم لەبنەڕەتدا دیاردەیەکی سێکسیە. لەلێکۆلینەوەکانی خۆمەوە، گەیشتومەتە چەند ئەنجامێکی تر. من لەسادیزمدا یەک دەربڕینی تایبەتی هاندەرێکی گشتیتر دەبینم، کەناوی ئارەزووی کۆنترۆڵکردنی تەواوو رەهای مرۆڤەکانی ترو تەنانەت شتەکانیش.

هەروەها دەشێت ئەم ئارەزوە بۆ ئەو چەشنە کۆنترۆڵە رەهایە لەنێوانی رەگەزەکاندا سەرهەڵبدات و دەشێت لەگەڵ حەزی سێکسییدا ئاوێتە ببێت، بەتایبەتی ئەگەر لایەنەکەی تر، بەشێوەیەکی ماسۆشییانە مەیلی هەبێت و چێژ

لەلێدران، زەلیلکردن، یان هەر چەشنە ئازارێکی تر وەربگرێت. ئاوێنەبوونی ئارەزووی کۆنترۆڵکردن و دسـاردەی سێکسییانەی سادیزم، وەزیفەیەکی خود بچوکردنەوەیان خولْقاندوە. هەژانی سێکسیی و بازنە داخراوەکەی دامرکانەوی، هەروەها ئومێدێکی زیاتر بۆ وێرانکاری، لەوە زیاتر لەکردەوەی سێکسیدا بەرهەم نایەت.

پرەنسیپەکانی کۆنترۆڵکردنی رەهاو شەهوانی بەسەر خەڵک و شتەکانی تردا، بەهیچ مانایەک کورت ناکرێتەوە بۆ جیهانی هەژانی سێکسی. لێدانی مامۆستا لەقوتابیەک، یان زەلیلکردنی، یاخود تۆقاندنی، وەردیانی زیندان تورەیی خۆی بە ترساندن، یان زەلیلکردنی بەندکراوێکی بێچارە بەتاڵ دەکاتەوە، سستەری نەخۆشخانە، هەمان شت بەشێوەیەکی تر دەکات بەرامبەری نەخۆشێک کەلەبەر هۆیەکی کۆمەڵایەتی یان جەستەیی ناتوانێت نارەزایی دەرببرێت، خاوەن سەگ بێرەحمانە لەسەگەکەی دەدات، کاتێک بەئارەزوی ئەو هەڵناسورێت ئەمانە چەند نمونەیەکن بۆ وێرانکاری شێلگیرانە، کەخۆی بەشێک نیە لەپاڵنەری سێکسی. زۆرجار ئارەزوی کۆنترۆڵکردنی تەواو خۆی لەئارەزوی ئەشکەنجەجانی کەسێکی تردا دەردەخات، کاتێک بەزەحمەت رێگایەکی تر هەبێت بۆ پیادەکردنی کۆنترۆڵی رەهـا، بەشێوەیەکی تۆکمەتر بەسەر کەسێکی تـردا، بـەوەی ناچاری بکات، ئازار بچێژێت، لەکاتێکدا کەهیچ هۆکارێکی بەگژداچوونەوە، یان داکۆکیکردنی بەدەستەوە نیە، دژی شەرەنگێزەکە.

هەموو جارێک وێرانکاریی شێلگیرانە، فۆرمێکی راشکاو لەوێنەی ئەشکەنجەدان وەرناگرێت، لەوانەیە شێوەی فراوانکردنەوەی ئیرادەی کەسێک، عەفەویەتەکەی، سەربەستیەکەی وەربگرێت. وێرانکاری لەم جۆرە، زۆرجار مشتومالا دەبێت بۆ مکومیی، یاخود تەنانەت خۆشەویستییش. یەک هاوکاتیی لەم جۆرە وێرانکارییەدا هەیە کەدەگمەن نیە، بەتایبەتی لەرەفتاری بەکۆمەڵدا ئەویش بریتیە لەدەستدرێژیی سێکسی و دزی. سەربازە ڤیکتۆرییەکان لەجەنگە دێرینەکان، یان نوێکاندا، ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بێت، رێگایان پێدەدرێت کۆنترۆڵی رەها بەسەر خەڵکە بەزیوەکەدا پیادە بکەن. بەزۆر لاقەکردنی بێسەرەو بەرەی ژنان، زۆر گوزارشتکردن نیە لەئارەزووی سێکسی، لەچاو ئەوەدا کەئارەزووی

کۆنترۆڵی رەهایە، وەک دزینی هەرچیەک بدزرێت و ویرانکردنی ئەوەی ناوانرێت ببرێت، بەواتایەکی تر، خەسڵەتی وێرانکاریی شێلگیرانە بریتیە لەهەستی تواناى تەواو، ئارەزوی بەزاندنی سنورەکانی بوونی مرۆڤ، ئەگەر بۆ تاقە رۆژێکیش بێت، بۆئەوەی هەست بەخوایەتی بکات، هەست بکات کەهیچ شتێک بەرەنگاریی هێزی ئەوی پێ ناکرێت.

دەتوانین ئەم چەشنە ئارەزوە بۆ دەسەڵاتی تەواو لەتاکەکاندا بدۆزینەوە، کاتێک بارودۆخ دەفەرتیان بۆ دەرەخسێنێت، بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی بێسنور پیادە بکەن. (کامۆ ئەم میکانیزمەی لەکارێکیدا بەروونی پیشانداوە، پاڵەوانی شانۆگەریی کالیگۆلا) لەناو ئەوانەدا. شێمانەی پەیداکردنی دەسەڵاتێکی راستەقینەی ئاوا نیە، ئەوا چانسێک هەیە بۆ پیادەکردنەی دەسەڵاتێکی کێوییانە، بۆ ساتێک، یان بۆ رۆژێک. بۆ ئەو کەسانە ئەزمونەکە ئەوەندە هەژاناوییە، کەلەزۆر حاڵەتدا حەزدەکەن بمرن و ساتێک هەڵی ئەو دەسەڵاتە تەواوەیان بۆ برەخسێت. ئەم ئارەزوی کۆنترۆڵی رەهایە و دەسەڵات بەسەر کەمینەیەکی بێچارەدا، زۆرجار هەستێکی ئەوەندە زۆرە، کە دەشێت لەچەندان بارو دۆخدا پیادە بکرێت. باشترین نمونە جوڵانەوەی نازیزمە لەسیەکاندا.

یەکێک لەهۆیە سەرەکیەکان بۆ پەرەپێدانی ئەم چەشنە وێرانکاریە شەهوانیە هەستێکی، زۆر قووڵا و گرنگی (مەرج نیە سێکسی بێت) سستی، بێزاریی، نەرێیی، بەرامبەری رۆتینێکی نەگۆڕ، هەروەها خۆڵەمێشیبوونی ژیانی رۆژانە کەزۆر خەڵکی گرتۆتەوە. کەسی لاواز لەم حاڵەتەدا خولقێنەر نیە لەبیردا، لەهەستدا، لەپەیوەندیە کەسیەکاندا، لەهونەردا حەوانەوەی قووڵێ خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کەتاقە هەنگاوێک لەخولقاندنی ژیان کەمتر دڵگیرە، واتە خاپوورکرنی ژیان. ئەوە راستە کەخولقاندنی ژیان پێویستیی بەتوانا هەیە، لانیکەم بۆ سێکس، ئەگەر بۆ خۆشەویستی نەبێت، یاخود ئەگەر ئێمە لەژیانی جەستەیی نەکۆڵینەوە، پێویستی بەچالاکی و بەشداریکردن و سودوەرگرتن هەیە. وێرانکردنی ژیان، پێویستی بەهیچ نیە، جگە لەدەمانچەیەک، چەقۆیەک، یاخود دەستێکی بەهێز. ئەو کەسەی ژیانی لەدەستچووبێت، بەلایەنی کەمەوە چێژو حەوانەوە لەوەدا دەبینێتەوە، کەخۆی دەربخات، بۆئەوەی ببێت بەسەردار بەسەر ئەو ژیانەدا،

کەخۆی ناتوانێت بەدەسنی بهێنێت. ئەم چەشنە وێرانکاریە بەهەستێکی قووڵ و بەهێز دەناسرێتەوە، کەهەموو جەستە بەشداریی تێدا دەکات، هەروەها زۆرجار لەگەڵا وروژانی سێکسیدا ئاڵۆز دەبێت، بەڵام هەموو وروژانە جەستەییەکان، یاخود قوڵەکان، وروژانی سێکسی نین، گەرچی دەشێت بەئاسانی لەگەڵیدا بگونجێن.

فۆرمێکی تایبەتی وێرانکاریی شێلگیرانە، کەدەمەوێت بەسەرپێیی ئاماژەی بۆ بکەم، کەئەویش نەشوەی رقە. تاک لەحاڵەتی نەشوەدا بۆشایی نێوان خۆی و جیهانی دەوروبەری پێشێلدەکات و خۆی لەهەموو رایی و بیرکردنەوەیەک دادەڕنێت، هەروەها بەرێگایەکی تایبەتی لەگەڵ خۆیدا، یان لەگەڵ جیهانی دەرەکییدا دەبێت بەیەک. هەموو وزەو توانای یەک ئاڕاستە دەگرێتە بەرو هیچ دوودڵیەک نامێنێتەوە. دەشێت حاڵەتی نەشوە لەکردەوەی سێکسییدا بەرهەم بێت، بەهۆی دەرمانەوە، بەرەزم و ئیقاع، حاڵلێهاتن. دەشێت هەموو ئەو فۆرمانە، بەشێوەیەکی بنەڕەتی خێرخوابن ئەگەر گوزارشت لەژیان بکەن، تەنانەت ئەگەر بەرزترین و پێشکەوتوترین فۆرمی ئەزمونی هەژان نەبن، ئەوەی کەبەتەواویی لەگەڵ خود و ئەو جیهانەدا یەکدەگرێت، کەنوێنەری حاڵەتی هارمۆنیایەکی چالاکە.

یەکێک لەفۆرمە راستەقینەکانی هەژانی رقـاوی، کەهەژانی رق و وێرانکارییە. لەم نەشوەیەدا، کەسەکە بەتەواویی لەناو رق وێرانکاریەکەیدا دەتوێتەوە، ئەو لە»تەنیشتی خۆیەوە«یە، چونکە بەتەواویی توڕەیی و هەڵچوون و ئارەزوی کوشتن و کۆنترۆڵکردن دایگرتوە. لەم رەهابوونەی رقدا، ئەو بەتەواویی یەکگرتوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا پەیوەندی بەجیهانی دەرەوەی خۆی و بەخودی خۆشییەوە دەپچڕێت. ئەم هەڵچوونە تەواوە، بەرەو لێواری شێتی و هەستی دابڕان دەڕوات، بەوەی هەموو هاوکاریەکی لەگەڵ ژیان و ژیندا لەدەستدەدات.

بەپێچەوانەی وێرانکاریی شێلگیرانەوە، کەبریتییە لە تێکچوونی زیندەگانی و خۆشەویستی، بەڵام هێشتا هەر گوزارشتکردنە لەژیان، پێدەوترێت نیکرۆفیلیا، بریتیە لەمیکانیزمێکی پوختی مەرگدۆستی، پووکانەوە، نەخۆشی. گەلێک کەس هەیە کەسەراسیمەی ژیان دەبن، واتە مەرگ، بەتەواویی و بەشێوەیەکی میکانیکی کۆنترۆڵیان دەکات، بەبێئەوەی پێشبینیی ئەوەیان لێبکرێت، یاخود چاوەڕوانی شتی وابین لێیان. بەپێچەوانەی ئەو خەڵکانەوە کەئالودەی ژینن، ئەوەنەی ژیانیان

خۆشدەوێت و لەژێر کاریگەریی هەموو شتێکدان، کەبونیادی گەشەکردن و پەرەسەندنیان تێدا بێت. کەسی ئاسایی باسی کەسێک دەکات، کەلەودا خۆشەویستی ژیان شتێکی بەرچاوە، لەلایەکی تریشەوە، لەوانەیە هیچ چەشن، یان زاراوەیەکی سایکۆلۆجیش پیادە نەکات، ئاگاداری کەسێکی تر بێت، کەدژە ژین بێت و بەتەواویی میکانیزمەکە کۆنترۆڵی کردبێت. لەخەونی مرۆڤە نیکرۆفیلیاییەکاندا، سیماکان جەستە سەربڕاوەکان، گۆڕستانەکان و ئەو ئەشکەوتانەی دەرچەی دەربازبوونیان نیە، دیمەنی زاڵن، یان هەرهیچ نەبێت زۆر دووبارە دەبنەوە. دەتوانرێت لەرێی ئاقیکردنەوەی کەسێتی و پەڵەی مەرەکەب، هەروەها لەرێی لێپرسینەوەوە دەستدەکەوێت (بۆ تێگەیشتنی تەواوی نیکرۆفیلیاو بایۆفیلیا) بڕوانە ئەریک فرۆم (دڵی مرۆڤ) نیویۆرک 964، بەکارهێنانی ئاقیکردنەوەی کەسێتی لەکاری دکتۆر (میشێل ماکۆیی)دا روونکراوەتەوە، کەهێشتاکە چاپ نەکراوە.

خەڵکێکی زۆر هەن کەتێکەڵەیەک لەخەسڵەتەکانی لەنیکرۆفیلیاو بایۆفیلیایان تێدایەو گرفتیشیان هەیە، بەڵام بەشێوەی ململانێیەکی ناوەکی کەدەریدەخات، کام لەو دوو خەسڵەتە باڵادەستن. خەڵکی تریش هەن کەبەزۆرییان نیکرۆفیلیان، یان بایۆفیلیا، لەم حاڵەتانەشدا زۆر زەحمەتە ئەندێشەی گۆڕانیان لێبکەین، مەگەر لەبارو دۆخی چاوەڕواننەکراودا بێت. زیاتر دەمەوێت لەوەیە، گریمانە بکەم کە لەحاڵەتی نیکرۆفیلیای خەستدا، دەتوانین چەند تۆخمێکی ناوازە بدۆزینەوە، گەرچی ئەم گریمانەیە بەتەنیا لەسەر ئەو راستییە دامەزراوە، کەناتوانرێت بەتەنیا لەسەر بارودۆخی ژینگە کرژیی مەیلە نیکرۆفیلیەکە دیاریی بکرێت، بەواتەیەکی گشتی، لەوە دەچێت ئەتمۆسفیری وروژاندنی نازیندەگانی و زبری فاکتەرێکی گرنگ بێت بۆ پەرەسەندنی خەسڵەتەکانی نیکرۆفیلیا، لەبەر ئەم هۆیە نیکرۆفیلیا بەشێوەیەکی دیار لەناو ئەو چینە کۆمەڵایەتییانەدا بەرچاو دەکەوێت، کەلەهیواو ئاوات دابڕاون و شێمانەی ئەوەشیان لێناکرێت، بڕژێنە ناو شەپۆلی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەوە، گەرچی من هەوڵمداوە پیشانی بدەم بۆچی مرۆڤ کاردانەوەیەکی شەڕەنگێزانەی زیاتری هەیە لەچاو گیانەوەرەکاندا، بەڵام هێشتا ئەوە هەردەمێنێتەوە بڵێین کەهەستی بێزاریی و بێهودەیی و نازیندەگانیی، کەدەکەونە بنکەی هەژانی وێرانکاری، لەگەڵ کەمی چالاکی زیندەگانیدا، کەشتێکی

بنەڕەتیە بۆ پەرەسەندنی نیکرۆفیلیا، هەموویان بەشێوەیەکی تایبەتی ئەزمونی مرۆیین. گیانەوەر بەغەریزەکانی دەژی و بەشێوەیەکی بنەڕەتی، ئەم چەشنە گرفتانەی نیە (بۆیە دەتوانریێت لەناو تاقیگەدا، هەستی نازیندەگانی لەگیانەوەراندا بخولقێنریێت).

گەرچی تەرزە جیاجیاکانی شەڕەنگێزی و وێرانکاری لەبڕو رەگوڕیشەیاندا جیاوازن، بەڵام زۆرجار بەیەکدا دەئاڵۆسکێن، بەشێوەیەکی تایبەتی گرنگە تێبینی بکەین، کەمیکانیزمێکی تەرەقە گڕدان هەیە، کەدەبێتە هۆی تەقینەوەی وێرانکاری جۆشسەندو یان نیکرۆفیلیا، وەکو ئەنجامێکی کاردانەوەی شەڕەنگێز. دەتوانین تێبینی ئەمە بەشێوەیەکی کرداری لەجەنگەکاندا بکەین، کەلەوێدا سەربازەکان رێیان پێدراوە دوژمن بکوژن. لەهەندێک سەربازدا ئەم بۆیەکەمجار شکاندنەی تابۆی کوشتن، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی گرێیەکانی سادیزم و نیکرۆفیلیا، ئەو سەربازانەش بەرەو ئەوە دەڕۆن، لەناو رەفتاری هەژاوی زبردا نوقم ببن، تا دەگەنە رادەیەک کەئیتر لەگەڵیدا بەردەوام دەبن، لەوانەیە هەرگیز لەرەفتاریاندا ئەمەیان نەکردبێت و یەکەمین هەنگاویشیان ناڕەحەت بووبێت، بەڵام لەکاتێکدا کەئەمە وایە، ئەوەش راستە کەسەرباری شکاندنی تابۆی کوشتن، بەتەنیا ژمارەیەکی کەمی سەربازان رەفتاری زبریان لێدەوەشێنەوەو چێژ لەوێرانکاریی وەردەگرن. ئەگەر داتایەکی زۆرترمان لەبەردەستدا بێت دەربارەی رەفتاری سەربازەکان لەجەنگە مۆدێرنەکاندا، پێمِوایە بەڵگەی قایلکەرانە دەدۆزینەوە لەسەر ئەوەی رێژەی خەڵکە سادیی و نیکرۆفیلیەکان، ئەوەندە زۆر نیە، کەخەڵکی زۆر بۆی دەچن، یاخود وەک ئەوەی تیوری غەریزەی وێرانکاری وامان لێدەکات بۆی بچین. مایەی کەسەرێکی زۆرە، کەتا ئێستا ئەو داتایە بەشێوەیەکی رێکوپێک وەرنەگیراوەو شینەکراوەتەوە. چونکە ئەو داتایانە، زانیاریەکی زۆرمان بۆ زیاد دەکەن، دەربارەی رەفتارەکانی شەڕەنگێزیی و وێرانکاری لەناو جەماوەرە ئاساییەکاندا، تەنانەت لەژێر سایەی بارو دۆخی تایبەتی جەنگیشدا.

ئایا ئێمە لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کەش و هەوایەکی کۆمەڵایەتی و کەلتوریی وەهامان خوڵقاندوە کەتوندو تیژیی بەرهەم بهێنێت؟ دەتوانین چی بکەیت بۆ کۆنترۆڵکردنی وێرانکاریی؟

پرسیاری ئەوەی ئایا ویلایەتە یەکگرتوەکان، ئەمڕۆکەش و هەوایەکی وای هەیە، کەتوندو تیژی بەرهەم دەهێنێت، پێویستە بەئەرێ وەڵام بدرێتەوە، بەڵام نەک تەنیا لەبەر ئەوەی توندو تیژیی لەفلیم و رەفتارە خەندە ئاوەرەکاندا پیشان دەدرێت، یاخود لەبەر ئەوەی ئەمریکیەکان لەبارودۆخێکی زۆر هەژارانەدا دەژین، لەناو کەلتورێکدا کە سەرفکاریی ستایش دەکرێت، چ بەشێوەیەکی ناوەکی، یان دەرەکـی، وەک ئەوەی ئامانجی ژیان بێت. رەگ و ریشەی تر هەیە بۆ بوونی ئاستەکانی توندوتیژیی. هەستکردن بەنیگەرانی لەناو جەماوەری ئەمریکیدا تەشەنەی کردوە: هەموو جەماوەر نیگەرانن، بۆیە زۆرجار بەشێوەیەکی نەستیانە، دەربـارەی روودانی جەنگێکی ئەتۆمی، رەش و سپی پێکەوە لەوە دەترسن، کەرەنگە گروپێکیان حەز بکات، ئەوەی تر خاپور بکات، چینی ناوەڕاستیش دڵەراوکەیەتی لەترسی ئەوەی لەسەر پەیژەی پێشکەوتن خەوی لێبکەوێت. هێشتا چەندان فاکتەری گرنگی تریش هەن، کەمیزاجێکی توندو تیژ و وێرانکار بەرهەم دەهێنن: بەمیکانیکیکردنی ژیان، بێدەسەڵاتبوونی تاکەکان، نەرێی ژیانی سەرفکارو نازیندەگانی کەلەو نەرێیەتیەوە دەکەوێتەوە، حەقیقەتی ئەوەی ئێمە تێڕوانینێکمان نیە و ئامانجێکمان نیە بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگاکەمان، جگە لەبەرهەمهێنانی زیاترو سەرفکردنی زیاتر، هەروەها ئەو ناکۆکییە قووڵەی نێوان ئەو بەهایانەی، کەئێمە شارەزایانین و ئەوانەشی کەرەفتاریان پێدەکەین. رەوشی وەک ئەوانە، حاڵەتێک دەخولقێنن، کەبۆ توندوتیژیی و وێرانکاری بەپیتە، سەبارەت بەوانەی کەئارامی مادییان کەمە، کەهیواو ئاواتەکانیان بەخێکی کەمیان هەیە بۆ بەدیهاتن، هەروەها ئەوانەی بەشداری ناکەن لەپێشکەوتنی زۆرینەی خەڵکی ئەمریکادا. لەلایەکی تریشەوە، ئەوانەشی کەبەشداریی دەکەن لەم پێشکەوتنەدا، ئەوانیش لەقوڵایی ناخیاندا نیگەرانی و دڵەراوکەیان هەیە، توانیویانە ئەو هەستانەی خۆیان بەرۆتینی رۆژانە بگۆڕنەوە، بەو ئومێدەی ئەوان لەژیانی تایبەتییاندا سەرکەوتوو بن، هەروەها بەگۆڕینی بەردەوامی مۆدێلی سەرفکردنەکانیان، بەڵام لەماوەی درێژدا، ترس و نائارامیی و بێزاریی، دەبنە هۆی تەشەنەکردنی توندو تیژیی لەسەراپای دانیشتواندا، کەمینەکان زیاتر رادەپەڕن، زۆرینەش تەدارەکی توندو تیژانەتر، دژی راپەڕینەکانیان بەکاردەهێنێن.

سزادانی مانگرتوان و سەپاندنی یاساو ئۆردەر، توندوتیژیی کەم ناکەنەوە، بەپێچەوانەوە، توندو تیژیی زیـاد دەکـەن، چونکە بێزاری نوێ و جەنگی سەرانسەریتر و هەڵچوون لەوانەدا دەخوڵقێنن، لەوانە کەتوشی توندو تیژیی رێکخراوی دەوڵەت دەبنەوە، تاکە هۆکار بۆ گۆڕینی پەلکوتانی کشتی بەرەو توندو تیژی و وێرانکاری، برێتیە لە بەمرۆییکردنی کۆمەڵگە تەکنەلۆجیەکەمان. بەمەش مەبەستم لەوەیەی پێویستە کۆمەڵگاکەمان خزمەتی ئامانجە مرۆییەکان بکات لەگەشەپێدان و پێشخستنی مرۆڤ، نەک دروستکردنی شێوازی سەرفکاری بەکۆتایی ئامانجی مرۆڤ.

پێویستە تاک چیتر هەست بەبێدەسەڵاتی نەکات، لەکارکردنە سەر ژیانی کۆمەڵگەدا کەژیانی خۆی لەلایەنی ئەوەوە بەڕێوە دەبرێت. دەشێت ئەم گۆڕانە تەنیا لەتوێی زیاتربوونی بێپسانەوەی بەشداریکردنی و لێپرسراوێتیەوە دەبێت لەلایەنی ئەوانەوە، کەئێستا گوزەرانیان باشەو لەبەشداریکردنی چالاکانەی بڕیاری سیاسیی وەدەرنراون، یاخود لەسیاسەتی ئەو دامودەزگاو سەرچڵیانەدا، کەکاریان تێدا دەکەن. ئەمە شتێکی خراپە، لەوەش زیاتر، ئێمە کەسەرفکاریی جەبرییانە کەم دەکەینەوە، کەنەرێیەتی کەسەکە زیاتر دەکات، هەروەها رێگای نوێ دەدۆزینەوە بۆ چالاکی وەها، کەگوزارش لەتواناکانی مرۆڤ بکەن. ئەمڕۆ، بیرکردنەوەو هەستکردن زیاتر و زیاتر لەیەکتریی جیابوونەتەوە، ئەم جیابوونەوەیەش دەبێتە هۆی دوولەتبوونی رۆشنبیریی، یاخود هەستگەرایییەکی نیرۆسیی و ناعەقڵانی. بەتەنیا ئەگەر هەست و سۆز و ژیریی پێکەوە کار بکەن، مرۆڤ دەتوانێت، بەرێگایەکی وەها بجوڵێنەوە، کەژیان خۆش بکات، لێرەشەوە شێمانەی ژیانێکی بەرهەمدارو ناتوندوتیژ زیاد دەکات. بەکورتی، ئەوەی پێویستمانە، برێتی نییە لەزیاتر جڵەوکردنی توندوتیژیی و شەڕەنگێزی، بەڵکو کەمکردنەوەی وێرانکاری و توندوتیژیە، بەوەی ژیانی تاک و کۆمەڵگە والێبکەین، زیاتر مانادارو مرۆیی بێت.

## زمانی لەیادکراو
## ((دەروازەیەک بۆ تێگەیشتنی خەونو حیکایەتو ئەفسانە))

ئەریک فرۆم
لەعەرەبییەوە: ئاواث محەمەد

ئەگەر راست بێت مرۆڤ دان بەو سەرسوڕمانەی بەرامبەر سەرەتای حیکمەتدا هەیەتی، بنێت، ئەوا ئەم راستییە تەنها ئەوەندە بڕ دەکات، کەگوزارەیەکی سادە بێت لەحیکمەتی مرۆڤی سەدە نوێیەکان، ئێمە بەو هەموو چاکەیەی لەبواری خوێندنی باڵادا هەمانە لەبواری ئەدەبیدا، لەگەڵ ئەو ئامادەکارییەی لەپەروەردەی گشتیدا هەمانە، ئەو بەهرەیەمان لەدەستداوە، کەچۆن گوزارشت لەو حیرەیەمان بکەین، بەپێی هەموو کارەکان ئەبێت ئەم مەسەلەیە زانراو بێت، ئەگەر لای ئێمەش وانەبێت ئەوا لای زۆرێک لەپسپۆران، کەکاریان زانینە، زانینی ئەو شتەی ئێمە بۆمان نەبووە بیزانین، لەبەرئەوەی مرۆڤ ئەگەر لەکاری خۆی تووشی سەرسوڕمان(الحیرە) بێت، دەبێتە دەلالەتێکراوێکی ناچیزە بۆ هیچیەتی هزری، تەنانەت منداڵان بەدگمەن گوزارشت لەو سەرسوڕمانەی خۆیان دەکەن، یان راستره بڵێین هەوڵدەدەن گوزارشتی لێوەنەکەن،بەم شێوەیە هەرکات بچینە ناو تەمەنەوە، کەمە کەمە بیری ئەو مەملەکەتی سەرسوڕمانە دەکەین، بەڵکو ئەوە وەردەگرین وەڵامدانەوەی راست بۆ کارێکی فرە گرنگ، باشترە، لەهەمان کاتدا درکاندنی پرسیاری راست بەتێڕوانینو هەند وەرناگرین، لەبەرامبەردا دەبێتە خاوەنی بەهایەکی لاوەکی.

لەوانەیە ئـەم هەڵوێستە هۆکارێک بێت لەهۆکارەکانی وادەکـات خەونەکانمان- کەدیاردەیەکی سەرسووڕهێنەری ژیانمانە- کەمترین پشکی سەرسوڕمانی بەرکەوێت، کەمترین پرسیاری لەبارەوە بکەین، هەموومان خەونەکانمان دەبینین، بەڵام لەخەونەکانمان ناگەین، لەگەڵ ئەوەدا واهەڵسو کەوت دەکەین، ئەوەی لەهزری نووستوماندا روو دەدات جێگەی سەرسووڕمان نییە - کەدەڵێم سەرسووڕمان بەپێوانەی ئەو لۆژیکی کردارە دیاریکراوانەی کۆنترۆڵی هزری مرۆڤی بەئاگاهاتوو( مەبەست لێرەدا مرۆڤی نەنووستووە، و،ک) دەکات،

مرۆڤی نەنووستوو مرۆڤێکە توانی بەسەر کردارەکانیدا هەیە،هەروەها خاوەنی ئەقڵە، ئەوەندە ئەرک ناکێشێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتانەی دەخوازێت بەدەستی بهێنێت، ئەو لەبەرئەمە ئامادەیە لەبەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی دەرەکیدا بەرگری لەخۆی بکات، هەڵسو کەوت دەکاتو کارەکان دیاری دەکات، چاودێری شتەکانی دەوروبەری دەکات، لەوانەیە کاری لەگەڵ شتەکانو کردارەکاندا بەو شێوەیە نەکرداەیە، بەڵام ئەمە دەکات، لانی کەم بەشێوەیەک دەتوانێت بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێتو بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، لەبەرمبەر ئەمەدا دەبینین ئەم مرۆڤە بەپێی پێویست ئەندێشەی لەدەستداوە، تەنانەت ئەندێشەی- جگە لەمنداڵو شاعیران- بەدگمەن لەووردەکارییکانی ژیانی رۆژانەی دوور دەکەوێتەوە، راستە مرۆڤ بوونەوەرێکی چالاکە، لەگەڵ ئەمەشدا لەخراپەکانی بەدەر نییە، ئەو ناو لەو بوارە فراوانەی ژیانی دەنێتو ناوی ( واقع)ی لێدەنێت، ئەو زۆر شانازی بەو واقعیبوونەوەی خۆیەوە دەکات، هەروەها بەو چوستو چالاکییەی لەمامەڵکردندا لەگەڵ واقعیەتدا هەیەتی، بەڵام لەکاتی نووستندا شێەیەکی تری بوون لای بەئاگا دێت، مرۆڤ خەون دەبینێت،ئەو چیرۆکێک داداهێنێت هەرگیز رووداوەکانی روو نادەن، هەروەها هەندێک جار هیچ پەیوەندییەکی بەواقعەوە نییە، هەندێکجار خەوبین خۆی پاڵەوانی خەونەکەیەتی، هەندێکجاری تر خۆی دەبێتە قوربانی، هەندێک جاری تری جوانترین دیمەنەکان بەبەرچاوییەوە روودەدەنو هەست بەشادمانی دەکات، بەڵام زۆرجار دەبێتە نێچیری تۆقینێکی گەورە، ئەو رۆڵەی خەوبین هەرچیەک بێت کەدەیبینێت، لەخەونەکەیدا، ئەوە هەر ئەوە، ئەو خەونە دادەهێنێت، ئەوە خەونی ئەوە، ئەو خۆی گرێچنەکەی داهێناوەو کەسی تر نییە.

زۆرێک لەخەونەکان خاوەنی سفەتی هاوبوشن: ناچنە ژێر باری یاسای لۆژیکەوە، ئەو لۆژیکەی حوکمی بەئاگاییمان دەکات، هەروەها هەردوو واژەی کاتو شوێن ناناسێت، هەندێک جار مردووەکانمان بەشێوەی زیندوو پیشان دەدات، ئەوەمان بۆ دەکێشێت، کەئەو رووداوانەی لەئێستادا روو دەدەن، لەمێژە روویان داوە، خەون هەندێک جار دەمانخاتە بەردەم دوو رووداو کەلەیەک کاتدا روودەدەن، لەهەمان کاتدا ناشێت لەیەک کاتدا رووبدەن، بەڵام گوێدان بۆ یاساکانی شوێن، جێگەی وەبیرهێنانەوە نییە، ئاسانە رێگەمان پێبدا لەیەک ساتدا

ماوەیەکی درێژ ببڕین، یان وامانلێبکات لەیەک کاتدا لەدوو شوێن بین، یان دوو کەس لەیەک کەسدا کۆبکاتەوە، یان کەسێک بەکەسێکی تر بگۆڕێت، لەراستیدا مرۆڤ لەخەوندا جیهانێک دەخوڵقێنێت هیچ کێشێک بۆ کاتو شوێن دانانێت، ئەگەرچی ئەم دوو واژەیە هەموو چالاکیو کردارەکانمان دەگرێتەوە، هەروەها خاوەن خاوەنی سیفەتێکە کەسانێکو رووداوگەلێک، لەهزرماندا دیاردەخات، کەسالآنێکە بەخەیاڵی خەوبیندا نەهاتووە، کەلەوانە بوو لەکاتی بەئاگاییدا هەرگیز وەبیری نەهاتبایەتەوە، بەڵام لەناکاو لەخەوندا دەردەکەوێتو وەک ئەوەی رووداوێکی مالوف بێتو کەگرنگی فکرمان داگیر دەکات، بەم شێوەیە ژیانی خەون بەسەر ئەنبارێکی گەورەدا دەکرێتەوە، کەهەموو ئەزموونەکانی پێشوومانی تێدایە، هەروەها یادەوەرییەکانمانی تێدایە، کەلەژیانی بەئاگاییماندا هیچ زانیارییەکمان لەبارەیەوە نییە.

بەڵام خەون بەم هەموو سیفەتە سەیرەوە، کارێکی تەواوە لای خەوبین، تائەو کاتەی خەونی پێوە دەبینێت، هیچی لەو ئەزمونانە کەمتر نییە، کەلەژیانی بەئاگاییدا روودەدەن،ناتوانین بڵێین ئەوەی لەخەوندا روو دەدات، وەک ئەوە وایە کارەکە هەر خۆی وابێت، خەون هەڵبژاردنێکی هەنووکەییو واقعیە، بەپلەیەک واقعییە یەک پرسیاری دوالیزمیمان لادرووست دەکات: واقع چییە؟، چۆن مرۆڤ بتوانێت درک بەوە بکات ئەوەی لەخەوندا دەیبینێت بەواقعی ئەژمار ناکرێتو ئەو ئەزمونەی لەبەئاگابووندا هەمانە واقعییە؟، شاعیرێکی چینی بەشێوەیەکی سەرنجراکێش گوزارشتی لەم کارە کردووەو دەڵێت(( دوێنێ شەو خەونم بینی بوومەتە پەپولە، ئێستا ئەوە نازانم کەمن پیاوێک بووم لەخەونمدا خۆم وەک پەپوولە بینیەوە، یان پەپوولەمو ئێستا خەون دەبینم بووم بەپیاوێک))

لەبەرئەمە ئەوەندە بەسە نییە ئەو ئەزموونە زیندوەی لەشەوەدا بەسەرماندا دێت، لەگەڵ بەئاگابوونەوە بێتە هەڵمو بڕەوێتەوە، ئێمە زۆر بەزەحمەت وەبیرمان دێتەوە، زۆریان بەئاسانی دەگەڕێنەوەو بەتواوەتی لەبیریش دەچنەوە، کەبەتەواوەتی وون دەبێت، بەشێوەیەک بیرمان دەچێت کەچۆن لەو ژیانەدا ژیاوین، لەجیهانێکدا کەجیهانی خەونە، ئەگەرچی هەندێکیان جۆرێک لەیادەوەری تەمو مژمان لادروست دەکەن، بەڵام زۆر بەخێرا بۆ جیهانی لەبیرچوونەوە

هەڵدێتو بێگەڕانەوە گوزەر دەكات ئەگەرچی ئێمە هەندێک لەخەونەكانمان لەبیر دەمێنێت، ئەویش ئەو هەندەی دەربارەی دەدوێینو دەڵێین(خەونێكم بینی)، ئەویش وەک ئەوەی رۆحێكی ناسیاو یان دوژمن سەردانی كردبین، بەڵام لەگەڵ دەركەوتنی یەكەم تیشكی گزنگ بیرمان دەچێتەوە، ئەو كات بەشێوەیەكی زەحمەت وەبیرمان دێتەوەو كەلەناوماندا بووەو بەشێوەیەكی گەرم لەتەكماندا سەرقاڵی كردووین.

لەوانەیە گرنگترین هۆكار كەئاماژەمان پێدا، هاوشێوەیەی ئەوەی فكری باڵا لەكاتی خەوندا دایدەهێنێتو لەنێوان كۆنترین شێوە گوزارشتەكانی مرۆڤ دایهێناوە، مەبەستمان ئەفسانەیە.

گومانی تێدا نییە هەڵوێستمان بەرامبەر ئەفسانە ئەوەندە تووشی حیرەتمان بكە، ئێمە لەو بارەیەوە دەبیستین، ئایا ئەمە بەشێک لەئاین پێک دەهێنێت یان ئازادییەكی بەڕێزە، بەو دانپیانانە زاراواییە دەیشۆینەوە، كەهەموو نەریتەكانی رێزی لێدەگرینو شكۆداری دەكەین، ئەوكات ئێمە وەک شێوەیەكی گوزارشتی سادە تەماشای دەكەین كەفكری مرۆیی بەدەستی هێناوە، ئەویش بەر لەوەی رۆشنایی زانستی لێهەڵبێت، بەهەرحاڵ ئێمە بەرامبەر ئەفسانە واهەست دەكەین، جائەگەر بابەتێک بێت بۆ خۆڵێگێلكردن یان رقلێبوونەوە یان رێزلێگرتن، هەست دەكەین پەیوەندی بەم جیهانەمانەوە نییەو وابەستەی بیركردنەوەی لۆژیكی ئێمە نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک لەخەونەكان لەئەفسانە دەچن، جالەفۆرمەوە بێت یان ناوەڕۆک، ئەگەرچی لەژیانی بەئاگاییماندا ئەم دوو جیهانە بەدوو بەشی دوور لەیەكتر دادەنێینو هیچ پەیوەندییەكان بەیەكەوە نییە، ئەمە ئەوە ناخاتە نێوانمانەوە، كەلەكاتی خەودا ئەوە دابهێنین، كەدەرئەنجامەكانی لەئەفسانە بچێت، وەک لێكچوونی دوو برا بۆ یەكتری، لەئەفسانەشدا كۆمەڵێک رووداوی دراماتیكی هەن، ناكرێت لەجیهانی كاتو شوێندا جێگەی ببێتەوە: دەبینین پاڵەوانێک ماڵ جێدێڵێت تاهەموو جیهان رزگار بكات، یان پەیامەكەی بگەیەنێت، هەڵبێتو لەناوسكی نەهەنگێكدا بسرەوێت، دەبینین دەمرێتو زیندوو دەبێتەوە، هەروەها باڵندەیەكی ئەفسانەیی دەبینین دەسوتێتو لەخۆڵەمێشەكەی زیندوو

دەبێتەوە، کەزۆر جوانترو شکۆمەندتر دەردەکەوێت، - سرووشتیە کەگەلانی جیاواز ئەفسانەی جیاوازیان بەرهەمهێنابێت- بەڵام ئەفسانەو خەون لەگەڵ ئەم هەموو جیاوازییانەدا خاوەنی سیفەتێکی هاوبەشە: هەموویان بەیەک زمان «نووسراونەتەوە» ئەو زامنەش زمانێکی رەمزییە.

ئەفسانە بابلیو هیندیو میسرییو عیبریو گریکییەکان، بەهەمان زمانی خەونو ئەفسانەی لای تورکو ئاشتی نووسراوەتەوە، ئەو خەونانەی مرۆڤی ئەمڕۆ لەنیویۆرک یان لە پاریس دەژی هەمان خەونە لەمرۆڤەکانی بەر لەهەزارەها ساڵ لەئەثینا یان قودس بینیویانە، خەونەکانی مرۆڤی چاخە کۆنەکانو ئەو مرۆڤەی لەسەدە نوێیەکاندا دەژی، بەهەمان زمان نووسراوەتەوە، بەهەمان زمانی ئەفسانەکان نووسراوەتەوە کەمرۆڤەکانی لەسەرەتای چاخی مرۆڤایەتیدا ژیاون.

زمانی رەمزی ئەو زمانەیە کەبەهۆیەوە ئەزمونە گەرمو هەستو بیروڕاکانی تێدا دەردەبڕێت، وەک ئەوەی ئەزمونێک بێت لەجیهانی دەرەکیدا هەبێت، یان رووداوێک بێت لەرووداوەکانی ئەم جیهانە، لۆژیکی ئەم زمانە جیاوازە لەلۆژیکی ئاسایی، کەقسەکردنی رۆژانە دەچێتە ژێر بارییەوە، ئەو ملکەچی لۆژێکی تایبەتە کاتو شوێن وەک دوو گووتەی سەرەکی خۆی وەرناگرێت، بەڵکو پێکەوە بەستنو توندوتۆڵییە، ئەوە تاکە زمانی کۆککراوە، کەرەگەزی مرۆیی توانیویەتی گەشەپێبداتو بیکاتە یەک زمان بۆ هەموو شارستانیەکانی ناو مێژوو، ئەم زمانە، ئەگەر بتوانین بڵێین، رێزمانو رەوانبێژی تایبەت بەخۆی هەیە، پێویستە لێیتێبگەین، ئەگەر بمانەوێت بەئاگاییەوە لەزمانی ئەفسانەو خەونو حیکایەتی جنۆکەکان بگەین.

بەڵام مرۆڤی ئەم سەردەمە ئەو زمانەی لەبیر کردووە، لەراستیدا لەکاتی بەئاگابووندا نەک لەکاتی خەوتنیدا لەبیری کردووە، ئایا شیتەڵکردنەوەی رەمزەکانی ئەو زمانە، دەبێتە مەعریفەیەک کەهەمان گرنگی کاتی بەئاگابوونی هەبێت؟، ئەو مرۆڤانەی پێشتر لەشارستانی خۆرئاواو خۆرهەڵاتداو لەکۆندا دەژیان بێدوودڵی نواندن یەکسەر وەلامی ئەم پرسیارەیان دەدایەوە، کە ئەفسانەو خەونیان وەک قوڵترینو دەوڵەمەندترین شێوەکانی گوزارشتکردن کەهزر هەڵیدەهێنجێت دادەنا، ئەو کەسانەی ناتوانن درکی پێبکەن یان لێیتێبگەن، بەنەزان ئەژمار دەکرێن

ئەم هەڵوێستە تەنها لەم چەند سەدەیە نزیکەی رابردوودا لەمێژووی شارستانی ئەوروپی گۆڕانکاری بەسەر هات، کەواتەماشای ئەفسانە دەکرا وەک پێکهاتەیەکی سادە، کەفکری قۆناغی بەر لەزانست لەمێژوو دایانهێناوە، بەرەلماوەیەکی درێژ لەوەی مرۆڤ دۆزینەوە گەورەکانی لەبواری سروشدا بدۆزێتەوە، بەر لەوەی دەست بەسەر هەندێک نهێنیدا بگرێت، کەدەرفەتی داوە کۆنترۆڵی سروشت بکات، هەروەها خەونیش لەشارستانی نوێدا هیچی لەو حوکمانە کەمتر نییە کەسەبارەت بەئەفسانە داوێتی، ووتویانە وەک ئەفسانە لەهەموو مانایەک بەتاڵە، تەنانەت پێویست ناکات مرۆڤی ئاقڵی بەئاگا هیچ جۆرە گرنگییەکی پێبدات، پێویستە سەرقاڵی کاری گرنگتر بێت، وەک دروسنکردنی ماشێنو شتی لەو بابەتە،، ئەوەی هەست دەکات واقعییە لەبەرئەوەیە لەدەرەوەی واقیع هیچی تر ناناسێت، ئەوانەی ئەو دەتوانێت مامەڵەیان لەگەڵ بکاتو دەستیان لێبیدات،- وەک هەموو ئەو واقعیانەی ناوێکی دیاریکراوە بۆ هەر ئوتومبێلێک دادەنێن- بەڵام تەنها یەک کردار دەزانن، ئەویش کردەی حەزم لێیەتی یان خۆشمدەوێت(احب) تاکو گوزارشت لەچەندەها هەمەچەشنی ژیانی سۆزداری بکەن!، ئەگەر ئەمەو خەونەکانمان خواستە بوونایە بۆ ئەندێشەو تێڕوانینمان، کەلەرێیانەوە باشترین هیواکانمان بهاتایەتە دی، دەمانتوانی وەک هاوڕێیەک مامەڵەی لەگەڵ بکەین، بەڵام مەسەلەکە بەم شێوەیە نییە، لەبەرئەوەی زۆرێک خەون هەن دەمانخەنە ناو دودڵیو ترسەوە، زۆرێک لەشەوەکانمان پڕن لەدێوەزمە، بەشێوەیەک کەبەئاگا دێین سوپاسەکەین کەبەئاگاهاتووینو لەو شەڕە رزگارمان بووە، لەناخی خۆماندا دەڵێین» هیچ نییە خەون بوو!» هەروەها هەندێک خەونی تر خەومان دەزڕێنێتو جێگەمان لێنێک دەدات، بەبەێ ئەوەی دێوەزمەش بێت، ئەو دژبەیەکانەی لەو خەونەدا هەن لەگەڵ کەسایەتی ئەو مرۆڤەدا نایەتەوە، کەلەبەئاگابونماندا لێی دڵنیاین، ئێمە خەون بەمرۆڤێکی قێزەونەوە دەبینین، هەست دەکەین لامان خۆشەویستە، یان بەکەسێکی کەشخە، کەهیچ گرنگیەکی پێنادەین، هەروەها خەون دەبینین ئێمە خاون خواستو تەماعین، بەڵام ئەو بڕوایەمان هەیە ئێمە کەسێکی لەخۆبووردوو خاکین، خەون دەبینین ئێمە کەسێکی ملکەچو گوێڕایەڵین، بەڵام ئێمە زۆر شانازی بەسەربەخۆبوونی خۆمانەوە دەکەین، لەمەش خراپتر

ئێمە هیچ لەخەونەکانمان ناگەین، لەهەمان کاتدا ئێمە زۆر لەوە دڵنیاین، لەکاتی بەئاگابووندا، لەهەموو ئەو شتانە دەگەین کەدەوری بیرکردنەوەمانی داوە،لەبری ئەوەی بەرووڕووی ئەم بەڵگە رۆشنە ببینەوە، کەبەڵگەیە بۆ کەموکورتی درکردنمان، دەبینین خەونەکانمان بەوە تاوانبار دەکەین کە بەتاڵو بێمانان.

لەم چەند دەیەی دواییدا(ئەمە لەو کاتەی فرۆم ئەم کتێبەی نووسیووە، نەک ئەم کاتەی تێیدا دەژین: و.ک)هەڵوێست بەرامبەر بەخەونو ئەفسانە گۆڕانکاری گشتگیری بەسەرهاتووە، نووسینەکانی فرۆید هۆکارێکی ئەم گۆڕانکاریانە بووە، دوای ئەوەی ئەم پیاوە یەک ئامانجی بۆ خۆی دیاری کرد، ئەویش چۆنیەتی یارمەتیدانی کەسانی نەخۆشی دەمارە( العصاب) بۆ درککردن بەهۆکاری نەخۆشیەکانیان، گەڕایەوەو ئاوڕی لەلێکۆڵینەوە لەخەون دا، بەو سیفەتەی دیاردەیەکی مرۆیی گشتگیری هاوبەشی نێوان مرۆڤی ساغو نەخۆشە، بۆی دەرکەوت خەون جیاوازییەکی جەوهەری لەگەڵ ئەفسانەو حیکاتی جنۆکەدا نییە، تێگەیشت لەو قسانەی ئەم دەیکات، تێگەیشتنە لەو قسانەی ئەو دەیکات، لەبەرئەوە ئەنترپۆلۆژییەکان جەغتیان لەگرنگیدانی سەرلەنوێ بەئەفسانە کرد، کۆیانکردنەوەو لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کرد، تەنانەت هەندێک لەپێشەنگەکانیان وەک باشۆڤن، گەیشتنە ئـەوەی تیشکی نوێ بخەنە سەر ئەو تافەی بەبەر لەمێژوو تەماشایان دەکرد، بەڵام توێژینەوە لەئەفسانەو خەون هێشتا لەسەرەتای سەرتاکانیدایە، کەبەدەست دنیایەک کەموکورتییەوە دەناڵێنێت، لەسەرو هەموویانەوە عەقیدەیەکی مەزهەبیانەو کەموکورتی لەنەرمی نواندندا، کەئەمانە لەوانەیە بەهۆکاری ئەوەی رێبازە دەوونشیکارییەکان بۆی دەچن، هاتبێتە ئاراوە، کەهەر یەکەیان سوورە لەسەر ئەوەی خاوەنی تاکە کلیلە بۆ کردنەوەو جلەوکردنی نهێنی زمانی رەمزی، بەم شێوەیە تێڕوانینمان بۆ دەلالەتە جیاکانی ئەم زمانە هەیەتی کورت دەکەینەوە، هەوڵدەدەین لەسەر چرپایەی برۆکۆست بەشێوەیەک لەشێوەیەکان پاڵی بخەین، تەنها بەم شێوەیە، هەروەها شیکردنەوەی خەون نابێتە کارێکی مەشروع، مەگەر دکتۆرێکی ئەقڵ لەچوارچێوەی چارەسەکردنی نەخۆشی دەماریدا ئەم کارە بکات، ئەگەر بەم شێوەیە لێینێبگەین ئەوە تێگەیشتنمان بۆ ئەفسانەو خەون گۆڕانکاری بەسەردا دێت، من بەپێچەوانەوە بیردەکەمەوە،

کەقسەی سمبوڵی تاکە زمانێکی بیانییە ئەبێت هەموومان فێری بین، تێگەیشتن لێی وادەکات دەستمان بەدەوڵەمەنترین سەرچاوەی حیکمەت بگات، مەبەستم ئەفسانەیە، هەروەها ئەم تێگەیشتنە دەمانخاتە ئەو پەیوەندییە قوڵەی پایەکانی کەسایەتیمانی لێپێکدێت، لەڕاستیدا ئەم زمانە یارمەتی درککردنی مانایەکمان دەدات کەلەئاستێکی مرۆیی تایبەتەوە دەردەچێت ئاستی ئەزمونی ژیانکراو، من قسە لەسەر ئاستی مرۆیی تایبەت دەکەم، لەبەرئەوەی بەهاوبەشێکی دەبینم، چلەشێوە ماتریالییەکەیو چ لەشێوە وێناییەکەی، لەنێوان هەموو مرۆڤایەتییدا.

ئەوەی تەلمد دەیڵێت(ئەو خەونانەی بۆمان شی نابێتەوە، وەک ئەو نامانە وایە کە نایانخوێنینەوە)، ئەم رستەیە خاوەنی دەلالەتی خۆیەتی، لەراستیدا خەون ئەفسانە نامەگەلێکی گرنگن لەخودی خۆمانەوە بۆ خودی خۆمانی دەنێرین، ئەگەر لەو زامنە نەگەین کەپێی نووسراوە، ئەوا کەلێنێکی گەورەو بەتاڵ دەکەوێتە کرۆکی جیهانی ئەو شتانەی دەیناسینو قسەی لەبارەوە دەکەین، بەتایبەتی لەو هەموو ئەو کاتژمێرانەی پەیوەندی بەمامەڵەی ئێمەوە هەیە لەگەڵ جیهانی دەرەکی.

## ئەریک فرۆم
## ((تێڕامان لە مرۆڤ و ئازادی))

**لەفارسییەوە: لوقمان ڕەئوف**

ئەریک فرۆم لەساڵی (1900) لەشاری فرانکفۆرت لەدایکبووە، خوێندنی لەزانکۆ هەرە کۆنەکان و باوەڕپێکراوەکانی وەک (هایدلبیرگ، میونخ) درێژە پێداو دواتر لەتەمەنی (22)ساڵیدا، دکتۆرای لەزانکۆی (هایدلبرگ) بەدەست هێناو بەکاری دەروونناسییەوە لە(ئەنستیتۆی دەروونناسی) بەرلینەوە لەم بوارەدا سەرقاڵی کارکردن بوو، بەڵام هێرشی نازییەکان لەسەر کلتوری ئەڵمان فرۆمی ناچارکرد لەساڵی (1932) دا بچێت بۆ ئەمریکا، لێرەوە ژیانی ئەمریکایی خۆی بەکارکردن لەدەزگای خوێندنەوەو بەدواداچوونی کۆمەڵایەتی (نیورک) دەستپێکرد، لەساڵی (1942)دا یەکەمین کتێبی بەناوی (هەڵهاتن لەئازادی) بڵاوکردەوە، ئەم کتێبە لەراستیدا پایەو بنەمایەکی تەواوی بیروباوەڕو ئەندێشەکانی فرۆم بوو، کەلە (18) کتێبی دواتردا بڵاویکردنەوە، بەشرۆڤەکردنی ئەو بنەمایانەوە سەرقاڵبوو، ئەو پرسیارە گرنگانەی کەئەریک فرۆم دەیان کات، ئایا دەگونجێت نییەتە پاکەکانی مرۆڤ، کەئێمە گومان لەراستیان دەکەین، لەواقیعدا دژی مرۆڤایەتی بن؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ویژدانی ئاکاری کارەکانمان، لەسەر بنەمای ئەم یەکەیە کۆنترۆڵ و ڕێکدەخەین، فریودانی زیاتری نەبێت؟ ئایا دەتوانرێت ئەوە قبول بکرێت ئێمە رۆژی ئەسارەت ئایبەتمەندی ببەخشینە ئازادی؟ ئایا باوەڕکردنە کەئێمە لەپەروەردەکردنی منالەکانمان هیمەتێکی باش بخەینە گەر، کەئەوان درۆزن و فریوکارئەبن؟ ئایا بۆی هەیە مرۆڤەکان، جارێکی تر بکەونەوە گیانی یەکتری و جەنگی جیهانی سێهەم هەڵگیرسێنن؟ ئەریک فرۆم ئەندێشمەندی گەورەی سەردەم، لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا، قسەی زۆری هەیە، قسەکانی ئەم دانشمەندە بەرەگەز ئەڵمانیە بەشێوازێک بەرگوێ دەکەون کەئەو هاوکات لەگەڵ جەنگی جیهانی دووەمدا شایەت بوو، کەچۆن شتەکان لەسەریەک ئایدیایەکی شەیتانی دانرابوون بەبێ ئیرادە ملکەچی فاشستی هیتلەر بوون، فرۆم هەر

لەو کاتەوەی کەدەروونناسی تەواوکرد، هەموو تەمەنی خۆی لەپێناو شیکارو شرۆڤەی ئەم مەسەلەیەدا سەرفکرد، کەچۆن مرۆڤ لەساڵەهای ساڵ لەخۆشی و عیشق و ئاشتی و ئارامیدا ژیاون، لەپڕ گرفتاری ئەفسونێکی ساحیرانەی نازیزم بوون، دووچاری کوشتاری جۆر بەجۆر بوون، فرۆم گەواهی ئەوە دەدات، کە دەسەڵاتی هیتلەر لەسەر خەڵکی ئەڵمان، تەنها لەسەر پایەی هیتلەر نەوەستابوو، بەڵکو بەملیۆنەها خەڵکی ئەڵمان بەهەمان شێوە ئازادی خۆیان تەسلیمکردبوو، کەباوکەکانیان لەو شەڕانەدابوون، فرۆم سەرقاڵی بەش بەشکردن و خەسڵەتەکانی دەروونی تاکەکان بوو، ئاماژەی دەدا بەوەی کە خەڵکی بەرەو خواستی سادیستی و مازوخستی شاراوە لەبوونی مرۆڤەکاندا دەبەن، کەسانێک لەشێوەی ئامانجەکان بەرووخسار خێرخوازانەو مرۆڤ دۆستانە، مرۆڤ بەروکارکردنێک دەبەن لەدژی خودو مرۆڤایەتیدا، بەبڕوای ئەریک فرۆم زۆربەی خەڵکی ئاگاداری بەرژەوەندی واقیعی خۆیان نین و دەرفەتی ئەوەشیان نیە، کەدرەنگ بکات و ئەو ئاکامانەی کە بەدوای ئەمانەوەن لەخواستەکانی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەمڕۆ زۆر لەچەمکە بنچینەییەکان لەلای مرۆڤەکان زۆر سادەبوونەتەوە، بەشێوەیەک چاکەیان تێدا کەم بووەتەوەو لەکاتێکدا لەهەڵەدان، فرۆم پێوایە زۆر لەو بڕیارانەی کەئێمە دەیان گرینەبەر، لەدەرەوە بەئێمەوە بەستراونەتەوەو پەیوەست نین بەخودمانەوە، کارێک کەئێمە دەیکەین ئەوەیە کە خودبوون خانەنشین بکەین، ئێمە واهەست دەکەین کەئازادی بیروڕا دەربڕینمان هەیە، لەکاتێکدا زۆر لەو شتانەی کەئێمە دەیڵێین هەر، ئەو شتانەن کەپێشتر ئەوانی ترو وتویانە، بۆ نمونە لەخوێنەرێکی رۆژنامە بپرسیت، بیروڕات دەربارەی فلان مەسەلەی سیاسی چییە؟ ئەوەی کەخوێندویەتیەوە، بەکەمێک دەستکارییەوە، وەک بیروڕای خۆی بەتۆی دەفرۆشتەوە، واشی دەبینێت کە وتەکانی ئاکامی تێفکرینی خۆیەتی، فرۆم ئەوە دێنێتەوە یاد، کەمافی بیروڕادەربڕین لەبارێکدا خاوەن واتایە، بتوانین کەقسەمان لەسەر خستنەڕوی خود هەبێت و ئەمەش هەمان ئەو شتەیە، کەتا ئێستا نەبینراوەو زۆر لەخەڵکی لەبیرکردنەوە هەڵهاتون، کاتێکیش کەبڕیارێک دەدەن دوو دڵن لەسەر راکانیان و کاتێکیش کەیەکێک لەبری ئەوان بیروڕای خۆی بخاتە روو زۆربەئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو رایانەوە، هەر

لەبەر ئەمەشە بەدوای پاڵەواندا دەگەڕێن.

فرۆم لەبارەی بنەمای ئەم باسەوە دەڵێت: لەقۆناغێکی سەردەمی منداڵیدا، دەگاتە ئاستێک کەبە(ئاکێتی) خۆی دەوەستێت، لێرەشەوە قۆناغێکی گرنگ لەژیانی دەستپێدەکات، منداڵ دوای ئەوەی گرجووگۆڵ دەبێت دەتوانێت بڕیار بدات و شت هەڵبژێرێت و بەرپرسێتی کارەکانی قبوڵ بکات و دووچاری پەشۆکاوی دەبێت، لەلایەک دەتوانن وەک رابردوو پشت بەدایکو باوک و دەووروبەری ببەستێت، ملکەچی ئەوان بێت، لەلایەکی تریشەوە دەتوانێت کەوەک کەسایەتێکی سەربەخۆ، خۆی بەرەسمی بناسێت فرۆم پێیوایە زۆربەی خەڵکی رێگەی یەکەم دەگرنە بەر.

**پێداویستەیە مرۆییەکان**

ئەریک فرۆم لە ساڵی (1955)دا پێی وابـوو، پەیوەندیەک لە نێوان هەڵسوکەوتی گیانلەبەرو نێوان پێگەکەیدا لە پایگەی جۆرایەتی گیانلەبەراندا بەدی دەکرێ، پایگەی گیانلەبەرەکە هەرچەندە نزمبێ، بۆ نمونە وەکو (ئەمیباو زیندەوەرە سەرەتاییەکان) ئەوا هەڵسوکەوتی ئەو گیانلەبەرە زیاتر جێگیر دەبێ، ئەگەر گیانلەبەرەکە لە پەرەسەندنی زیاتردا بوو، یان لە پلەیەکی پێشکەوتوو تردا بوو، لە پایگە نەشونمای جۆرایەتیدا، ئەوا هەڵسوکەوتی نەرمتر دەنوێنێ، ئەمەش مانای ئەوە دەگەێنێ، کە مرۆڤ بەو پێیەی لە لوتکەی ئەو پایگەیەوە، ئەوا هەرە نەرمی گیانلەبەرانە لە هەڵسوکەوتدا، لەگەڵ ئەمەشدا مرۆڤ هاوبەشە لەگەڵ ئەندامانی مەملکەتی گیانلەبەرانی تر لە رووی پێداویستیە بایۆلۆجیەکانەوە:- خواردن، خواردنەوە، نوستن، تێربوونی سێکسی، کەدەتوانرێ پێداویستی پاراستنی خودناوبرێ، بەڵام مرۆڤ لەگەڵ گیانلبەرانی تر جیاوازە لە شێوەی تێربوون بەو پێداویستیانە، چونکە رادەی هەڵسوکەوتی گیانلەبەرانی تر جیاوازە لە شێوەی تێربوون بەو پێداویستیانە، چونکە رادەی هەڵسوکەوتی گیانلەبەرانی تر لە تێرکردنی پێداویستی پاراستنی خود سنوردارەو، لەلای گیانلەبەرە خاوەکان بە شێوەیەکی غەریزی دەبێت، واتە شێوەیکردارەکەی لە رووی فسیولۆجیەوە لە فێرکردنی ئەم پێداوستیەدا سنوردارە، بەڵام هەرچەندە سەرکەوتن بە پایگەی پەرەسەندنی زیندەیدا، کاریگەرییە غەریزەییەکە کەمتر دەبێنەوە، هەڵسوکەوتەکەش

لە تێرکردنی ئەم پێداوستیە بایولوجیانەدا، نەرمتر دەبێ لەگەڵ ئەوەشدا هەموو زیندەوەران بە چاو پۆشی لە نەرمی هەڵسوکەوتیان، ناتوانن یاسا بایولوجیەکانی ژیان تێپەڕێنن.

فرۆم لە ساڵی (1941) لەو بـاوەڕەدا بوو، کە گیانلەبەران خاوەنی شارستانیەت نین، بێتوانان لە بیرکردنەوە، لەهەڵسوکەوتیاندا ڕاستەوخۆ کاریگەر دەبن بە شت و دیاردەکان و بێتوانان لە تێپەربوون لە واتای رووکەش بۆ واتای کرۆکی، هەروەها کەمتر لە خودو بوونی خۆیان ئاگادارن، بەوەی کۆتاییان هەر مردنە، ژیان هەردەم بەم جۆرە بووە، تا ڕوودانی وەرچەرخانی گەورە، کە دەرکەوتنی مرۆڤە.

لە ڕێگەی هەزاران ساڵ کارکردن، مرۆڤ لە ئەندامانی تری مەملەکەتی گیانلەبەران، بە چەند سیفەتێکی تایبەت جیابوویەوە، چونکە پێداویستیەکانی چێتر دەمو دەست و راستەوخۆ، هەر وەکو گیانلەبەرانی تر تێر ناکات، لەمەش زیاتر چەندین پێداویستی تەواو نوێی خاوەن سروشتی کۆمەڵایەتی دەروونی بۆ زیاد بووە، کە فرۆم بە پێنج پێداویستی دیارییان دەکات.

ئەوانیش:-

1-پێداویستی ئینتما بوون.

فرۆم (1941) ئەوەی گریمانە کردوە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی دوولایەنیە، لە لایەکەوە بەشێکە لە سروشت، لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی لەشەوە هەرە لاوەزەکانە لە مامەڵە کردن لەگەڵ سروشتدا، ئەم لاوازییە بایۆلۆجیەش، بە چەند توانایەکی نایابی مرۆڤ قەرەبوو کراوەوەتەوە، ئەگەرچی ئەو توانایەش پاڵی پێوە ناوە لە سروشت دوور بکەوێتەوە و هەست بە دوورە پەرێزی بکات، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە سروشت دوورکەوتوەتەوە، توانای لە رووبەڕووبوونەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ سروشتدا لەدەستداوە، بەم هۆیەشەوە هەوڵی داوە چەندین پەیوەندی دەروونی بنیات بنێت، بۆ جێگرتنەوەی پەیوەندیە کۆنەکان، ئەو پەیوەندییە نوێیانەش مرۆڤ لەگەڵ خەڵکیدا دروستدەکات و لەسەر خۆشەویستی و هاوکاری و لێپرسراوێتی و ڕێز بنیات نراوە، فرۆم لەو باوەردایە کاتێ کە مرۆڤ لە سروشت دوورکەوتوەتەوە، هەوڵی دۆزێنەوەی رێگەو شوێنی داوە بۆ پەیوەندیکردن بە

سروشتەوە، خەڵکی کۆن هەوڵی ئینتمابوونیان بۆ چەندین کۆمەڵە بردوە لە رێگەی چەند ئەفسانەو سروشت و پەرستنی دیاردەکانی وەکو:- خۆر، مانگ، ئاگر، هەورەبروسکە...

بەڵام لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا، پەیوەندی ئینتمابوونەکە، رووەو تاکەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان رۆیشتون، وەکو ئەلتەرناتێڤێکی دەروونی بۆ پەیوەندی بە سروشتەوە، فرۆم لە ساڵی(1956) پێیوایە چەند رێگەو شوێنێک هەن بۆ پەیوەندی، دەکرێ پۆلێنبکرێن بۆ دوو جۆر:- تێکدانی، دروسنکردنی، دەڵێ دەتوانین هاوتەباییین لەگەڵا ئەوانی تردا، لە رێگەی ملکەچبوون بۆیان، یان کۆنترۆڵکردنیان، ئەم دوو شێوازەش بە رای فرۆم چارەسەری کیشەی دوورە پەرێزەیەکەیە، شێوازی ملکەچبوونەکەش لەکەسی ماسۆشیدا بەرجەستە دەبێ، چونکە ئەم جۆرە کەسە هەست بەوە ناکات کە زیندوە، تەنها لە رێگەی ملکەچبوون بۆ ئەوانی دی نەبێ، کەسێکە مەیلی پەرستنی ئەوانی دی هەیە، کەسێکە پشت بە شتی تر دەبەستێ، پێداویستی بە هێزی بە پشت بەستن بە کەسێکیان، یان دامەزراوەیەک هەیەو، ئارەزویەکی بەهێزی لەوەدا هەیە، کە ملکەچی چەند هێزێک بێ، کە لەتاک، یان کۆمەڵێکدا بەرجەستە دەبێ. هەمیشە خۆی بەکەم دەزانێ و دروشمی (تۆ هەموو شتێکی و من هیچ نیم) ی هەڵگرتوە، ئەو پێداویستیە دەروونیە، کە ئەم کەسە ماسۆشیە بەم هۆیەوە بە دەستی دەهێنێ، هەستکردن بە تەبایی و ئارامیە، کاتێکیش ئازاری لەلایەن کەسانی دییەوە پێ دەگات، ئەمەش هەستکردنی بەدوورەبەرێزی و تەنهایی کەمدەکاتەوە، بەڵام شێوازی کۆنترۆڵکردنەکە لە (سادی)یەتدا بەرجەستە دەبێ. فرۆم پێیوایە مرۆڤی سادی، دەتوانێ باڵادەست بێ بەسەر دوورە پەرێزیەکەیدا لە رێگەی کۆنترۆڵکردنی کەسانی دیدا، دروشمی (من هەموو شتکم و تۆ هیچ نیت) هەڵدەگری، هەوڵدەدات کەسانی دی تەواو پشت بە ئەو ببەستن و دەسەڵاتی رەها دەگرێتەوە دەست، رەنگە فەرمانەکان بەسەر ئەوانی تردا بدات، لە رێگەی داگیرکردنی شتومەکەنیان، یان سیفەتە عەقڵی (سۆزدارییەکانیان، لونکەی سادییەکەش دەگاتە ئارەزوکردنێکی بەهێز لای کەسە سادییەکە لە ئازاردانی جەستەیی و عەقڵی و هەڵچونی مرۆڤەکان و هەست بکات ئەو هۆکاری ئەو

ئازارانەیە، فرۆم لەو باوەڕەدایە ئەم دوو شێوازە (ماسۆشی و سادی) دوو هەڵسوکەوتی ئینتمابوون، تەواوبەدەرن لە خۆشەویستی، پێیوایە خۆشەویستی بەرهەمهێنەر لە ئینتمابوونی بەرهەمهێنەردایە.

ئەم خۆشەویستیەش بەوە پێناسە دەکات کە:- یەکگرتنێکە تیایدا کەمایەتی مرۆڤ و تاکیەکەی بەدی دێت، رەگەز سەرەکیەکان بریتین لە سەرپەرشتی و لێپرسراوێتی و رێز:- خۆشەویستی بەرهەمداریش لە هاوکاری و بایەخدان بە بەختەوەری ئەوانی دی پێکدێت، ئێمە هەرچەندە لەو باوەرەداین، کە لێپرسراوێتی ئەرکێکی سەپێنراوە بەسەرماندا لەلایەن کەسانی دییەوە، فرۆم پێیوایە ئەمە توانایەکی وەڵامدانەوەیی سەرپشکەرە بۆ پێداویسنیەکانی کەسانی دی. پێیوایە بە بێناسین ناتوانین رێز لە کەسی تر بگرین و خۆشمان بوێت.

فرۆم لە گەڕاندایە بە دوای خۆشەویستی لە پێداویستی ئینتمابووندا، پێوایە هێزێکی پاڵنەرەو لە ئەندامانی جیابوونەوەی سروشت سەری هەڵداوەو بەسەریدا سەپاندوە کە دەبێ رێگەیەک بدۆزێنەوەو باڵ دەست بێ بەسەر هەستکردن بە دوورە پەرێزی و رێگەی دڵە راوکێ هەستکردن بە تەنهایی، فرۆم بە شێوەیەک دەڕوانێتە خۆشەویستی رۆمانی، کە خۆشەویستیەکی ساختەکارانەیە، چونکە لە بنەرەتدا لەسەر پەیوەندی جەستەیی بنیاتنراوە، نەک لەسەر مەعریفەتی راستەقینە بەکەسی خۆشەویست، هەروەها سورە لەسەر پەیوەستبوونی، لەلایەکی ترەوە پێیوایە خۆشەویستی پێگەییو لە (هاورێیەتیەکی کتوپر)ەوە پێکدێت، یان لە رێگەی هەڵوێستێکەوە، کە لە رێگەوە دەگەینە ئەنجامێکی سادە، ئەویش ئەوەیە، کەسێکمان وەکو ئەوەی لە واقعدایە، خۆشی دەوێ، فرۆم باس لە چەند جۆرێکی تر خۆشەویستی دەکات (خۆشەویستی دایک)،(خۆشەویستی باوک) (خۆشەویستی برایانە) و هەموو ئەم جۆرانەش لە بایەخدانی تاکەوە دێت، بە پشت بەستن بە گەشەو پەرەسەندنی کەسێکی تر.

**2-پێداویستی تێپەراندن:-**

لەبەرئەوەی مرۆڤ لە ئاستی گیانلەبەرانی تردا زۆر گەشەی کردوە، خاوەنی عەقڵێکە دەتوانێ خودو پلەی خۆی بزانێت، بەڵام لەو قەناعەتەدا نەماوە، کە دەبێ بوونەوەرێک بێ تەنیا بۆ ژیان، بەڵکو هەستی بە تێپەراندنی

سنورە زیندەوەرییەکان و رۆڵە نێگەتیڤیەکانی کرد، بەرەو حاڵەتی داهێنان، ئیتر لە رێگەی دروستکردن، یان داهێنانی شتی مادی، یان فکری و هونەری جۆراو جۆرەوە دەبێت، فرۆم پێیوایە مرۆڤ یەکێک لەو دوو رێگەیە دەگرێ بۆ بەدەستهێنانی پێداویستی تێپەراندنەکە، یان لە داهێنانی شتی پۆزەتیڤی بە سوودن، ئەمەش هانمان دەدات، خۆمان و ئەوانی تریشمان خۆشبووێت، یان گرتنەبەری رێگەیەکی تێکدەرانە، بە مەبەستی تێکدان و زیان بەخشین، ژینگەو کەسانی دی، ئەم هەڵسوکەوتەش هەندێ جار کەسانی لاواز دەیگرنەبەر، کە هەست بەشکست و بێتوانایی داهێنان لە بەدەست هێنانی بەختەوەریدا دەکەن و بەتواناشە لە وێرانکردنی خودو کەسانی دی و ژینگەکەی.

3- پێداویستی رەگو ریشەداربوون:- کاتێ کە مرۆڤ لە دایکدەبێ، ئەمە مانای وایە ماڵە سروشتیەکەی بەجێهێشتوە، هەروەکو چۆن ئادەم و حەوا بە هەشتیان بەجێهێشت، لەبەرئەوەی مرۆڤ ناتوانێ هەست بەوە بکات کە بێماڵە، ئەم شارەزایەش دەیترسێنێ، لێرەدا ئارەزوی پێدوایستی رەگ و ریشەدانانی دەکەوێتە سەرو حەزدەکات، کە ماڵێکی لەم جیهاندا هەبێت. فرۆم لەم بارەیەوە لەسروشتی مرۆییدا، سودی لەبیروراکانی فرۆید لەپەیوەندی نێوان تاکەکانی لەکۆمەڵگە باوک سالارییەکان و دایک سالارییەکاندا، وەرگرتوە، فرۆم پێوایە لایەنی سەرەکی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ دایکدایە، لەسەردەمی شیرداندا بێهێزو تواناین، تەواوپشت بەدایکمان دەبەستێ لەتێرکردنی پێدوایستیەکانمان، هەروەها دەڵێ: دایک خۆراکە، خۆشەویستە، گەرمیە، زەویە، بەوە لەلای خۆشەویست دەبێ لەلای کەچاک بیت و رەگ و ریشەدار بێت و لەماڵەوە بیت، بەم شێوەیە ئەستەمە لەدایکمان جیابینەوە، کاتێ کە گەورەش دەبین، حەز بەو ئارامیە دەکەین کەلەباوەشی دایکماندا هەمان بوو، بەڵام فرۆم لەم بارەیەوە لەوەدا لەگەڵ فرۆیددا ناکۆکە کەفرۆید زیاد لەپێویست رەگ و ریشەی سێکسی داوەتە پاڵ گرێی ئۆدێب، کەتەواو مەعقول نین.

4- پێدوایستی ناسنامە: لەبەرئەوەی مرۆڤ پەیوەندییە سەرەکیەکەی لەگەڵ سروشتدا لەدەستداوەو توانا عەقڵیەکانی هوشیاربوونی، بەجیابونەوەی لەسروشدا هەیە، ژیانی هاوچەرخی پاڵی پیوەناوە، عەقڵی خۆی لەپێناوی

دروستکردنی پەیوەندی نوێ لەگەڵ کەسانی دیدا بەکاربهێنێ.

لەرێگەی ئەم مەعریفەتەشەوە، پێدوایستی لای مرۆڤ بۆ دامەزراندنی ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆی دروست بووە و بەتوانا بێ و بەکەسانی دی بڵێ: (من...من) نەک (من وەکو ئەوەی تۆ دەتەوێ ببم) فرۆم پێوایە نابێ ناسنامەمان لەسەر بنەڕەتی تێڕوانینی کەسانی دی دروست بکەین، وەکو ئەوەی لەشارستانیەتە هاوچەرخەکاندایە، چونکە کێشەمان بۆ دروستدەکەن، بەڵکو مرۆڤ ناسنامەکەی لەسەر بنەڕەتی مەعریفەتی بەخودو زانینی تواناکانی، بنیاتبنێت.

5-پێدوایستی چوارچیوەی گەڕانەوە (سەرچاوە): پێدوایستیەکانی پێشوتر بۆ خۆمان، هەموو دەبن بەچوارچێوەیەکی گەڕانەوە، یان سەرچاوە بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەو گەردوونەی تیایدا دەژین، لەپەیوەندی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵدا، بەدوژمن و دۆستەوە، هەر لەمنداڵیەوە ئەم تێڕوانینە بۆ واقیع، یان چوارچێوەی گەڕانەوە بۆ تێڕوانین پلە بەپلە گەشە دەکات، ئینجا فێر دەبین چۆن توانا عەقلیەکانمان بەکاربهێنین، لەپاڵ تیروانینە خەیاڵیەکان، بەشێوەیەکی بەرهەمهێنەر لەمامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان و دیاردە ئاڵوزەکاندا. فرۆم لەو باوەڕەدایە ئەم چوارچێوەی گەڕانەوەیە، دەکرێ لەسەر چەند بنەمایەکی عەقڵانی، یان ناعەقڵانی، یان تێکەڵ دروستبووبن.

لەبەرئەوەی فرۆم پێشتر شیکاری دەروونناسی بووەو بایەخی بە تایبەتی مرۆڤ داوە، لەهەمانکاتدا فەیلەسوفێکی کۆمەڵایەتی بووەو بایەخی بەکۆمەڵداوە، جیاوازیکردوە لەنێوان کەسایەتی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی تاکدا، فرۆم کەسایەتی کۆمەڵایەتی بەوە دەناسێنێ کە(ناوک، یان کرۆک بنیاتی کەسایەتیە، بۆ گەورەترین ژمارە لەتاکەکانی کۆمەڵدا، لەگەڵ ئەمەشدا، بەهۆی شارەزاییە بنەڕەتیەکان و چێژی گشتی ژیانی ئەو کۆمەڵە پەرەی سەندوە، کەسایەتی تاکیش ئەو رێگەیە کەخەڵکی لەچوارچێوەی شارستانیەتدا پێیدەژی و ئەم لەوی تر جیاوازە، مەبەستی فرۆم لەئارەستەکردنی بەرهەمهێنەر، ئارەستەیەکی گەشەپێدانی مرۆڤە لەرووی تواناو هێزەوە و بێبەرهەمیش پێچەوانەکەیەتی، گریمانەکەی فرۆم لەم بارەیەوە، ئەوەیە کەئاڕاستە رەوشتی و دروستکارەکان، بنەمای بنیاتی کەسیەتی و هەڵسوکەوتن و هێزی کرۆکین، کەتاک پشتی پێدەبەستێ و ئاراستەیدەکات بەرەو ئەو جیهانەی

تیایدا دەژی. ئەم ئاراستانەش دابەشکروان بۆ دووبەش: بەرهەمهێنەرو بێبەرهەم، ئاڕاستە بێبەرهەمەکان بریتین لە(ئاراستەی داگیرکەرە) کەپێوایە هەموو شتە مەزنەکان لەدەرەوەی خۆیاندان و تەنها شێواز بۆبە دەستهێنانی ئەو شتە چاکەی کە ئارەزوی دەکات، بریتیە لەبوونی و ئرەستەی قۆزتنەوەی، کەپێوایە شتە چاکەکان لەدەرەوەی خۆیاندان و دەبێ لە رێگەی هێزو فروفێڵەوە لەخەڵکی بسەنرێت و ئاراستەی کۆکەرەوە کەبەشێوازی چاوچنۆکانە ناسراوە لەکاروبارە مادیەکاندا، یان لایەنە دەرونیەکانی، وەکو سۆزو بیرەکان و ئارەستەی بازرگانیانە، کەبایەخ بەکاروباری کڕین و فرۆشتن و بەدەستهێنانی قازانج ناسراوە، بەڵام بەشە بەرهەمهێنەرەکە ئەو پۆلە، یان شێوازە مرۆییەکە، پێیانوایە شتەچاکەکان لەبەدەستهێنانی، یان جێبەجێکردنی تواناو هێزەکانیدا لەخودی خۆیاندایە.

## ئەریک فرۆم...
## ((فەیلەسوفێک دژی ئارەزووی رق و کینە))

واثل ئەلبشیر

لەعەرەبیەوە: سەنگەر رەمزی زراری-هەولێر

دەروونزان و فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئەریک فرۆم) بەیەکێک لەدەروونناس و فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەم، دادەنرێت گرنگیەکەشی لەوەدایە، کەتوانی تیۆرە کۆمەڵایەتیەکانی کارل مارکس و تیۆرە دەروونیەکانی (سیگۆند فرۆید) تێکەڵ بەیەکتر بکات، لەپێناو گەیشتن بەبیرۆکەی (ئازادی مرۆڤ) و لێکدانەوەی ئەو کۆسپ و رێگریانەی دێنە بەردەم ئەو ئازادییە، بە تایبەتیش مرۆڤی چاخی نوێ، ئەو مرۆڤەی لەسەردەمی رێنسانسەوە تووشی (نامۆیی) بووە لەسەر هەردوو ئاستی (تاکی و کۆمەڵی).

ئەریک فرۆم لەژیاننامەی تایبەتی خۆیدا بەناونیشانی (لەنێوان رێچکەکانی وەهمدا1962-)، باس لەدوو رووداو دەکات کەلەکاتی تەمەنی هەرزەکاریدا روویانداوەو کاریگەری زۆریان لەسەر هەموو ژیانی هەبووە.

رووداوی یەکەمیان لەتەمەنی دوانزەساڵیی بووەو ئەوی دیکەشیان لەتەمەنی چواردە ساڵیدا.

یەکەمیان پەیوەندی بەو کچە جوان و سەرنج راکێشەوە هەبوو، کە خێزانەکەی ئەوانی دەناسی و هاورێیەتی دەکردن، ئەم کچە تەمەنی بیست و پێنج ساڵان بوو، هەستێکی ناسک و خەیاڵێکی فراوانی هەبوو، ئەویش لەو تابلۆ زەینیانە دەردەکەوت، کەوێنەی دەکێشان، تەنها لەگەڵ باوکیدا دەژیاو پێشتر خوازبێنی کورێکی گەنجی رەتکردبووەوە، ئەریک فرۆم بەم تەمەنە بچووکەی خۆیەوە، خۆشەویستی ئەم کچەی چووە دڵ، پاشان فرۆم کەزانی کچەکە خۆی کوشتوە، تووشی نائارامیەکی گەورەبوو، هۆی خوکوشتنی کچەکەش، مردنی باوکی بوو، هەر لەبەرئەمەش وەسیەتی کردبوو کەبەتەنیشت باوکیەوە بنێژرێ. لەو کاتەدا ئەریک فرۆم، هەمان ئەو پرسیارەی لەخۆیکرد کەهەر یەکێک لەئێمە لەحاڵەتێکی وەهادا

لەخۆی بکاتْ (بۆچی)، فرۆم هەندێ لەوەڵامەکانی ئەم پرسیارە، یاخود وردتر چەند بەشێکی وەڵامەکانی ئەم پرسیارەی لای فرۆید بەدیکرد.

بەڵام رووداوی دووەم، زۆر گەورەترو کاریگەرتربوو لەوەی یەکەم، ئەو رووداوەش (جەنگی یەکەمی جیهانی)بوو.

لەم جەنگەدا ئەریک فرۆم سەرنجی ئەوەیدا، کەتوندوتیژترین بیرۆکەی دەمارگیری نەتەوەیی بەکاردەهێنرێتْ، ئەو گوێبیستی ئەو هوتافانە بوو، کەدەیانگوتْ، ئێمەی ئەڵمان (بەتایبەتیش ئەڵمانیە مەسیحیەکان) بەرێزو شکۆمەندین، ئەوان (ئینگلیزەکان و هاوپەیمانەکانیان) گەمژەو بەکرێگیراون.

ئەم رقلێبوونەوەو ئارەزوکردنە بۆ شەڕ فرۆمی راچڵەکاندو هەوڵیدا لەم حاڵەتە (ناعەقلانیە)، یان بەمانایەکی دی لەم حاڵەتە (نا عەقلانیەی رەفتاری بەکۆمەڵ) تێبگاتْ. ئەمجارەیان هەندێ لەوەڵامەکانی ئەم حاڵەتەی لەنوسینەکانی (کارل مارکس)دا دۆزییەوە.

فرۆم دەرونزانی لەزانکۆی (هایدلبیرگ) خوێندوەو لەساڵی (1922) هەر لەوێ بڕوانای دکتۆرای بەدەستهێناوە، پاشان وەکو پزیشکێکی دەروونی کاریکردوە، لەساڵی (1934) ئەریک فرۆم وەکو چەندان بیرمەندو زانای دیکەی ئەڵمانی، نیشتمانەکەی خۆی جێدێڵێتْ و لەترسی حوکمی (نازی)یەکان، دەچێتە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

ئەگەر سەیری فەلسەفەکەی ئەریک فرۆم بکەین، دەبینین کە تێکەڵاوییەکە لەنێوان ئەو دەردونزانیەی کە فرۆید بەتایبەتْ پەیڕەوی لێدەکرد، لەگەڵ ئەو فەلسەفە کۆمەڵایەتیەی (کارل مارکس) پەیڕەوی دەکرد، سەرەڕای ئەمەش پەنجەی دەخستەسەر نەستْ و پاڵنەرە بایەلۆژیەکان و کارتێکەرە دەرونیەکان و هۆکارە کاریگەرە کانیترو دەیکردنە پێوانە لەسەر مرۆڤی چاخی نوێی.

لەو لایەنەوە رەفتاری لەگەڵ بیرۆکەی فرۆیددا دەکرد، کە جەختْ لەسەر کاریگەری بایەلۆژی دەکاتەوە لەسەر تاک، لەکاتێکدا لەوێوە رەفتاری لەگەڵ بیرۆکەی مارکسدا دەکرد، کەجەختْ لەسەر کاریگەری کۆمەڵگە (بەتایبەتیش سیستمە ئابوریە باوەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایانە) دەکاتْ لەسەر کەسایەتی. لەوانەیە شتێکی نوێ، کەفرۆم خستبیە سەر ئەم تێکەڵکردنە (بیرۆکەی ئازادی) بێتْ، کەئەو

بەتایبەتمەندیەکی سێنترالی دادەنێت لەسروشتی مرۆڤایەتیدا.

فـرۆم جەخت لەسەر راستی تێروانینەکانی(فرۆید) دەکاتـەوە، لە پێداگیریەکەی لەسەر ئەوەی، کەکاریگەری بایەلۆژی، تاکە کاریگەرییە بۆبەخشین و دروستکردنی هاوشێوەی ئاژەڵەکان، یان بەلایەنی کەمەوە ئەو ئاژەڵانەی خاوەن پێکهاتەیەکی سادەنا، ئەو وای دەبینێ کە کێشەی (ئازادی) پەیوەندی بەئاژەڵەوە نییە، بەڵکو بۆ ئەوانە غەریزەکانیان هەموو کارەکانیان دەگرنە ئەستۆ، بۆ نموونە سەگەکان پێویستیان بەهیچ هۆکارێک نییە، بۆ دیاریکردنی داهاتویان و کارو پیشەکانیان، چونکە ئەوان هەرچیەک بکەن لەسەگ زیاتر نین

هەروەها بۆ جەختکردنەوەی کاریگەری کۆمەڵگای ئابوری چینایەتی پشتی بەمارکس دەبەست.

فرۆم کۆمەڵگە کلاسیکیەکانی چاخی ناوەراستی بەنموونە دەهێنایەوە، کەبارودۆخیان زۆر جیاواز نەبوو لەحاڵەتی سەگ، ئەگەر باوکێک جوتیاربا، بەسروشتی خۆی، کوڕەکەش دەبووە جوتیار، یاخود ئەگەر پادشا با، کوڕەکەشی دەبوو بەپادشا، تەنها لە هەندێ حاڵەت نەبێ، کەهەندێکیان بەدوای هۆکارێکدا دەگەڕان، بۆ گۆڕینی چارەنووسە نیمچە سەپاوەکەیان.

ئەمرۆ کەئێمە دەڕوانینە ژیان لەچاخەکانی ناوەراست، حوکمی ئەوەیان بەسەردا دەدەین، کەوەکو ئاژەڵ ژیاون، بەئاسانی دەتوانین ناتەواوی ئەو ئازادییە بەدی بکەین، کەلەئەنجامی هۆکارە بایەلۆژی و کۆمەڵایەتیەکان کەوتۆتەوە. ئاشکرایە کە نموونەی ئەمجۆرە ژیانەش، سیستەم و مانایەکە، هیچ گومان و کێشەیەکی رۆحی لەبارەیانەوە بەدی ناکرێت، بەکورتی ژیانێکی جێگیرەو هیچ تەنگ و چەڵەمە و کێشەیەکی تێدا نابینرێت، لەپێناو گەڕان بە دوای شوناس و خوددا.فرۆم ئەوەشی دەخاتە سەر، کەئەگەر ئارەزووە وێرانکەرەکانی مرۆڤ رووبەڕووی هەر کۆسپ و تەگەرەیەک بوونەوە، ئەوا تاک لەناخەوە تووشی هەرەسهێنانی دەروونی دەبێت، باشترین نموونەش بۆ ئەمە خۆکوشتنە لەگەڵ ئەمەشدا هۆکاری تر هەنکەدەروون وێران دەکەن و کاریگەرییان کەمترە، لەوانە: نەخۆشی دەروونی و (هەندێجار) ئەندامی، خوگرتن بەمادە بێهۆشکەرەکان و مەی (ئەگەر لەکاتی خۆشیشدا بێت) لەوانەیە بگۆڕدرێ.

بەمشێوەیە فرۆم تێوری (ئارەزوو بۆ مردن)ی لای فرۆید بە جۆرێکی تر هەڵگێڕایەوە، ئەو دەڵێت (هەرەسهێنانی خود، تەنیا هەرەسهێنانێکی نائومێدانەیە، نەک ئارەزوو بۆ مردن)، بەڵام ڕێگای سێهەم تێکەڵاوکردنێکی میکانیکیە، فرۆم ئەم ڕێگایە بەوە لێکدەداتەوە کە هەوڵی دەسەڵاتدارانەیە بۆ راکردن و خۆحەشاردان لەپەنای هەڕەمی دەسـەڵات، بەپێچەوانەی جەختکردنەوەی یەکسانی لەناو کۆمەڵگەدا.

کاتێکیش (تاک) هەوڵی راکرد دەدات، تێکەڵ بەکولتورێکی کۆمەڵی دەبێت، نموونەش بۆ ئەمە، بێئومێد بوون و نغرۆبوونیەتی لەبەئەنجام گەیاندنی هەرکارێک، کە کۆمەڵگە ئەنجامیدەدا، وەکو سەیرکردنی تەلەفزیۆن، یان جلپۆشین و قسەکردن و بیرکردنەوە، بەهەمانشێوەی هەر تاکێکی تری ئەو کۆمەڵگایە، لێرەشەوە مرۆڤ خۆی لەناو ئەم جەنجاڵیە وندەکات و هیچ هاندەرێکیش نییە وایلێبکات، بەدوای ئازادییەکاندا بگەرێت و بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت (ڕەنگە هەر ئەم ڕێگایەش گەورەترین کۆسپ بێت لەبەردەم بانگەوازی (لەخۆتەوە دەست پێبکەم) ئەو بانگەوازەی ئەرکی ئەوە دەخاتە سەرشانی تاک کە بەرەنگاری هەموو سلبیاتەکانی کۆمەڵگاکەی ببێتەوە).

ئەوتاکانەی کە ڕێگای تێکەڵکردنی میکانیکی بەکاردەهێنن، فرۆم بە (هەمەڕەنگی کۆمەڵایەتی) وەسفیان دەکات ئەمانە بۆ ئەوەی هەست بە تەنیایی نەکەن بە هەموو جۆرە ڕەنگێک، خۆیان ڕەنگدەکەن، بەڵام لە ئەنجامدا دەروون و خودی خۆیان وندەکەن، ئەم ڕێگایەش لە تبوونێک دروست دەکات لە نێوان هەست و سۆزە راستەقینەکان لەلایەک و ڕەنگەکان لەلایەکی دیکەوە، ئەو ڕەنگا نەی وێنەیەکی ساختەو نادروست بەدەستەوە دەدەن.

فرۆم بەوەکوتایی دێنی کە (تاک) لەچاخی نوێدا، لە هەموو حاڵەتەکان هەست بە(نامۆیی) دەکات، ئەویش لەبەر ئەوەی مرۆڤ، بووتە بەندەی هەموو ئەو شتانەی خۆی دروستیکردون، ئادەگاتە ئەو ڕادەیەی، کە مرۆڤ خوداشی بۆ خۆی دروستکردوە، ئەو دەڵێت(مرۆڤ بەندەی هەموو خوداکانە تەنها خوای راستەقینە نەبێ).

لەسەر ئەو شتانەی پێشتر باسکران، فرۆم تیۆرە کۆمەڵایەتیەکەی خۆی

بەرە بەرە بونیاتڕ دەنێت، لە بارەی باسکردنی جۆرەکانی خێزان و ئەو پەیوەندیەی لە نێوان ئەندامەکانیاندا هەیە، تادەگاتە وەسفکردنی بارودۆخی کۆمەڵگە وەکو (گشتێک) لە میانەی دابەشکردنیدا بەسەر چەند بەشێکی جیاواز، پاش کۆتایهێنان بەوەسفکردنی کۆمەڵگەکانی چاخی نوێ، ئەو کۆمەڵگایانەی (نامۆیی) بەسەریاندا زاڵە، بەو پێیەی زۆرینەی تاکەکانی، هەستڕ بە (نامۆیی) دەکەن، فرۆم بۆ وێنە کێشانی کۆمەڵگایەک، هەوڵدەداتڕ کە نە لە ئازادی رابکەن و نەهەستیش بە نامۆیی بکەن (لەمەدا رەنگە بەوە کاریگەر بێتڕ، کە لای مارکس هەیە، ئەویش تەواو نەبوونی وێنەی نموونەیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە بە شێوەیەکی حەتمی) و ناوی (کۆمەڵگەو سۆسیالیزمی مرۆڤایەتی) بە سەردا براوە.

ئینجا لە پوختەی بیروراکانی ئەریک فرۆم کە بە پلەی یەکەم رەچاوی مرۆڤی رۆژئاوایی کراوە( بە تێبینی کردنی ئەوەی، کە رۆژئاوا لە چاخی نوێدا، کاریگەری بەسەر هەموو جیهاندا هەبووەو ئەم کاریگەریەش بەسەر هەموو کۆمەڵگەکانی دنیادا رەنگی داوەتەوە، بەمجۆرەش تیۆرەکانی فرۆم بەسر زۆرینەی کۆمەڵگاکانی جیهان جێبەجێدەبێتڕ) ئەوە هەڵدەهێجین کە مرۆڤی چاخی نوێ، سرود بۆ رابردوی خۆی دەڵێتەوە، ئەو رابردوە ئارامەی، تا ئێستاش کاریگەری بەسەرەوە ماوە، لەبەرئەوەی باق و بریقی مەدەنیەتڕ و شارستانیەتی نوێ، گۆرانێکی لە نێوان خۆی و لەنێوان گەرانەوە بۆ رابردوو دروستکردوە، هەر بۆیە تاک لە ناخەوە هەستڕ بە بێزاری دەکاتڕ، لەوانەیە ئەمەش لە بەر ئەوە بێتڕ کەوا هەستڕ بکاتڕ، سیستەمی ژیانی رابردوو، سیستەمێکی سروشتی لەگەڵا مرۆڤ و، ڕەنگە بەهەمان رادە لەگەڵ ئاژەڵیش گونجاو بێتڕ، بەڵام توانای سەرنجراکیشان لە چاخی نوێدا، هیوای ئەوە دەبەخشێتڕ، کە مرۆڤ دەتوانێ لە ئێستادا بەسەر هەستەکانی خۆیدا زاڵبێتڕ، بەڵام واش پێدەچیتڕ، ئەم زاڵبوونە، کارێکی نەکردەبێتڕ.

## قەیرانی دەرونشیکاری

ئەریک فرۆم
لەفارسییەوە: هەژار جوانڕۆیی

لەم سەردەمەدا دەرونشیکاری تووشی قەیران بووە. ئاماژەی روخساریی ئەم قەیرانە کەمبونەوەی ژمارەی خوێندکاران هەروەها دابەزینی رێژەی چوونی نەخۆشەکانە بۆ لای دەرونشیکار، بە مەبەستی چارەسەرکردنیان. لە هەمبەر دەرونشیکارەکان، هەندێک رکەبەر سەریان هەڵداوە، کە لافی ئەوە لێدەدەن، دەتوانن بە خەرجێکی کەمتر ولە ماوەیەکی کورتتردا نەخۆشییەکان، چارەسەر بکەن. دەرونشیکار کە تا (10) ساڵا لەمەوبەر تەنها کەسی متمانەپێکراو بۆ چارەسەری تێکچونە دەرونییەکانی چینی مامناوەندی شارنشین لە قەڵەم دەدرا، هەنووکە لە هەمبەر رکەبەرەکانیان، هەڵوێستی بەرگریکردنیان وەرگرتوە و پۆستی قۆرخکراوی خۆیانیان لە دەستداوە.

بە مەبەستی تێگەیشتن لەم قەیرانە، دەبێت سەرەتا چاوێک بە مێژوویی چارەسەری دەرونشیکاردا بخشێنینەوە، نزیکەی نیو سەدە لەمەوبەر، دەرونشیکاری سەریهەڵدا و لە لایەنی ئابورییەوە بازاڕێکی نوێدا کردەوە. تا ئەو کاتە تەنها بۆ چارەسەری شێتەکان، یاخود نەخۆشینە توندەکانی دەرونی سەردانی دەروونناس دەکرا. چارەسەر کردنی نەخۆشەکانی دیکەی دەرونی لە لایەن پیاوە ئاینیەکان یاخود دکتۆری بنەماڵەوە ئەنجامدەدرا، لە زۆربەی نمونەکاندا، نەخۆش ناچار بوو، ئازارو نارەحەتی خۆی لە بێدەنگیو گۆشەگیریدا تەحەمول بکات.

فرۆید لە سەرەتای کاری خۆیدا، سەرقاڵی هەندێک نەخۆش دەبوو، هەرچەند گیرۆدەی هەندێک نارەحەتی وەک نیگەرانی، دڵەراوکێو هیستری بوون، بەڵام ناوی نەخۆشیان لێنەدەنرا و بە نەخۆشی پسیکۆزPsychotic لە قەڵەم نەدەدران. وردە وردە چوارچێوەی دەرونشیکاری پەرەی سەندو سەبارەت بەو کەسانەش کە بە نەخۆش لە قەڵەمنەدەدران بە کار هات. نەخۆشەکان لە نەبوونی هەستی خۆشحاڵیو چێژ وەرگرتن لە ژیان، لە زەواجی سەرنەکەوتوو،

له نیگەرانی گشتی، لە هەست بە ئازارو تەنیایی، له نەبوونی توانای ئەنجامدانی کار و...هتد گازەندەیان دەکرد، بە پێچەوانەی رابردوو ئەم نارەحەتییانە «نەخۆشی» لە قەڵەمدەدران و«یارمەتیدەرێکی»نوێ کە هەمان دەرونشیکارە، دەبوایە « گرفتەکانی ژیان « ی ئەوان چارەسەربکات. له حاڵێکدا تا ئەوکاتە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، یارمەتی پسپۆڕ پێویست نەبوو.

ئەم پەرەسەندن وکامڵبوونە بەشەوێک دروست نەبوو، بەڵام بوو بە هۆکارێکی گرنگ لە ژیانی چینی مامناوەندی شارنشین، بە تایبەت لە ئەمریکادا. تا چەند ساڵا لەمەوبەر بۆخەڵکی چینی ناوەڕاست، سەردانی دەرونشیکار وەک سەردانی کڵێسا، یان شوێنێکی پیرۆز، بە کارێکی ئاسایی لە قەڵەمدەدرا.

تێگەیشتن لە هۆکارەکانی گەشەکردنی دەرونشیکاری کارێکی دژوار نییە. ئەم سەدەیە (سەدەی نیگەرانیەکان ) تەنیاییو گۆشەگیریەکی زیاتری لەگەڵ خۆی هێناوە. هەڵوەشانەوەی ئایین، هیچ وپوچیو بێهودەیی سیاسەت، دەرکەوتنی «مرۆڤی رێکخراوەیی لە خۆ بێگانە»ی(Alienate organizion man ) چینی مامناوەندی شارنشینی لە هەڵوێستو هەستی ئاسایش لە جیهانی بێواتاو بێناوەڕۆکدا، بێبەشکردوە، هەر چەندە ژمارەیەکی کەم هەڵوێست وئاراستەیەکی نوێیان لە سورریالیزم، سیاسەتی رادیکاڵاو زەنی بودیزمدا دۆزیوەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی تاکی لیبراڵی ریالیست، بە دوای فەلسەفەیەکدا دەگەڕێت، کە لە ئایدۆلۆژیای ئەودا، گۆڕانکاری بنەڕەتی دروست نەکات، واتە لە هاوڕێو هاوچەشنەکانی خۆی«جیاواز» نەبێت.

دەرونشیکاری ئەم خواستەی دابینکرد، تەنانەت ئەگەر نەخۆشیش چارەسەر نەدەبوو، گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکدا کە بیسەرێکی بە سەبر بوو، کەم تا زۆر بە هەستی هاوخەمی گوێی لە کێشە وقسەکانی نەخۆش دەگرت، دەبووە هۆی هێوربوونەوە و سوکبوونی باری رۆحی ئەو کەسە. ئەو پارەیەی کە بە دەرونشیکار دەدرا، زەرەرێکی ئەوتۆ نەبوو، رەنگە بە زیانیش لە قەڵەم نەدرابا، چونکە دانی پارە-خۆی هۆکارێکی جیدیبوون-رێزدار بوون وهیواداری بە چارەسەری بوو. دیسان سەردانی دەرونشیکار خۆی جۆرە پرستیژێک بوو، چونکە لە لایەنی ئابورییەوە، بەشێکی راقی دەژمێردرا.

دەرونشیکاری ئەڵترنائیڤێکی بۆ ئایین، سیاسەت و فەلسەفە خستە روو. فرۆید بە گوتەی خۆی ئێکرای نهێنیەکانی ژیانی دۆزیبووەوە. نەست، گرێی ئودیپ، دوپاتکردنەوەی ئەزمونی سەردەمی منداڵی لە هەنوکەدا، ئەگەر لەم شتانە تێبگات، ئیدی هیچ شتێک لە ڕوانگەی ئەوەوە گوماناوی نییە، ئەم کەسە دەبووە ئەندامی گروپی (باتنی ) کە دەرونشیکار پیاوی ئایینی ئەوە وکەمتر هەست بە تەنیایی و سەرلێشێواوی دەکات.

ئەم کارە سەبارەت بەو کەسانەی کە نەخۆشییەکی دیاریکراویان نەبوو، بەڵکو ئـازاری گشتیان هەبوو، راست بوو. ئەوان بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگایەکی راست ودیاریکراو دەبوایە لە چەمکی مرۆڤی لە خۆ بێگانە تێبگەن وبۆیان دەرکەوتبا، کە ژیان لە سەر تەوەری «بوون» لە باتی ژیان لە سەر تەوەری «هەبوون»و»بەکارهێنان» چ تایبەتمەندییەکی باشی هەیە ؟ بۆچوونێکی وەها پێویستی بە رەخنەیەکی توند وبنەڕەتی لە کۆمەڵگە هەبوو، کە رەخنە لە پێوەرو بنەما دیار و شارەوەکانی بگیرێت، و بۆ دەستەبەر بوونی ئەم پرسە، پێویستە ئەوەندە بوێر بین کە پەیوەندییە هێورکەرەوە وپارێزگاریکەرەکان تێکبدەین و خۆمان بخەینە نێو ریزی کەمینەوە. لە لایەکی ترەوە پێویست بوو رێژەیەکی زۆرتر دەرونشیکارمان هەبێت، کە لە نێو تۆڕی دەروونی و رۆحی ژیانی پیشەیی رێکخراوەی قاڵبی وسیبرنتیک(1)دا سنوردار نەبن.

بە زۆری دەتوانین «رێکەوتنێکی رێـزدارانـە» لە نێوان نەخۆش و دەرونشیکاردا ببینین، لە راستیدا ئەم دوانە هیچکامیان نایانەوێت ببنە هۆی ئەزموونێکی بنەڕەتی نوێی ناسەقامگیر، هەر دوانیان لە چاکبونەوەیەکی کەمیش رازین وناوشیارانە سپاسی یەکدی دەکەن، چونکە» رێکەوتنی» نهێنی وناوشیارانەی خۆیان ئاشکرا ناکەن، تا کاتێک نەخۆش سەردان دەکات، قسە دەکات وپارە دەدات ودەرونشیکار گوێی لێ دەگرێت وشرۆڤە ولێکدانەوەی بۆ دەکات- یاساکانی «یاری»جێبەجێکراوە ئەم یارییە بۆ هەر دوو لایەن گونجاو و چێژ بەخشە، بەڵام پێشتر سەردانی دەرونشیکار، دەبووە، هۆی دورکەوتنەوە لە راستی حاشاهەڵنەگرو ترسناکی ژیان : بریار دان وقبوڵکردنی مەترسی. کاتێک کە بڕیاردانێکی دژوار - یان تەنانەت ئازاراویی - حاشا هەڵنەگر بوو، ئەو کەسەی

کە بەسەردانکردنی دەرونشیکار راهاتبوو ململانێیەکی راستە قینەی دەروونی بۆ «نیروتیک» کە پێویستی بە لێکدانەوەیەکی زیاترهەیە، دەگواستەوە، ئەم لێکدانەوەیە ئەوەندە درێژەی کێشا، تائەو بارودۆخەی کە بۆ بڕیار دان پێویست بوو، لە ناوچوو. نەخۆش و دەرونشیکار دژایەتی یەکدیان نە دەکرد، ئەوانەی کە رێکەوتنێکی نهێنیو ناوشیارانەدا بەشدار بوون، دژایەتی یەکدیان نە دەکرد. تەنانەت بەڵگەیەکیشیان نەدەهێنایەوە، چونکە نابێ هیچ شتێک ژیانی ئارامی ئەوان تێکبدات. چونکە مشتەری دەرونشیکارەکان رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبوون، لەم روەوە زۆربەی دەرونشیکارەکان، کەمتەرخەمبوون ولافی ئەوەیان لێدا، لەبەرئەوەی «بەهای بازاری» یان زۆرە، دەبێ «بەهای کاری» شیان زیاتر ببێت. پشتیوانی کردنی «یەکێتی ناونەتەوەیی دەرونشیکاری»(1) بیرێکی وەهای لە زۆربەی دەرونشیکارەکاندا دروستکردبوو، کە دوای ئەوەی خوێندنەکەیان تەواو کرد، لە بوارەکەی خۆیاندا گەیشتونەتە»راستی». لە جیهانێکدا کە گەورەیی و هێزی رێکخراو گەرەنتی راستیە، ئەوانیش لە بۆچوونەکەی خۆیاندا، تەنها ئەم راستییە گشتییەیان جێبەجێدەکرد.

ئایا دەبێت لەوشتانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، دەرئەنجامێکی وەها دەربخەین، کە دەرونشیکاری گۆڕانکاری پێویست و بنەڕەتی، سەبارەت بە خەڵک دروست نەکردوە؟ ئایا دەرونشیکاری خۆی ئامانج بووە، نەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجی باڵا؟ وانیە. ئەم بۆچونە تەنها بۆ ئەو دەرونشیکار و نەخۆشانە راستە، کە خراپ سود لە دەرونشیکاری وەردەگرن، نەک لە کارە سەرەکەوتوە جیدییەکانی کەسانی دیکەدا. لە راستیدا نکۆڵیکردنی سەرکەوتنی چارەسەری دەرونشیکارانە، زیاتر ئاماژە بە گرفت و کێشەی هەندێک نوسەری (مۆدی رۆژ ) لە تێگەیشتن لەو زانیارییە ئاڵوز وپێشکەوتوانە دەکات کە دەرونشیکاری پێیەوە خەریکدەبێت، نەک ئاماژە بەگرفتی خودی دەرونشیکاری بکات. رەخنەی کەسانێک کە لەم بوارەدا خاوەن ئەزمون نین، ناتوانێ ئەو شاهیدانە بێکاریگەر بکات. کە دەرونشیکار لە چارەسەرکردنی کەسانی گیرۆدەی جۆرە ئازارێکی دەرونی لە بەر دەستیاندایە. گەلێک نەخۆش دوای چارە سەری هەستی خۆشحاڵیو ئاسودەییو چێژیان بەدەستهێناوە، کە جگە لەدەرونشیکاری هیچ شێوازێکی دیکە، ناتوانێ

گۆڕانکاری وەها پێک بهێنێت. هەڵبەت هەندێکیش چارەسەر نەکراون، یاخود گۆڕانکارییەکی کەمیان تێدا دروستبووە، بەڵام ئێرە شوێنی لێکدانەوەی ئامارەکانی سەرکەوتنی چارەسەری دەرونشیکاری نییە.

جێگەی سەر سوڕمان نییە، کە کۆمەڵێک کەس کەوتونەتە بەر کاریگەری ئەوپڕوپاگەندەیە، کە بەڵێنی چارەسەری خێراتر وهەرزان تر دەدات. دەرونشیکاری سووککردن و هێور کردنەوەو چارەسەر کردنی داماوییەکانی مرۆڤی لە رێگای یارمەتی پسپۆڕانەوە هەموار کردوە. بە گۆڕینی شێواز بە « کارامەیی» زیاتر و «خێرایی» و»چالاکی گروپی «و بەرفراوان بوونی، پێویستی بە» چارەسەری»، ئەو کەسانەی کە داهاتەکەیان بەشی کۆبوونەوەی راوێژکاری درێژخایەنی نەدەکرد، بە ناچاری ئەو شێوازە چارەسەرییە نوێیەیان قبوڵ کرد. لە ئەنجامدا گەلێک لە نەخۆشەکانی دەرونشیکارەکانیان بەرەو لای خۆیان راکێشا.

تا ئێرە من تەنها ئاماژەیەکی کورتم بە ئاشکراترین و بەرچاوترین هۆکارەکانی قەیرانی دەرونشیکاری کرد: خراپ بەکار هێنانی دەرونشیکاری لە لایەن رێژەیەکی زۆر لە دەرونشیکاران و نەخۆشەکان. هۆکارەکانی قەیران، لانی کەم لەم ئاستەدا، لە سەداسەد گرێدراوی هەڵبژاردنی وردتری دەرونشیکار ونەخۆشە.

پێویستە ئەم پرسیارە بخرێتە روو:خراپ کەڵک وەرگرتن چۆن بەرێوە دەچێت؟ هەوڵمداوە وڵامێکی زۆر سنوردار بۆ ئەم پرسیارە بخەمە روو، وڵامی ئێرو تەسەل تەنها کاتێک ئامادە دەبێت، کە هۆکارە رواڵەتیەکان، بە هۆی قوڵبوونەوەی قەیرانەکان لە دەرونشیکاریدا لێکبدەینەوە.

**هۆکارەکانی ئەم قەیرانە قوڵە کامانەن؟**

لە روانگەی منەوە هۆکاری سەرەکی گۆڕینی دەرونشیکاری لە تیورییەکی ڕادیکاڵەوە بۆ تیوریەکی ریفورمخواز(1). دەرونشیکاری لە بنەڕەتدا تیوریەکی رادیکاڵ و رزگارکەر بوو. بەڵام وردە وردە ئەم تایبەتمەندییەی لە دەستدا و توشی وەستان هات و نەیتوانی تیورییەکەی خۆی لە وەڵامی پێگەی گۆڕدراوی مرۆڤ، دوای شەڕی جیهانی یەکەم فراوانتر بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەڵگەڕایەوە بۆ سازشکردن و ملکەچ بوون وگەڕان بە دوای رێز وحورمەتدا.

داهێنەرترین و رادیکاڵترین دەستکەوتی تیۆری فرۆید، بونیادنانی « زانستی دژە عەقڵ(2)»یان بە دەربڕینێکی دیکە تیوری نەست بوو. بە شێوەیەک کە خودی فرۆیدیش دەیزانی کە ئەم دۆزینەوە درێژە پێدەری کاری کوپرنیکو ینومارکس بوو. ئەوان ئەساسەکانی وەهمی مرۆڤیان، سەبارەت بە پێگەی زەوی لە گەردوون، هەروەها پێگەی خودی مرۆڤ لە سروشت وکۆمەڵگەدا تێکەڵکرد، فرۆید دوایین سەنگەری، واتە-ئاگاهی مرۆڤی وەک «دۆزراوەی کۆتایی»(3) لە ئەزموونی دەرونیدا داگیر کرد. فرۆید نیشانیدا، کە زۆربەی ئەو شتانە کە ئێمە وەک زانستو زانیاری خۆمان لە قەڵەمیان دەدەین، راستەقینە نین و زۆربەی راستییەکان لە هەستی ئێمەدا نین. ئایدیالیزمی فەلسەفی و دەروونناسی نەریتی، رووبەروی پرسیارو ڕەخنە بوویەوەو هەنگاوێکی دیکە لە زانست، بۆ ئەوەی «بەراستی راستییە» هاوێژرا. ( فیزیکی ئێورێکیش، هەنگاوێکی جیدی لە هێرش بۆ سەر دڵنیاییەکی دیکە، واتە چییەتی مادە، هەڵگرت).

فرۆید نەک تەنها هەبوونی پرۆسەکانی ئاگاهی بە گشتی خستە روو (بەر لە ئەویش کەسانی دیکە، ئەم بابەتەیان خستبووە روو) بەڵکو بە شێوەیەکی کرداری شێوازی کارەکەیانی لە دیاردە بابەتیو بەر چاوەکاندا نیشاندا: ئاماژەکانی خەمۆکی دەرونی (1)، خەون خەیاڵەکان، کارە بچوکەکانی رۆژانە.

تیوری نەست یەکێک بوو لەو هەنگاوە جیدیو قورسانە کە بۆ مرۆڤناسی ئێمە، توانای جیاکردنەوەی ڕواڵەتەکان (ناڕاست ) لە ڕاستییەکان لە هەڵسوکەوتی مرۆڤدا هەڵگیراوە. ئەم تیورییە لە راستگۆییدا ڕەهەندێکی نوێی دروستکرد وبۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بونیادێکی نوێی دامەزراند. بەر لە فرۆید ئاگا بوون لە مەبەستی وشیارانەی مرۆڤ، بە مەبەستی دادوەری لە راستگۆیی ئەودا بەس بوو، بەڵام دوای ئەو، ئەم ئاگاهییە نەک تەنها بەس نەبوو، بەڵکو لاوەکی وکەم بایەخیش بوو. راستی لە پشتی نەستەوە خۆی حەشار داوە، ئەم راستییە هەمان مەبەستی سەرەکی تاکە. بە دەرونشیکاری ئەو کەسە (یان بە بەکار هێنانی دەرونشیکاری لە لێکدانەوەی هەڵسوکەوتەکانیدا ) پابەندی رێزو حورمەتە باوەکەی ئەو کەسە بۆ بـورژوازی، لە گەڵا دووروویـی ودرۆزنـی ئەو تۆشی هەژاندەکات(2). ئیدی ئەوە بەس نەبوو کاری کەسێک بە گوێرەی مەبەستی باشی

ئەو هەڵبسەنگێندرێت. ئەم مەبەسنە باشانە، تەنانەت ئەگەر خاوەنی پەیوەندی گەرم و گوڕی زەینیو کاملێش بن، پێویستیان بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن هەیە. بە شێوەیەک کە دەبێ ئەم پرسیارە، سەبارەت بە هەموو کەسێک بخرێتە روو:»لە سەرەوەی ئەوەوە چی هەیە؟» یان ئەگەر باشتر بڵێین «روەکەی دیکەی تۆ کامەیە؟» لە راستیدا فرۆید ئەم دەرفەتەی بە رۆحی ریالیزمی نوێوە ئامادە کرد، تا بتوانین بپرسین»ئێوە کێنو من کێم؟»(1)

بەڵام سیستەمی تێوریکی فرۆید، دوولایەنە بوونێکی قووڵی تێدایە. ئەو فرۆیدەی کە بۆ تێگەیشتن لە «ویژدانی ناوشیاری درۆینە» و خۆ فریو دانی مرۆڤ رێگایەکی نوێ کردەوە، بیرمەندێکی ڕادیکاڵ بوو (هەر چەند شۆڕشگێڕ نەبوو) کە چوار چێوەی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی تێپەڕاند. فرۆید تا ڕادەیەک لە کتێبی «داهاتووی بیرکردنەوەیەک» دا ڕەخنەی لە کۆمەڵگە گرتووە، بەڵام لە لایەکی ترەوە بە قووڵی پابەندی پێش داوەرییەکانو فەلسەفەی سەردەم وچینی مێژوویی خۆی بوو. ویژدانی نا وشیاری فرۆید شوێنی ئارەزۆ سێکسیە سەرکوتکراوەکان، ئەو راستییەیە کە دەبێ بنج وبنەواکەی لە گۆڕانکارییە لیبیدۆییەکانی سەردەمی منداڵیدا بدۆزینەوەو ڕەخنەکانی لە کۆمەڵگە، تەنها لە چوارچێوەی سەرکوتکردنی ئارەزۆ سێکسیەکاندا، سنوردار دەبێتەوە. فرۆید لە دۆزینەوە گەورەکانی خۆیدا بیرمەندێکی بوێرو توندرەو بوو، بەڵام ئەم بیرکردنەوە بێقەیدو مەرجەی ئەو، کە کۆمەڵگە شێوەی کۆتایی پێشکەوتنی مرۆڤە و ئیدی هیچکام لە روخسارەکانی، ناتوانێ کامڵ ببێت، لە بەردەم دۆزینەوەکانی ئەودا ئاستەنگی دروستدەکرد.

بە بۆنەی ئەم دژایەتییە سروشتییە لە خودی فرۆیدو تیورییەکەیدا، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە: شوێن کەوتوکانی دەبێ کەسایەتی، یاخود تیورییەکانی هەڵبژێرن و تەواوی بکەن؟ ئایا دەبێ شوێنی ئەو فرۆیدە بکەون، کە درێژە پێدەری کارەکانی کوپرنیک، ومارکسە، یاخود فرۆیدێک کە ئەندێشە و هەستی ئەو لە چوارچێوەی بابەتە ئەزمونیەکان و ئایدولۆژی بورژوازیدا سنوردار ماوەتەوە ؟ ئایا دەبێ تیوری ویژدانی ناهوشیاری ئەو، کە گرێدراوی ئارەزووە سێکسیەکانە، پەرەی پێبدەن و بیکەنە تیورییەکی گشتگیر، کە تێکرای ئەزمونە دەرونییە سەرکوتکراوەکان لە خۆ بگرێت ؟ یان دەبێ تیوری ئازادی سێکسی ئەو لە رێگەی

پەرەپێدانی هەستەوە تا ئازادی گشتی، پەرە پێبدەین و گشتگیری بکەن ؟ بە کورتی ئەم پرسیارە هەمەکییە دێتە ئاراوەکە: ئایا شوێنکەوتوەکانی فرۆید، دەبێ بیرکردنەوە شۆڕشگەرانەوبە هێزەکانی ئەو، کاملا بکەن، یان لەسەر ئەو تیوریانە پێدا گری بکەن، کە بەدڵی کۆمەڵگەی بەکار هێنەرە؟

شوێنکەوتنی هەردو لایەنەکەی فرۆید مومکین بوو، بەڵام بڕوامەندانی راستەقینەی ئەو، فرۆیدی ریفورمخوازیان لە فرۆیدی توندڕەو پێ باشتربوو. ئەوان نەیانتوانی دەستکەوتەکانی خۆیان لە تیوری داڕێژراو، لەسنورداری کاث رزگار بکەن ولە چوارچێوەیەکی ڕادیکاڵی فراوانتردا جێگیری بکەن. ئەم شوێنکەوتوانە، شەیدای دەرکەوتنی رادیکالیزمێک بوون، کە دەرونشیکاری بەر لە شەڕی جیهانی یەکەم، خاوەنداریەتی دەکرد، واتە سەردەمێک کە ئاشکراکردنی دو ڕوویی سێکسی کارێکی بوێرانەو شۆڕشگەرانە لەقەڵەم دەدرا. باڵادەستیو باڵابوونی شوێنکەوتوانی ریفورمخواز، تارادەیەک کارلێکراوی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی فرۆید بوو. فرۆید نەتەنها بیرمەند و دەرماناس بوو، بەڵکو کەسێکی ریفورم خوازReformer بوو کە بە ئەرکی سەر شانی خۆی بۆ بونیادنانی بزوتنەوەیەکی چاکسازی ئەخلاقی عاقڵانە لە مرۆڤدا بڕوای هەبوو) (1)فروید بیرمەندێک بوو، بەڵام سەرەڕای حەزو خۆشەویستی بۆ تیوری، قەث لە «جوڵانەوە « و سیاسەتی گرێدراوی ئەو تیوریە چاوپۆشی نەدەکرد. زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە لایەنی ئەوەوە سەرۆکایەتی بزوتنەوەیان بە دەستهێنا، نەیاندەتوانی بەرگەی رەخنەی توند بکەن، فرۆید خویشی لەم پرسە ئاگادار بوو، بەڵام تایبەتمەندییەکی دیارو بەرچاوی ئەوان، دەبووە هۆی هەڵبژاردنیان بۆ ئەم پۆستە : وەفاداری بێقەیدو مەرج بە کەسایەتی فرۆید و بە جۆلانەوە، لە راستیدا زۆربەی هەرە زۆری ئەوانیش وەک هەر بزوتنەوەیەکی سیاسی دیکە خاوەن، تایبەتمەندییەکی بروکراتیزمانە بوون. بۆئەوەی بزوتنەوە، هەم تیوری وهەم کرداری دەرماناسی کونترۆڵدەکرد، لەم روەوە ئەوجۆرە هەڵبژاردنەی رێبەرەکان کاریگەرییەکی بەرچاوی لەپەرەسەندن وفراوانبوونی دەرونشیکاری هەبوو.

هەندێکی دیکە لە لایەنگرانی فرۆید پشتیان تێکرد: وەک (یونگ) Jung کە سەرەڕای هۆکارەکانی دیکە رۆمانتیستێکی محافزەکار بوو، (ئادلر)، (هەرچەند

کە کەسێکی هۆشمەندو بە ئوانا بوو ) عەقڵگەرایەکی(1) روەکی بوو. (رانک) سەرە ڕای ئەوەی ئیوریيە سەرەئاييەكانی فرۆيدی كامڵكرد، بەڵام دواتر تا ڕادەیەک لە ئەنجامی دوگمابوونی فرۆید، و زیاتر بە بۆنەی ئێرەیی رەکەبەرەکانی، پاشە کشەی لێکرد. (فرنجی) Ferenczi یەکێک لە خۆشەویسترین ولێهاتوترین شوێن کەوتوەکانی فرۆید، کە نە بیری لە سەرۆکایەتی دەکردەوە و نە دەوێرا لە فرۆید دوور بکەوێتەوە، لە ساڵەکانی کۆتایی ئەمەنیدا تووشی هەندێک لادان بوو بە توندوتیژییەوە دەرکرا، هەرچەندە - تیوری سێکسی فرۆیدی، تا دەرئەنجامی کۆتایی پەرەپێدا بوو، نمونەی سەرنجراکێش، ترس لە بورکراتیزمی دەرونشیکاری (بەتایبەت لە خودی فرۆید) لە گواستنەوە بۆ هەڵوێستی ڕادیکاڵا بوو، کە سەنتەر وناوەندی سیستەمەکەی فرۆید، بوو. سەرکەوتوەکان لە قوتابخانەی فرۆیددا بە توندی کونترۆڵیان بەدەستەوەگرت، هەرچەندە لە نێوان خۆیاندا، هەستی ئیرەیی و رکەبەرایەتی بوونی هەبوو. بەرچاوترین سەمبولی ئەم دژایەتیە ناوخۆییە لە نێوان ئەندامەکانی گروپەکەدا، لە کتێبی ئیرنست جونز بە ناوی (بیوگرافی قوتابخانە ) بە دیدەکرێت، لەم کتێبەدا نوسەر دووکەس لە رکەبەرە سەرەکییەکانی خۆی (فرنجی ورانک) بە توندی دەخاتە بەر شاڵاوی رەخنە و پاشەکەشە کردنیانی بە هۆکاری نەبوونی هاوسەنگی دەروونی ئەوان زانیوە(.2)

زۆربەی دەرونشیکارانی»ئەرنەدۆکس» (3) لە سەر کونترولی بروکراتیزمی شیکردنەوەیی پێداگری دەکەنو ملکەچی یاساکانی بوون، یان لانی کەم بە زمان وەفادار، بوونی خۆیانیان دەربڕیوە، بەڵام هەندێکیش لە ناو رێکخراوەکەدا مانەوە و گەلێک هاوکاری بنەڕەتیو بەبەهایان لە تیوری دەرماننانسی دەرونشیکاریدا ئەنجامدا. لەوکەسانە دەتوانین رادو، ئەلکساندر، فریدا فرۆم رایشمەن، بالنیت، سییتنر، ئەریکسۆن و... ناو ببەین. زۆربەی هەرەزۆری دەروون شیکارەکانی نێو رێکخراوەکە، تەنها چاوەڕوانی دیتنی ئەو شتەیان دەکرد، کە چاوەڕوانبوون بیدۆزنەوە. یەکێک لە سەرسوڕهێنەرترین نمونەکان ئەمەیە،کە لە زۆربەی نوسراوەکانی دەرونشیکارە ئەرزەدۆکسەکاندا ئەم راستیە، کە بەرلە خرانە رووی گرێی ئودیبی، منداڵان چە کوڕوچە کچ، گرێدراوی دایک بوون، لە بەر چاونەگیراوە. هەندێک لە دەرونشیکارە بیرمەند و بوێرەکان وەک فرنجی

لە لێکۆڵینەوەکانی دەروونناسی کەوتەیی خۆیدا ئەم پەیوەندییەی بۆدەرکەوتووەو خستویەتیەروو، بەڵام لە نوسراوەکانی خۆیدا، سەبارەت بە تیوری، فرمولەکانی فرۆیدی دوپاث کردەوەتەوە و سودی لە لێکولینەوە کەوتەییەکانی خۆی وەر نەگرتوە(1). نمونەیەکی دیکەی کاریگەری ئیفلیجکەری کونترۆڵی بوروکراتیزمی هاوئاهەنگی دەرونشیکارە ئەرزەدۆکسەکان ئەمەیە، کە لەوبڕوایەدان ژنان پیاوانی خەسێنراوان، هەرچەندە کە زانیارییە کەوتەیی‌و زیندەوەرناسی ومرۆڤ ناسییەکان، پێچەوانەی ئەم لافەیان سەلماندوە. ئەم پرسە بۆ وتووێژ سەبارەث بە توندوتیژی(2) راستە، چونکە فرۆید بایەخێکی ئەوتۆی بەتوندوتیژی مرۆڤ نەدەدا، کار بەدەستانی بزوتنەوەی دەروون شیکاریش پشتگوێیان خسث، بەڵام دوای دۆزینەوەی «خوغدەی (غەریزە) مەرگ» لەلایەن فرۆیدەوە پرسی وێرانگەری بایەخی پێدرا. لە لایەکی ترەوە هەندێک لەوانە لە قبوڵی چەمکی خوغدە (غەریزە) ی مەرگ توشی هەڵە بوون (چونکە بەبڕوای من، ئەوان ئەوەندە بە تیوری خوغدەی میکانیکی پابەند بوون، کە نەیانتوانی لە قوڵایی ئەم تیورییە تازەیە تێبگەن)، بەڵام ئەم کۆمەڵە هەوڵیاندا بە رون و ئاشکرا لە قەڵەمدانی «خوغدەی وێرانگەری « لە ئاراستەی پێچەوانە ودژی خوغدەی سێکسی لە گەڵ کەسانی دیکەدا هاوئاهەنگ ببن، لەم رووەوە دولایەنە بوونی رابردویان لە نێوان خوغدەی سێکسی و پاراستنی زاتیان بە لاوە ناو لە هەمانحاڵدا چەمکی کۆنی خوغدەیان پاراسث.(3)

رنگە ئەو بۆچوونانەی سەرەوە، بەم شێوەیە پاساو بدرێث، کە دەبێتە هۆی نەزۆکبوونی ئەندێشە دەرونشیکارییە راستەقینەکانی فرۆید، بەڵام ئەمە ئەنجام وەرگرتنێکی بێ‌هۆیە. ئەو دەرونشیکارانەی بە ناچاری بەو رێگایەدا نە رۆیشتن، بەڵکو لە بۆچوون وشێوازی تێگەیشتنی خۆیاندا بە تەواوەتی ئازاد بوون. نالەبارترین هەلومەرجێک کە رووبەروی بوونەوە : دەرکردنیان بوو لە رێکخراوەکە. لە راستیدا تەنها رێژەیەکی کەمتوانیان هەندێک هەنگاوی بوێرانە هەڵبگرن، جگە لەوەی بروکراتیزمەکەیان لە لایەن دەرونشیکارییەوە قبوڵنەکرا، رووبەروی ئازارێکی دیکە نەبوونەوە. هۆکاری ئاستەنگنانەوە لە بەردەم چالاکییە بوێرانەکان چی بوو؟

یەکێک لەو هۆکارانەی کە هەمووان دەیزانن ئەمە بوو، کە فرۆید سیستەمێکی خوڵقاند، کە بووە بابەتی گاڵتەی زۆربەی هەرەزۆری ئاکادمیستە پسپۆڕەکان، چونکە ئەو سیستەمە لە دژی «تابۆکان» وبیرکردنەوە نەریتییەکانی ئەو سەردەمە کاریدەکرد و ئاسایشی دەرونشیکاری رووبــەروی هەڕەشەی دوژمنکارانە دەکردەوە، لەم رووەوە دەرونشیکار ناچار بوو پشت بەو رێکخراوە ببەستێت کە پشتیوانی لێدەکرد وبەم جۆرە لە هەستی تەنیایی رزگاری دەبوو و بە فەرمانبەری تەواو لە رێکخراوەکە، پاڵپشتێکی بە دەستدەهێنا. هەروەها بە متمانە و بڕواکردن بە رێکخراوەکە، بە شێوەیەکی سروشتی «کاریزما پەرستی» دروستو بەرفراوان دەبێت.

دەبێ سەرنج بدەینە هۆکارێکی دیکەش: دەرونشیکاری لافی ئەوەی لێدەدا، کە وەڵامێکی بۆ نهێنی و مەتەڵی زەینی مرۆڤ پێیە. و لە راستیدا لایەنێکی ئەم نهێنییەشی روندەکردەوە. ئەگەر بڕوامان پێبێت، بەڵام بە لە بەرچاو گرتنی فراوانی و بەربڵاوی ئەم پرسە گەلێک بابەت بوونی هەیە هێشتاش رووننەبوتەوە، ئەگەر دەرونشیکار لە پێشێلکردن وپەرژو بڵاو بوونی زانیارییەکانی خۆی -چ لە لایەنی تیوریکەوە و چ لە لایەنی دەرماناسیەوە- ئاگادار ببوایە تێدەگەیشت، کە بۆچی بە بۆنەی رەدکردنەوە و یا خودگاڵتە کردن بە زانیارییەکانی، هەڕەشەی لێدەکرێت.

لەم رووەوە ئایا ئاسایتر و عاقڵانەتر نەبوو، ئەگەر بەر بەم چیرۆکە ببەستێت: تێکڕای راستییەکان لە لایەن فرۆیدەوە بونیاد نراوە، ئەویش بە ئەندامبوونی لەم رێکخراوەدا، لەم راستییە دا بەشدارە؟ هەڵبەت ئەو دەیتوانی کەموکۆڕی و تێست بوونی زانیارییەکانی خۆی قبوڵ بکات، بەڵام ئەم دانپێدانانە نەتەنها پێویستی بە سەربەخۆیی وبوێرییەکی تەواو هەبوو، بەڵکوو بیرکردنەوەیەکی عاقڵانەشی پێویست بوو. هەر دەرونشیکارێک دەبوایە لە هەمان حاڵدا توێژەرەوەیەک بێت، نابێ تەنها کەسێکی پسپۆڕ بێت، کە ئامانجی ئەوە بێت بە بە کار هێنانی ئەم تیۆرییانە ژیانی بە سەر بباث.

روون وئاشکرایە کە ئەم پرۆسەی بروکراتیزمو بێگانە بوونی ئەندێشەیە، کە من لە بابەتی جوڵانەوەی دەروونشیکایدا باسمکرد، دەتوانین لە مێژوی گەلێک

له بزوتنەوه سیاسی، فەلسەفی و ئاینیەکاندا ببینین، بەڵام ئەم پرۆسەیه له مێژوی زانسندا زۆر دەگمەنه، چونکه لەم حاڵەتەدا زۆربەی بیرکردنەوه زانستییه داهێنەریەکان، دەکەونه قوڵایی تاریکییەوەو جەوهەری بروکراتیزمو دوگماتیزم، گەشه کردنەکەی له ناو دەبـاتـ(1). من تا رادەیـەک چۆنییەتی بزوتنەوەی دەرونشیکاریم شرۆڤه کرد، چونکه هۆکاری بنەڕەتی قەیرانی دەرونشیکارییه(2).

له راڤەکردنی کاریگەرییه نیگەتیڤەکانی چییەتی بروکراتیزمی دەرونشیکاری، تەنها رووبەروی یەک هۆکاری قەیرانی دەرونشیکاری دەبینەوه. گرنگترین هۆکار، ئەو گۆڕانکارییه کۆمەڵایەتیانەیەکه به شێوەیەکی روو له زیادبوون، دوای شەڕی جیهانی یەکەم روویان داوه. له حاڵێکدا که بورژوا-لیبرالیزم له سەرەتای ئەم چەرخەدا( چەرخی بیستەم) خاوەن هێزی تازەی سیاسی وئابووری بوو. خەڵکی چینی ناوەڕاست به بۆنەی ئەو هەڕەشەیه که رووبەروی خۆڕاگری و سەقامگیری هێزه سیاسیو ئابوریه نوێکان دەبوەوه وزیاتر دەبوونه محافیزەکار، سیبرنتیک، وەدەرکەوتنی «مرۆڤی رێکخراوەیی»(1) له گەڵ له ناو بردنی تاک، سەرەڕەوی ودیکتاتۆری له زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، وهەڕەشەی شەڕی ناوەکی ئەو هۆکارانه بوون که چینی ناوەڕاستی ناچار دەکرد هەڵوێستی بەرگریکردن وەربگرن. زۆربەی دەرونشیکارەکان هاوبەشی نیگەرانی چینی ناوەڕاست بوون، و له هەڵوێستی بەرگریکردن و هوشیار کردنەوەی ئەو توێژەدا بەشدار بوون.

له هەمبەر ئەم زۆرینەیه، کەمینەیەکی بچوک له دەرونشیکارانی ڕادیکاڵ- دەرونشیکارانی چەپ- بوونیان هەبوو که هەوڵیان دەدا سیستەمی»فرۆیدی ڕادیکاڵ « پەرەپێبدەن، و دویانەویست هاوئاهەنگییەک له نێوان بۆچوونه دەرونشیکارانەکانی فرۆید وبۆچوونه کۆمەڵایەتیوەدەروونناسییەکانیدا پەیوەندی دروستبکەن. برنفڵدو ویلهلم رایش لەو کەسانەن، که هەوڵیان دەدا له نێوان فرۆیدیزم ومارکسیسزمدا سەنتەزێک دروست بکەن.(2)نوسراوەکانی منیش له هەمان بوارد بەناملیکەی دەرونشیکاری و کۆمەڵناسی و»بنەماکانی ئایینی مەسیحییەت» دەست پێدەکاتـ.(3)بەم دوایانه لینگ(4)، یەکێک له کەسه داهێنەر وبەناوبانگەکانی دەرونشیکاری هاوچەرخ، له ڕوانگەی هومانیستی و سیاسی رادیکاڵەوه، پرسەکانی دەرونشیکاری لێکدەداتەوه.

نابێ گرنگی دزەکردنی دەرونشیکاری لە ئەدەبیات و هونەریشدا لە بەرچاونەگرین. زۆر سرنجڕاکێشە کە دەرفەتە رادیکاڵەکانی تیوری فرۆید، کە دەرونشیکارە پسپۆڕەکان پشت گوێی دەخەن، لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بزوتنەوە ڕادیکاڵەکانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە. ئەم کاریگەرییە لە نێو سوریالیستەکاندا زۆر بەرچاوە، هەر چەند کە تەنها بە ئەوان سنوردار نامێنێتەوە.

لەم دە ساڵەی دواییەدا، هەندێک لە فەیلەسوفە سیاسییە رادیکاڵەکانیش خۆیانیان بە دەرونشیکارییەوە سەرقاڵ کردوە(5). ژان پۆل سارتەر لە لایەنی پەرەپێدانی ئەندێشەی گرێدراوی دەرونشیکاری لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئیگزیستانیسالیزم دا خاوەن رۆڵێکی گرنگە. جگە لە ئەو و « نورمان ئوبراون» بەناوبانگترین کەسایەتی نێو ئەم گروپە»هربرت مارکۆزە» یە کە لە گەڵ ئەندامەکانی دیکەی « رێکخراوی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت»وەک» ماکس هورکهایمر»و»تیودۆر ئادۆرنۆ» لە دەرونشیکاریدا، بایەخێکی زۆریان بە پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی مارکس و فرۆیددا، هەروەها کەسانی دیکەش بوونیان هەیە، بە تایبەت لە نێو مارکسیست و سوریالیستەکاندا، کە لەم ساڵانەی دواییدا، بایەخێکی زۆریان بە دەرونشیکاری داوە، لەم بارەیەوە گەلێک وتار و کتێبیان نوسیوە. بە داخەوە ئەم نوسەرانە «فەیلەسووفەکانی دەرونشیکارین» و زانیاریەکی ئەوتۆیان لە سەر بنەما کلینیکییەکان نییە. تێگەیشتن لە تیورییەکانی فرۆید، پێویستی بە دەرونشیکاربوون نییە، بەڵکو شارەزابوون لە سەر بنەما کلینیکییەکانیان پێویستە، ئەگینا تێگەیشتن لە تیورییەکانی فرۆید دژوارە و تەنها قسەکانی بە بێ شارەزابوون لە سیستەم هەڵدەبژێردرێت.

مارکۆزە، کە لە فەیلەسوفەکانی دیکە زیاتر سەبارەت بە دەرونشیکاری شتی نوسیوە، نموونەیەکی بەرچاوی ئەو لادانەیە کە « فەلسەفەی دەرونشیکاری» بە سەر تیوری دەرونشیکاریدا دەیسەپێنێت. ئەو لافی ئەوە لێدەدات، کە بواری کارکردنی تەنها لە چوارچێوەی تیوریدایە و بە تەواوەتی لەو دیسپلینە تەکنیکییەی، کە دەرونشیکاری گیرۆدەی بووە خۆی دوور گرتووە، ئەم لافە قسەیەکی فریو دەرانەیەو بەم واتایە دێت کەدەرونشیکاری لە سەرەتادا سیستەمێکی تیوریک بووەو دواتر گیرۆدەی دیسپلینی تەکنیکی بووە، هەڵبەت راستی ئەمەیە کە

دەرونشیکاری فرۆید لە سەر بنەمای تویژینەوە کلینیکییەکان بووە.

مەبەستی مارکۆزە لە» دیسیپلینی تەکنیکی» چییە؟ هەندێک جار وا دیارە کە بەم دەستەواژەیە ئاماژە بە پرسەکانی چارەسەری دەکاتْ، بەڵام لە شوێنێکی دیکەدا سەبارەتْ بە « ئامارە»(1) کلینیکی وئەزمونیەکان بە کار دێتْ. ئەو زانستەی کە تیوری وبۆچوونەکانی بە بێ گرنگیدان بە دیاردە کلینیکیەکان، کە شوێنی دەرکەوتن وکامڵ بوونیانە، تێگەیشتنیان دژوار بێتْ، ناتوانێ فەلسەفە وتیوری شرۆڤە کردن لە یەک جیابکاتەوە وجیاوازییەکانیان دیاری بکاتْ.» فەلسەفەیەکی دەرونشیکاری» کە نکۆڵی لە بنەما ئەزموونیەکان بکاتْ، دەبێتە هۆی گەلێک هەڵەی جیدی لە تێگەیشتنی تیوریدا. دیسان دوپاتی دەکەمەوە، کە مشتومڕ لە سەر پرسەکانی دەرونشیکاری، پێویستی بە دەرونشیکار بوون، یاخود چارەسەربوون لە رێگەی دەرونشیکاریەوە نییە، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکانی دەرونشیاری دەبێ بایەخ بەو بابەتە بدرێتْو بتوانین بە ئامارە ئەزمونیەکانی تاک و کۆمەڵگەوە سەرقاڵ ببین. مارکۆزە و کەسانی دیکە بۆ کەوتنە نێو هەندێک بابەتی وەک» گەڕانەوە بۆ دواوە»(2،خۆپەرستی»(3) و «لادان «(4) پێداگری دەکەن، بەڵام لە دونیای داماڵراوی پەتیدا ماونەتەوە. ئەوان لە دروستْ کردنی دونیای خەیاڵیدا «ئازادن» چونکە زانیاری ئەزموونیان نییە، تا بتوانن ئەوەی کە دایدەرێژن، هەڵیبسەنگێنن. بە داخەوە زۆربەی خوێنەران زانیارییەکانی خۆیان لە هەمان رێگای لادانەوە بە دەستْ دەهێنن، و لادانی فیکری لێدەکەوێتەوە.

لێرەدا ناتوانین سەبارەتْ بە نوسراوەکانی مارکۆزە لە بواری دەرونشیکاریدا، کە» خۆشەویستیو شارستانی»، «مرۆڤی یەک ساحەتی»و»نامێلکەیەک دەرباری ئازادی»لە خۆ دەگرێتْ، بە شێوەیەکی تێر و تەسەل قسە بکەین، لەم رووەوە تەنها چەند تێبینییەک دەخەمەروو. لە هەموو گرنگتر ئەمەیە مارکۆزە، کە لە هەموو بوارێکدا خوێندنەوەی قوڵی هەیە، لە خستنە رووی فیکرەکانی فرۆیددا توشی هەڵەی زەق بووە. بۆ نموونە لە باسی»بنەچەی راستی»(1) و»بنەچەیچێژ(2)»ی فرۆید تێنەگەیشتوە (هەرچەند کە لە نموونەیەکدا بە دروستی بە کاری هێناون) و گریمانەی کردوە کە چەندین « بنەچەی راستی» بوونی هەیە کە یەکێکیان بە سەر شارستانی رۆژئاوادا زاڵە: «بنەچەی جێبەجێکردن.»(3)رەنگە مارکۆزەش

لەم تێگەیشتنە هەڵە گشتییەدا هاوبەش بێت کە : مەبەست کە « بنەچەی چێژ» هەمان رەوتی چێژخوازی(4) (واتە ئەو بۆچوونەیەکە پێی وایە چێژ وەرگرتن لە پێش هەموو شتێکەوەیە.و.کوردی) وئامانجی ژیان تەنها چێژە، و بنەچەی راستی ئاماژە بە نەریتی کۆمەڵایەتی دەکات، بەم واتایە کە هەوڵدان و کۆششی مرۆڤ، پێویستە بۆ ئەنجامدانی کار و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بێت، بەڵام مەبەستی فرۆید بە هیچ شێوەیەک ئەمە نەبوو، لە روانگەی فرۆیدەوە بنەچەی راستی نەرمکراوێکە لە بنەچەی چێژ و دژایەتی ناکات. بۆچون وتێگەیشتنی فرۆید لە بنەچەی راستی ئەمەیە، کە هەر کەسێک توانای بینینی راستییەکانی هەیە و دەتوانێ لە هەمبەر زیانەکانی سەرچاوەگرتوو لە بەرەڵایی دامرکاندنی غەریزەکاندا خۆی بپارێزێت. ئەم بنەچەی راستییە بە تەواوەتی لەگەڵ نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا جیاوازە: ڕەنگە کۆمەڵگەیەک ئارەزۆ جنسیەکانی بە توندی سانسۆر یاخود کونترۆڵ بکات، لە حاڵێکدا بنەچەی راستی لە رێگای سەرکوتکردنی ئارەزووەکانەوە مرۆڤ لە زیانەکانی دەپارێزێت. ڕەنگە کۆمەڵگەیەکی دیکە بە تەواوەتی پێچەوانە بێت، لەم حاڵەتەدا ئیدی بنەچەی راستی بۆ سەرکوتکردنی ئارەزووە سێکسیەکان هیچ خواستێکی نییە، لەو چەمکە دا کە مەبەستی فرۆیدە» بنەچەی راستی» لە هەر دوو نموونەکەی سەرەوەدا یەک شتە، ناکۆکی لە بونیادی کۆمەڵگەدا ئەو شتەیە کە من بە ناوی «خوی(5)(کاراکتەر) کۆمەڵایەتی» لە کولتوور یاخود چینێکدا ناودێری دەکەم.( بۆنموونە کۆمەڵگەی شەڕکەر، کاراکتەرێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی هەیە، کە خواستی داگیرکەری پەرە پێدەدات و خواست و ئارەزوکانی میهرەبانی وخۆشەویستی سەرکوت دەکات، لە کۆمەڵگەی ئاشتیخواز و هاوکاریدا، پێچەوانەی ئەو حاڵەتە بوونی هەیە. یان لەکۆمەڵگەی توێژی ناوەڕاستی سەدەی 19 خواستی چێژخوازی و بەکار هێنان سەرکوتدەکرا، لە حاڵێکدا کە خواستەکانی پێکەوەنانی سامانی «ئانال»(5)کە سنورداری لێدەکەوتەوە و هەستی چێژوەرگرتنی لە کۆکردنەوەدا دەدیتەوە، پەرەی پێدەدرا. هەنووکە کاراکتەری کۆمەڵایەتی حەزی لە بە کارهێنان و دژی کۆکردنەوەیە،و پاشەکەوت کردن کارێکی خراپ و دژی خواستەکانی کۆمەڵگە لە قەڵەم دەدرێت، لە حاڵێکدا لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هێزی گشتی مرۆڤ دەبێتە هێزی تایبەت کە کومەڵگە بە

گوێرەی بەرژەوەندییەکانی بە کاری دەهێنێت. لەم رووەوە ئەوەی کە پێویستە سەرکوت بکرێت، زیاتر پەیوەندی بە سیستەمی خوی کۆمەڵایەتییەوە هەیە تا بە «بنەچە راستی»یە جۆراوجۆرەکان، بەڵام چەمکی کاراکتەر لە واتا دینامیکەدا کە فرۆید بە کاری هێناوە، بە هیچ شێوەیەک لە نوسراوەکانی مارکۆزەدا نابینرێت، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەمە بێت، کە ئەو چەمکە ئەزمونییە، نەوەک فەلسەفی.

لادان لە بەکار هێنانی تیوری فرۆید، لە لایەن مارکۆزەوە لە کەڵک وەرگرتن لە چەمکی سەرکوتکردنیشدا جێگای سەرنج وبایەخە. ئەو دەنوسێ« دەستەواژەکانی سەرکوت وسەرکوتگەرانە لە لێکدانەوەیەکی ئاماتۆرانەدا پێناسەیەکە لە پرۆسە رێگرەکانو گوشار و سەرکوتکردنی وشیارانەی ناوخۆیی ودەرەکی، «(1) بەڵام لە سیستەمی فرۆیددا سەرکوتکردن لە چەمکی دینامیکی وشەدا، بە واتای سەرکوتکراوی ناوشیارانەیە. بە بەکارهێنانی « سەرکوتکردن « لە هەر دوونمونەی وشیارانەو ناوشیارانەدا، تێکڕای تایبەتمەندییەکانی بۆچوون و تێگەیشتنی فرۆید لە سەرکوتکردن و ناوشیاریدا لە ناو دەچێت. لە راستیدا وشەی «سەرکوتکردن « دوو واتای هەیە : واتای یەکەم، هەمان واتای باو و برەودارە، واتە گوشار خستنەسەر، ئازاردان، یان دامرکاندن و لە ناو بردنە، واتای دوهەم: کە لە دەروونناسیدا لە لایەن فرۆیدەوە بە کار هاتوە (هەرچەند کە پێشتریش لە دەروونناسیدا بە کارهاتوە) واتە دوورکردنەوەی شتێک لە زەینی وشیار»هەست».

ئەم دوو واتایە، هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە. مارکۆزە بە بەکار هێنانی لێڵ و نادیاری وشەی سەرکوتکردن پێگەی سەرەکیو ناوەندی دەرونشیکاری تێک دەدات. ئەو یاری بە هەر دوو واتای وشەکە دەکات، بە شێوەیەک کە هەر دوو واتاکە، یەک واتا دەبەخشن ولە ئەنجامدا واتای دەروناسانەی وشەکە لە ناو دەچێت -فورمولێکی باش دۆزراوەتەوە، بە لێڵبوونی واتا، چەمکی سیاسی ودەروناسانەی وشەکە تێکەڵدەبێت.

نمونەیەکی دیکەی شێوازی تێگەیشتنی مارکۆزە لە تیورییەکانی فرۆید چییەتی محافیزەکارانەی «جۆش وخرۆشی ژیان» و غەریزەی ژیانە. مارکۆزە لەو بڕوایە دایە کە فرۆید هەمان چییەتی پاوانخوازانەی جۆشو خرۆشی ژیانی» بۆ غەریزەی مەرگ» یش بە کار هێناوە، بەڵام لەوە دەچێت نەزانێ کە فرۆید

دوای گومانەکانی لە کتێبی « بنەماکانی دەرونشیکاری « ئەنجامێکی پێچەوانەی بە دەست هێناوە، بەم شێوەیە کە جۆشو خرۆشی ژیان خاوەن چییەتییەکی محافیزەکارانە نییە.

جگە لەو وشانەی کە لە کتێبی «ئوروس وشارستانییەت» دا بە کار هاتوون، مارکۆزە لەم کتێبەدا ئێدەئاڵی مرۆڤی نوێ لە کۆمەڵگەی سەرکوتنەکراودا، بە رەنگدانەوەی ئارەزوە سێکسیەکان بە تایبەت بۆچوونە سادیسنی وکوپرفیلیکەکان(2)) دەزانێ. لە راستیدا « ئیدەئاڵی» مارکۆزە لە کۆمەڵگەی سەرکوتنەکراودا لەو بەهەشتە منداڵانەیە دەچێت، کە تێیدا تێکڕای کارەکان وەک یاریین وهیچ جۆرە ناکۆکی ورووداوێکی ناخۆشی جیدی بوونی نییە. (ئەو قەت باسی لە ناکۆکی نێوان ئیدەئاڵ ورێکخراوی پیشەیی ئوتوماتیکی نەکردوە ). ئەم ئیدەئاڵە گەڕانەوەیە بۆ رێکخراوی لیبیدۆی منداڵی لە گەڵ نارەزایەتی دەربڕین و هێرش کردنە سەر زاڵبوونی ئارەزوە سێکسیەکان زاوزێکان بە سەر خواست وحەزەکانی پێشگەیشتنی بەر لە قۆناغی زاوزێ. لەم کتێبەدا بە هەندێک وشە دواکەوتنی شەهوەتی دەمی(بە دەم)(1)، پاشی ( بەپاش)(2) و لە بەراورد لە گەڵ شەهوەتی زاوزێی یەک هاوسەری، و ئەم بنەمایە کە چێژی سێکسی، تەنها کاتێک رەوایە کە ئامانج زاوزێ بێت، ئاشکرا دەبێت. مارکۆزە بە هێرشی خۆی بۆ سەر زاڵبوونی شەهوەتی زاوزێ، ئەم راستییە حاشا هەڵنەگرە پشتگوێ دەخات، کە دامرکاندنی ئارەزووە شەهوەتییەکان بە ئەندامی زاوزێ هیچ پەیوەندییەکی بە مناڵبوونەوە نییە، ژن و پیاو هەمیشە لە تێکەڵاو بوون چێژیان وەرگرتووە، بە بێ ئەوەی هەمیشە لەم تێکەڵاو بوونە، مەبەستی زاوزێیان هەبووبێت. شێوازەکانی بەرگرتن لە دووگیانی(حاملەبوون) لە مێژوودا بوونیان هەبووە. لە لایەکی ترەوە مارکۆزە دەیەوێت ئەم خاڵە بخاتەروو کە بۆ ئەوەی لادانەکان -وەک سادیزمو کۆپرفیدا- ناتوانێ زاوزێی لێبکەوێتەوە، لەم رووەوە لە رێگای ئاسایی و سروشتییەوە «ئازادانە تر» لە نزیکبوونە سێکسیەکان. لێکدانەوەی شۆڕشگیرانەی مارکۆزە، تایبەتمەندی نالۆژیکی ونا شۆڕشگەرانەی ئەو دەشارێتەوە. ئەویش وەک هەندێک لە نوسەر و هونەرمەندە پێشڕەوەکان، لە «دوساد» و«مارینتی» یەوە تا هەنووکە. شەیدایی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی، لادانەکان، وێرانگەری و نەفرەت بووە. لێکدانەوە

و ڕاڤەکردنی گەندەڵی لە ئەدەبیاتی وهونەری کۆمەڵگە، هەروەها شیکردنەوەی زانستی ئەو دیاردانە گرنگە، بەڵام بەشداری نوسەر وهونەرمەند لە قبوڵکردنی گەندەڵی، کە خۆی خوازیاری گۆڕین ولە ناو بردنیە بە کارێکی ناشۆڕشگیرانە لە قەڵەم دەدرێت.

خاڵی نزیک بەم پرسە، کە مارکۆزە لە «نارسیسۆس»(2)و «ئورفیوس»(3 دەریدەخات، لە حاڵێکدا کە «پرومئوس»(4)کە (لە ڕوانگەی مارکسەوە شەریفترین شەهیدی مێژووی فەلسەفەیە) وەک پاڵەوان و نموونەی سەرەتایی چاو لێدەکات. ئورفیک نارسیستیک نیشان و هێمایەکە لە جیهانەکەی دیکە و مەرگ. ئورفیوس بە گوێرەی نەریتە کلاسیکەکان، پەیوەندی بە هاوڕەگەز بازییەوە هەیە. مارکۆزە دەڵێ « من وەک نارسیس خۆشەویستی و شەهەوەتی ئاسایی رەد دەکەمەوە و ئەمە بۆ ئەوە نییە، کە باوەڕمەند و پاک داوێن بم، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە خۆشەویستی و شەهوەتێکی زیاتر و کامڵتر بە دەستبهێنم». ئەویش وەک نارسیس لە هەمبەر دیسپلینی سەرکوتکەری تێکەڵاوی سێکسی بە ئامانجی زاوزێ نارەزایەتی دەردەبڕێت. ئەم ئارەزۆ شەهوەتیانەی ئورفیک نارسیستیک رەتکردنەوەی ئەم سیستەمەیە- سەرپێچی گەورە!؟. دیسان ئەم سەرپێچییە بە واتای خۆ دورگرتن لە جیابوونەوە، تایبەتییەکانیش لێکدەدرێتەوە، کە هەمان سەرپێچیکردن لەگەشە کردن، جیابوونەوەی یەکجارەکی لە دایک و خاک هەروەها ئەزموونی چێژی سێکسیە (ئاسایی نە سادیستیک).

(جێگەی سەرسوڕمانە کە لە کتێبی مرۆڤی یەک ساحەتیدا سەرپێچی گەورە بە تەواوەتی واتاکەی گۆڕدراوە، بە بێئەوەی هۆکارەکەی بەیان بکرێت، واتا تازەکەی لەو کتێبەدا خۆ دورگرتن لە بەکار هێنانی ئەو چەمکانەیە، کە کەلەبەری نێوان ئێستاو داهاتوو پڕ دەکاتەوە). روون و ئاشکرایە کە ئەم ئیدەئاڵە دژی بۆچوون ومەبەستی فرۆیدە لە گەشەکردن و کامڵبوونی مرۆڤدا و گرێدراوی تێگەیشتنی ئەوە لە خەمۆکی دەروونیو پەرێشانی دەروونی. ئەم ئیدەئاڵە رزگار بوونە لە دەسەڵاتی ئاروزووە سێکسیە زاوزێکان، هەڵبەت دژی ئەو ئازادیەیە کە رایش پێشنیاریکردوە و هەنووکە مشتومڕی لە سەر دەکرێت.

مارکوزە نایەوێت سەرنجبدات کە لە ڕوانگەی فرۆیدەوە گۆڕانکاری و

کامڵبوونی لیبیدۆ له خۆپەرستی سەرەتاییەوە بۆ ئاستی چێژی سێکسی دەمی (بە دەم) پاشان (بە پاش)و دواتر زاوزێ گرێدراوی سەرکوتی له ڕاده بەدەر نییە، بەڵکو پرۆسەی بیولۆژیکی پێگەیشتنە کە بەرتری و باڵا بوونی چێژی سێکسی زاوزێی لێدەکەوێتەوە. له ڕوانگەی فرۆیدەوە کەسی تەندروست کەسێکە کە گەیشتوەتە ئاستی پێگەیشتنی زاوزێ و لە نزیکی و تێکەڵاو بوون چێژ وەردەگرێت. تێکڕای سیستەمی کامڵبوونی فرۆید لە سەر گەیشتن بە توانای تێکەڵاوی سێکسیە کە دوایین گەشەی لیبیدۆیە. من دژی لادانی مارکۆزە لە ئاستەکەی فرۆید نیم، بەڵکو نەتەنها دژایەتی ئەو هەڵانە دەکەم، کە لە خراپ بە کار هێنانی مەبەستی فرۆیددا ئەنجامی داوە، بەڵکو ئەو لافانەش رەد دەکەمەوە کە دەڵێ بە پێداچوونەوەیەکی کەم ولاوەکی نوێنەرایەتی فیکرەکانی فرۆید دەکەم. لە راستیدا مارکۆزە هەندێک تیوری دادەرێژێت، کە بە تەواوەتی دژی ئەندێشە سەرەکییەکانی فرۆیدە، ئەم کارە بە بەکار هێنانی هەندێک رستە لە نوسراوە و گوتەکانی فرۆید کە دواتر لابراون، و بە لەبەرچاو نەگرتنی تەواوەتی پێگە، یان مەبەستەکانی ئەو ئەنجامدراوە. کەم تا زۆر ئەو بەڵایە کە بە سەر فرۆیددا هێناویەتی بە سەر مارکسیشدا دەیهێنێت. هەر چەندە ئەم ڕەخنەیەش ئاراستەی مارکس دەکات، کە نەیتوانیوە راستی تەواو سەبارەت بە مرۆڤی نوێ پەیدا بکات، بەڵام بە گشتی خۆی وەک لایەنگری ئامانجەکانی کۆمەڵگەی سوسیالیستی ئەو نیشان دەدات، بەڵام نایەوێت دان بەوەدا بنێت، کە مرۆڤە نوێ ( منداڵگەراکەی ) ئەو بە تەواوەتی پێچەوانەی مرۆڤە بەهرەمەند و بەتواناکەی مارکسە. ئەو مرۆڤەی کە دەتوانێت لە هەموو شتێک حەز بکات و عاشقی تێکڕای شتەکانی دەوروبەری بێت. مارکۆزە لە خۆشەویست بوونی مارکس وفرۆید لە نێو جیلی گەنجی ڕادیکاڵدا، بە مەبەستی سەرنجراکێش نیشاندانی بۆچوونە دژە مارکس و فرۆیدییەکانی خۆی، سود لە مرۆڤی نوێ وەردەگرێت.

چۆن دەبێ بیرمەندێکی لێهاتووی وەک مارکۆزە بەم شێوەیە وێنەیەکی بە لارێدا براو لە دەرونشیکاری بە دەستەوە بدات؟ لە ڕوانگەی منەوە وەڵامی ئەم پرسیارە گرێدراوی ئەو بایەخ و حەزەیە کە -ئەو وروناکبیرەکانی دیکە- بۆ دەرونشیکاری هەیانە. لە ڕوانگەی ئەوەوە دەرونشیکاری شێوازێکی

ئەزموونی نییە، بۆ پەردە هەڵماڵین لە ئارەزو و خواستە ناوشیارەکانی ئاک، کە دەمامکی لۆژیکی بوونیان بە سەر خۆدا داداوە، و هەر وەها تیوریەکیش نییە کە سەرقاڵی هەڵسوکەوت وخوو بێت وروژاندنی ناوشیاری جۆراوجۆر بۆ کارە بە رواڵەت لۆژیکییەکان نیشان بدات. لە ڕوانگەی مارکۆزەوە دەرونشیکاری کۆمەڵێک ئەندێشەی متاپسیکۆلۆژیکە(1) سەبارەت بە مەرگ، غەریزەی ژیان، پرسە سێکسیەکانی منداڵیو.... یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی فرۆید، هێنانی هەندێک لە پرسەکانە بۆ ناو چوارچێوەی توێژینەوەی ئەزموونی، کە پێشتر لە فەلسەفەدا بە شێوەیەکی داماڵراو لێکدەدرایەوە. مارکۆزە بە گەڕاندنەوەی ئەم پرسیارە بۆ ناو ئەندێشەی فەلسەفی، ئەم دەستکەوتەی فرۆیدی بە با دا.

جگە لە گروپی توێژینەرەوانی چەپ، کە لە ڕێکخراوەکەی فرۆیددا مانەوە (کە پێشتر باسمان کردن) باسی چوار کەس لە دەرونشیکارەکان دەکەم، کە بە شێوەیەکی سیستماتیکتر بەشدارییان کردوە و کاریگەریەکی زیاتریان لە سەر کەسانی دیکە داناوە(دژبەرانی وەک ئادلەر، رانکو یونگ بە لاوە دەنێم).

«کارن هۆرنای» یەکەم کەس بوو کە لە دەروونناسی ژنان، کە لە لایەن فرۆیدەوە خرابووە روو، رەخنەی گرت و دواتر شێوازێکی بونیادنا، کە بە بەلاوە نانی تیوری لیبیدۆ و پێداگری لەسەر هۆکارە کولتورییەکان، هەندێک بۆچوون و ڕوانگەی سودبەخشی خستە روو.

« هاری ستک سالیۆن» لە داننان بە گرنگی کولتووریدا لە گەڵ هۆرنای دا کۆکە، و لە چەمکە دەرونشیکارییەکەی خۆیدا، بە کەڵک وەرگرتن لە تیوری «پەیوەندی نێوان کەسەکان» تیوری لیبیدۆی فرۆید رەتدەکاتەوە. لە حاڵێکدا کە لە ڕوانگەی منەوە، تیوری ئەو سەبارەت بە مرۆڤ تا ڕادەیەک بەم راستییەوە کە مرۆڤی مۆدێلی ئەو، نوێنەری مرۆڤی لە خۆ بێگانەی هەنوکەییە، سنوردار دەبێنەوە، دەستکەوتی سەرەکی ئەو بۆچونەکەیەتی، سەبارەت بە جیهانی خەیاڵ و پەیوەندی پرۆسەکان لە نەخۆشە توندەکاندا، بە تایبەت توشبوانی سکیزۆفرێنیا. (1)

« ئەریک ئەریکسۆن» لە تیوری سەردەمی منداڵی وکاریگەری کۆمەڵگە لە گەشەی منداڵدا خاوەن ڕۆڵێکی گرنگە. ئەو بەم توێژینەوە لە سەر پرسەکانی

ناسنامە و نوسینی بیوگرافی لوثر وگاندی لە ڕوانگەیەکی دەرونشیکارانەوە، ئەم زانستەی پەرەپێداوە. لە ڕوانگەی منەوە ئەو دەیتوانی لە بواری دەرونشیکاریدا پێشکەوتنی زیاتر بە دەست بهێنێت، بەڵام لە قۆناغی بە دوادا چوونی توندڕەوانەی دەرئەنجامی تیوریەکانی خۆیدا مایەوە.

« ملانی کلاین» و ڕێبازەکەی بە خستنە رووی دژایەتیکردنی قووڵی لە لایەن مرۆڤەوە لە ڕێگای پیشاندانی لە منداڵدا، کارامەیی ولێهاتویەکی گەورەی لە خۆی نیشانداوە. لە حاڵێکدا کە بەڵگەکانی ئەو و زۆربەی دەرونشیکارەکان تەنانەت، منیشی رازی نەکردوە، بەڵام لانی کەم تیورییەکانی ئەو دژە، ژەهرێکە لە هەمبەر خواستی عەقڵگەری کە لە بزوتنەوەی دەرونشیکاریدا بە شێوەیەکی بەر بڵاو دەبینرا.

خواستی ملکەچبوون بە داب ونەریت(2) لە نێوان زۆربەی دەرونشیکارەکاندا واتای خۆی لە قوتابخانەیەکدا دەبینییەوە، کە بە تێر و تەسەلی شرۆڤەی دەکەم، چونکە ئەم قوتابخانەیە کاریگەرترین وگرنگترین هۆکارە لە بزوتنەوەی دەرونشیکاریدا. قوتابخانەی دەروونناسی خۆ»من»Ego ئەو قوتابخانەیە(3) کە لە لایەن گروپێک لە دەرونشیکارەکانەوە دامەرزێنرا، ئەوان بە هاوکاری یەکدی سیستمێکیان دامەزراند، کە تەواوکەری تیوری کلاسیک بوو، هەروەها دەستکەوتەکانی رابردویشان قبووڵدەکرد.

ناوی قوتابخانەکە ئەوە دەگەیەنێت کە دامەزرینەرانەکەی زیاتر سەرنجیان بە (خۆ) داوە وپشتیانکردە ناوەندی سەرنجی فرۆیدەوە، واتە «ناخی مرۆڤ». (چالاکییەکانی دژە عەقڵ کە وروژێنەری مرۆڤن، بەڵام ناهوشیارانەن «. ئەم سەرنج دانە بە «خۆ» شەجەرەیەکی برەوداری هەیە. بە تایبەت کە دابەشکردنەکانی فرۆید لە ژێر ناوی «ناخی مرۆڤ» بە من ومنی باڵاsuperego شوێنی دوو لایەنە بوونی سیستەمی کۆنی، واتە هەست و نەستی گرتەوە و چەمکی خۆ(من) بو بەچەمکێکی ناوەندی لە دەروون شیکاریدا. شارەزایی فرۆید لە لێکدانەوەی دەستە واژەکاندا، تا ڕادەیەک لە زات و جەوهەری وشەکاندا، سەرەڕای هۆکارەکانی دیکە بە دۆزینەوەی روخسارەکانی نەستی خۆ(من) کە تاڕدەیەک دابەشکردنەکانی رابردو رەتدەکاتەوە، سەرنجڕاکێشترە. بەرهەمەکەی ئانا فرۆید بە ناونیشانی

«منو میکانیزمەکانی بەرگری»(4). 1964بوو بە خاڵێکی گرنگی سەلماندی ئەم لافە کە دەروون شیکاری من، بەڵاوبوونەویەکی ئورگانیکە و لە تیوری کلاسیکی فرۆیدەوە سەرچاوە دەگرێت.

دەروناسەکانی (من) دوپاتی دەکەنەوە کە قەت نوسراوەکانی ئانا فرۆید، یەکەمین بەڵگەی ئەوان نییە، بەڵکو درێژەپێدەری لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی فرۆیدە، سەبارەت بەلایەنە ناوشیارەکانی «من». بەهەرحاڵ سـەرەڕای ئەو قسانەی کە فرۆیدی کردە باوکی دەروناسی (من)، پۆستی باوک بوونی ئەو بەو ئەندازەیەی کە هارتمەنوگروپەکەی لافی لێدەدەن، بەنرخ نییە. سەرەڕای ئەوەی کە فرۆید لە ڕادە بەدەر بایەخی بە «من « دەدا، بەڵام دەروناسی شیکردنەوەیی ئەو بەهەندێک خواستی ناوشیار کە وروژێنەری هەڵسوکەوتن گەمارۆ دراوە، لەم روەوە ئەو وەک دەروناسی «دەرونی مرۆڤ « «ویژدان» مایەوە.

دەروناسی «خۆ» (من) لە نامێلکەیەکدا کە هارتمەن، دامەزرێنەری ئەو رێبازە نوسیوەتی وسالێک دوای کۆچیدوایی فرۆید لە چاپدراوە، لەم نامیلکەیەدا (دەروناسی خۆوپرسی پێکەوە گونجان )(5). هارتمەن سیستەمێکی نوێ بە بایەخێکی تایبەت بۆپرۆسەی پێکەوە گونجان بونیاد دەنێت. ئەو بەباشی ئامانجی توێژینەوەکەی خۆی روون دەکاتەوە: «دەرونشیکاری بە لێکۆڵینەوە لە سەر خەسارناسیو ئەودیاردانەی کە لە سنوری دەروون ناسیو سایکۆپاتۆلۆژی Psycho–Pathology دان دەستپێکرد. لەو کاتەدا کاری ئەم زانستە لە سەر «ناخی مرۆڤ « وخواستی غەریزی ورد دەبووەوە، بەڵام ئێستا هیچ گومانێکم نییە کە دەرونشیکاری بە گوێرەی واتای بەرفراوانی وشەو بەگوێرەی تێگەیشتنی ئێمە لەو شێوازانەی کە بەربڵاوتر و قوڵتر و دیار ترن»(1).دەروناسیەکی گشتیە.

چەمکی نوێی دەرونشیکاری، بە واتای دەروناسی گشتی، دەروناسەکانی (خۆ) ناچار دەکات، تا سەرنج بدەنە ئەو دیاردانەی کە دەرونشیکارانی ڕابردوو پشتگوێیان خستبوو، لەم ساڵانەی دواییەدا، رێژەیەکی کەم لە دەرونشیکاران بایەخیان پێداوە: واتە رەوت وشێوازەکانی کاری ئورگانی زەین، کە هەندێک دەستکەوتی گونجاو وسازگاری لێدەکەوێتەوە.(2) ئەو تیزەی کە بوەتە بنەمای پەرپێدانی زیاتری دەروناسی «خۆ» ئەمەیە، کە هەر جۆرە پێکەوە گونجانێک لە

گەڵ ژینگە، یان هەر جۆرە فێربوونێک لە گەڵ پرۆسەی پێگەیشتن دژ بە یەک نین. پەرەپێدانی پێگەیشتن، مەبەست، تێگەیشتن لە بابەت، زمان، بیرکردنەوە، بە بیر هێنانەوە، گرتن، خۆکاش کردن بە سەرزەویدا، رۆیشتن و هەر جۆرە پێگەیشتن، هەروەها پرۆسەکانی فێربوون دژ بە یەک نین. دەروونناسی «خۆ» لە سەر ڕۆڵی ئیرادە و لیبیدۆی « داماڵراو لە ئـارەزووە جنسییەکان»(3) و هێزی وێرانگەری «داماڵراو لە هەڵچوون»(4) کە بە «خۆ» هێزیکارکردن وئیرادە دەبەخشێت، پێداگری دەکات.(5) لە حاڵێکدا کە ئەم چەمکانە بە واتای دڵنیا نەبوونە لە بۆچوونەکانی فرۆید سەبارەت بە هێزە دژە عەقڵەکان، کە ئیرادە دیاریدەکەن و کاری «خۆ» سنووردار دەکەنەوە، و سەبارەت بە» ناخ» و»خۆ» لادانێکی بنەڕەتی زیاتریان هەیە. فرۆید وەک» مەنجەڵێک سەیری ناخ دەکات، کە هەمیشە لە حاڵی کوڵاندایە». «گیل» و زۆربەی دەروونناسانی «خۆ» لەو بڕوایەدان، کە ناخ خاوەن شێوە وبونیادێکە، هەرچەندە کە عەقڵگەراش نەبێت»خۆ» و ناخ ئیدی دژی یەکدی لە قەڵەم نادرێن، بەڵکو پێکەوە گرێدراون. لەم رووەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەکە دوولایەنە بوونەکان لە ڕوانگەی فرۆیدەوە لە نێوان چێژ وبنەچەی راستیدا، هێزە جموجۆڵ دار وپابەندەکان و پرۆسەی یەکەم و دووهەمیش، پێکەوە گرێدراون. ئەمانەش وەک « ناخ» و»خۆ» لە گەڵ ئەو زنجیرە پلەی هێز وبونیادانەدا گرێدراوە، کە لە تێکڕای ئاستەکاندا خاوەن زنجیرە پلەن. بە گریمانەی گرێدراوی و زنجیرە پلە تۆخمی دیالیکتیک لە بۆچوون و تیورییەکانی فرۆیددا لە ناو چووە. ئامانجی سەرەکی فرۆید لەم نموونەیەشدا، وەک نموونەکانی دیکە نیشاندانی ناکۆکی لە نێوان دژبەرەکان ودیاردە نوێیەکانی سەرچاوەگرتوو لە ناکۆکییدایە. ئەم شێوازەی دیالیکتیک بیرکردنەوەیەکی تیوریک دەخاتەروو، کە بە گوێرەی ئەوە، چەمکی ناکۆکی نێوان دژبەرەکان شوێنی خۆی بۆ گەشە کردن لە نێو ڕێکخراوی زەنجیرە پلەدا چۆڵ دەکات.

تایبەتمەندی پێکەوە گونجانی دەروونناسی «خۆ» لە پێداچوونەوەی دوبارەی فرۆید بە دەروونناسی «خۆ»دا باشتر و شەفافتر لەم خاڵە تیوریکانە نیشاندراوە. فرۆید ئامانجی خۆی بۆ چارەسەرکردن و گەشەی مرۆڤ بە هەندێک فۆرمولی بوێرانە و شاعیرانە دەخاتەروو:

« لە هەر شوێنێک کە ناخێک هەبێت، «خۆ»یەکیش بوونی هەیە «. ئەم ڕستەیە نیشاندەری باوەڕی فرۆید بە عەقڵ و لۆژیکە و هۆکاری پراکتیزەکردنی شێوازی ئازادکردنی مرۆڤ لە ڕێگای هوشیارکردنەوەی هەستەوەیە، بەڵام هارتمەن دەڵێ کە لە گوتەکانی فرۆید بە زۆری خراپ کەڵک وەردەگیردرێت : «... ئەوە بەم واتایە نییە، کە هەمیشە مرۆڤێکی عاقڵ بوونی هەیە، یان رەنگە بوونی هەبێت، بەڵکو رەوتێکی کولتوری ومێژوویی‌وئ ئامانجێکی چارەسەری دەخاتەروو «(1).

ئەم گوتەیە وەرگێڕانێکی پوزەتیڤە لە ئامانجی رادیکاڵ. ئەم خاڵە کە قەت مرۆڤێکی بەتەواوەتی عەقڵگەرا بوونی نییەو بوونی نابێت، وەسفکردنی ئەو خواستەیە کە، بە پشتبەستن بە وشەی «بە تەواوەتی «، دەبێتە راستی رەها. ئەوەی لە ڕوانگەی فرۆیدەوە گرنگ بوو، لانی زۆری کامڵبوونی خۆ نەبووە، بەڵکو»ئاستی گونجاو» ی مرۆڤێکی تەواوە. ئەو بنەمایەکی « نەریتی « دامەزراند، کە بە گوێرەی تیوری مرۆڤ بوو، واتە مرۆڤ دەبێ هەوڵ بدات تا لە ئاستی گونجاودا» خۆ» لە شوێنی « ناخ» دا بنێت، چونکە هەرچەندە لەم هەوڵدانەدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، کەمتر توشی خەمۆکی دەروونی و نەخۆشیەکانی دیکە دەبێت. لێرەدایە کە ناکۆکی نێوان فرۆید وفەیلەسۆفە پوزوتیڤیستەکان روون دەبێتەوە. فرۆید پەیوەندیو پێوەرێک بۆگەشە و کامڵبوونی مرۆڤ دیاری دەکات، لە حاڵێکدا کە پوزەتیڤیستەکان قسەکانی فرۆید وەک ڕەوتێکی مێژوویی لەقەڵەم دەدەن. نکۆڵی لە جەوهەری پێوەری گوتەکەی ئەو- کە وشە دەبێ لەوێوە کونترۆڵبکرێت-دەکەن.

هەر ئەم خواستە ڕیفورمخوازانە لە گوتەی هارتمەن، سەبارەت بە چەمکی تەندروستی دەروونیشدا بەرچاو دەکەوێت. ئەو کەسانەی کە سەبارەت بە نیشانەکانی « تەندروستی هەرە باش»بۆچوونی روەکی دەردەبڕن، ڕەخنە دەکات و لافی ئەوە لێدەدات کە ئەوان ئەو کەسایەتییە جۆراوجۆرانەی، کە بە کرداری تەندروست لە قەڵەم دەدرێن و گروپێک لە خەڵک کە لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە پێویستن، لەبەرچاو ناگرن.

لە قسەکانی سەرەوەدا واتای «کرداری» چییە؟ هارتمەن بەو لێڵی و

نادیارییە کە لە قسەکانیدا بوونی هەیە، یەکێک لە پرسە جێی مشومڕەکانی ئێمە، لە بەر چاو ناگرێت، ئەمە هەمان دوولایەنە بوونی تەندروستی دەروونە. یەکێک لەم دوو واتایە ئاماژە بە کاری سیستەمی دەروونی بە گوێرەی گەشەی گونجاو دەکات. من ئەم واتایە بە « هومانیستی» ناو دەبەم، چونکە ناوەند وسەنتەرەکەی مرۆڤە. فورمولی فرۆید سەبارەت بەوەی کە خۆشەویستی نیشانەی تەندوستییە، ئاڕادەیەک گشتییە، بەڵام بە روونی ئاماژە بەم خاڵە دەکات، کە کەسی لێوانلێو لە نەفرەت ووێرانگەری خۆشەویستی تەندروستی تێدا نییە. یا خود فرۆید ئەو کەسە بۆ قۆناغی ئانالی-سادیستیک دادەبەزێنێتو بە تەندروست لە قەڵەمی نادات، بەڵام ئایا کەسێکی وەها لە کۆمەڵگەیەکی تایبەتدا، ناتوانێت پیشەیەکی هەبێت و ئەرکەکانی جێبەجێبکات ؟ ئایا کەسی سادیست لەسیستەمی نازییەکاندا کارامەو سودبەخش نەبویان کەسێک کە خۆشەویستی دەر دەبڕێت لەو سیستەمەدا، بە ناسازگار لە قەڵەم نەدەدرا ؟ ئایا کەسێکی لە خۆبێگانە بە هەستی خۆشەویستی، کەموناسنامەی زیاترلە کەسێکی هەستیاروسۆزدار شایستەی کۆمەڵگەی تەکنولۆژیکی هەنوکەیی نییە؟ لە وتووێژ سەبارەت بە تەندروستی لە کۆمەڵگەیەکی نەخۆشدا، چەمکی تەندروستی لە واتای دووهەمیدا، واتا کۆمەڵناسییەکەی بەکار دێت، کە مەبەست سازگار بوونە لە گەڵا کۆمەڵگەدا. پرسی راستەقینە لێرەدا ناکۆکی نێوان تەندرستی مرۆڤ وتەندروستی کۆمەڵگەیە. رەنگە کەسێک بتوانێت لە کۆمەڵگەیەکی نەخۆشدا بە شێوەیەکی رێکوپێک کاربکات، چونکە بەناومرۆڤێکی نەخۆشە. لەم رووەوە وشەی»کرداری» ئەوە دەگەیەنێت، کە لەروانگەی کومەڵگەوە سەبارەت بە کەسێیەتی داوەری دەکرێت، بەڵام تاک لەلایەنی دەرونشیکارییەوە داوەری لە سەر دەکرێت.

هارتمەن لێرەدا گرنگترین وڕادیکاڵترین توخمی سیستمی فرۆیدی بە لاوە ناوە: ڕەخنە گرتن لە دابو نەریتە ئاکارییەکانی توێژی ناوەڕاست و ناڕەزایەتی دەربڕین بە ناوی گەشە وکامڵبوونی مرۆڤ. ئەو بە جیاکردنەوەی تەندروستی» مرۆڤ» و « کۆمەڵگە» لە یەکدی و نکۆڵی ناراستەوخۆ لە زیانناسی کۆمەڵایەتی لە هەمبەر فرۆید وەستاوەتەوە، کە باسی « خەمۆکی دەروونی هاوبەش» و «زیانناسی کۆمەڵگە شارستانییەکان « دەکات. هارتمەن ئاگای لەوە نییە کە سەرکوتکردنی

ئارەزۆ سێکسیەکانی توێژی ناوەڕاستی چەرخی» ڤیکتوریا» تەندروستی» نەبووە. چونکە توێژی ناوەڕاست بۆ کۆ کردنەوەی سامان، دژی چێژ و دژی بەکارهێنان وەک بونیادی کۆمەڵگە بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە کە بۆ ئابوری سەدەی 19 پێویست بوو، خوویەکی کۆمەڵایەتیان لە خۆگرتبوو. فرۆید بە ناوی مرۆڤەوە قسەی دەکردو رەخنەی دەگرت لە سەرکوتکردنی نەریتیی ئارەزووە سێکسیەکان کە نەخۆشی دەرونی لێدەکەوێتەوە.

لە ناوەڕاستی سـەدەی 20دا ئیدی گرفت، سەرکوتکردنی ئـارەزوە سێکسیەکان نییە، چونکە لە گەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگەی بەکارهێنەر « سێکس» خۆی بووەتە کاڵایەکی بەکارهێنەری، و خواستی بەختەوەری جنسی بەشێکی مۆدێلی بەکارهێنانە، کە شایستەی ئابوری کۆمەڵگەی سیبرنتیکە: لەم کۆمەڵگەیەدا هەندێک خواست و غەریزەی دیکە سەرکوت دەکرێن: وشیاری کامڵ، ئازادی، خۆشەویستی. لە راستیدا ئەگەر خەڵک، مرۆڤی تەندروست بوون زیاتر دەیانتوانی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان جێبەجێبکەن دژی کۆمەڵگەی نەخۆش ناڕەزایەتیان دەردەبڕی و چاوەڕوانی گۆڕانکاری گەلێکی کۆمەڵایەتی-و ئابووری بوون، کە بتوانێ دوولایەنە بوون لە نێوان تەندروستی لە واتای کۆمەڵایەتی و تەندروستی مرۆڤایەتیدا کەم بکاتەوە.

دەروونناسی «خۆ» پێداچوونەوەیەکی جیدییە لە سیستمی فرۆیددا، پێداچوونەوەیەک، لە جەوهەری ئەو سیستمەدا نەک لە چەمکەکانیدا. ئەم جۆرە پێداچوونەوەیە چارەنووسی هەر تیۆرییەکی ڕادیکاڵە. «بڕوای نەگۆڕ» بەرنامەکانی پەروەردەی لە شێوەی سەرەتایی خۆیدا هێشتوەتەوە و لە دەستدرێژی و ڕەخنە دەیپارێزێت، بەڵام هەر ئەوانەی دووبارە لێکداوەتەوە، هەندێک شتی نوێی پێ زیاد دەکات، لە حاڵێکدا کە لافی ئەوە لێدەدات ئەم زیاد کردنانە گوتەی سەرەکیین. ئەم شێوازەی پێداچوونەوە جەوهەری پەروەردەی سەرەکی تووشی گۆڕان دەکات. جۆرێکی دیکەی پێداچوونەوە، کە پێشنیار دەکەم ناوی دیالیکتیکی لێ بنرێت، پێداچوونەوەیە لە ریزبەندییە» کلاسیکەکان « بە پاراستنی جەوهەرەکەیانەوە. لەم پێداچوونەوەیەدا هەوڵا دەدرێت کە جەوهەری پەروەردەی سەرەکی لە ڕێگای ئازاد کردنییەوە، لە مەرجی بوونەوەی ( شەرتی بوونەوە) کاتی، وسنووردار کردنی

گریمانە تیوریکییەکان بپارێزرێت، هەروەها هەوڵا دەدرێت، تا ناکۆکییەکانی نێو تیوری کلاسیک بە شێوازی دیالیکتیک چارە سەربکرێتو تیوری لە پرۆسەی بە کار هێنانی لە پرسە نوێ ئەزمونییەکاندا چاک بکرێت.

رەنگە گرنگترین پێداچوونەوە سەبارەت بە ئەرک بێت کە دەروونناسی «خۆ» ئەنجامی نەداوە. ئەم دەروونناسییە «ناخی» کامڵنەکردوە، بەم واتایە کە لەو شتەدا کە ناوەندی سیستمی فرۆیدە بەشداری نەکردوە. و ئەمە «زانستی دژە عەقڵە»(1). ودیسان لە پەرەپێدانی ئاگاهی ئێمە بۆ پرۆسەکانی ناوشیار، دژایەتی، خۆراگری، ولۆژیکیکردن و گواستنەوەکان هیچ رۆڵێکی نەبووە.

وە تەنانەت لەوەش گرنگتر ئەمەیە، کە دەروونناسی «خۆ» لە چوارچێوەی خۆیشیدا شرۆڤە کردنی ڕەخنەگرانەی ئازادکردنی بە کار نەهێناوە. ئەو مەترسییە گەوریە کە هەڕەشە لە مرۆڤ دەکات، زیاتر لە رێگەی ناتەوانی لە ناسینی تایبەتمەندی ساختەی «عەقڵی تەندروست»(1) یان شعوری گشتییەوەیە.

زۆرینە هێشتا کۆنە پەرەست و فیکرگەرا ماونەتەوە، شعووری گشتی بە عەقڵ لە قەڵەم دەدەن. دەروونناسی ڕادیکاڵی «خۆ» دەبێ توێژینەوەی رەخنەگرانە، سەبارەت بە ئاگاهی کۆمەڵایەتی لە بەر چاو بگرێت و بە ئامانجی سەرەکی خۆی لە قەڵەمی بدات، بەڵام خۆی بە توێژینەوە ڕادیکاڵەکانەوە خەریک نەکردوە، بەڵکو تەنها لە چوارچێوەی ئەندێشەی داماڵراویەتی و میتاسایکۆلۆژیدا ماوەتەوە، کە هیچ شتێک بە زانیاری کلینیکی و دەروونناسی کۆمەڵایەتی ئێمە زیاد ناکات.

دەروونناسی «خۆ» لە سەر لایەنەکانی لۆژیکی لە هەڤهاتن، پەروەردە، ویستو... پێداگری دەکات.( ئەم تێگەیشتنە نەرێنییە ئەم خاڵە لە بیر دەکات، کە مرۆڤی ئەم چەرخە لە نەبوونی کاریگەری خۆی لە سەر داهاتوو ئازار دەبینێت و پەروەردە لە باتی ئەوەی وشیاری بکاتەوە، بە زۆری لە وشیاربوونی خۆیشی کەمدەکاتەوە.) هەڵبەت ئەمە بوارێکی گرنگە لە توێژینەوە کە تێیدا هەندێک توێژینەری وەک پیاژە، یونسکی، بوهلر و هەندێکی دیکە بە شێوەیەکی باش بەشدارییان کردوە. بوهلر بەم گوتەیە کە ئێمەش دەزانین»لیبیدۆ» لە «خۆ»دا نییە، بەڵکو لە سیستەمی مرۆڤدایە، رێزێکی ئاکادمیکی بە دەروونشیکاری بەخشی. بەم دانپێدانانەی ئەوان هەندێک لە زێدەڕەوییە تیوریکییەکانی دەروونشیکاری کەم

بویەوە، بەڵام هەندێک لە بیرکردنەوەکانی ئەم توێژینەرانە، تەنها بۆ کەسانێک نوێن کە لەو بڕوایەدان تیوری لیبیدۆ هەموو شتێک دەخاتەروو.

پێداچوونەوە لە دەروونناسی «خۆ» تەنها بە توێژینەوەی دەروونناسی سازگار بوون(2) (پێکەوە گونجان) کە خۆی لێکدانەوەیەکی زانستی کۆمەڵایەتی سەدەی بیستەم وجەوهەری کۆمەڵگەی رۆژئاوایە، دەستپێناکات. هۆکاری گەڕانەوە وبایەخدان بۆ پێکەوە گونجان لە چەرخی نیگەرانییەکان وگونجانی جەماوەریدا بە باشی دەرک دەکرێت، بەڵام ئەم گەڕانەوەیە نابێتە هۆی پێشکەوتنی تیوری دەرونشیکاری، بەڵکو لە پاشکەوتنیدا کاریگەرە. لە ڕاستیدا پێکەوە گونجان وسازگاری، جۆشوخرۆش وجموجۆڵی، کە ماوەیەک هۆکاری کاریگەری کولتووری هەنوکەیی بوو، بێکاریگەر کردوە.

دەبێ ئەم پرسیارە بخرێتە ڕوو، ئەگەر شرۆڤەکەی من راستە، بۆچی ڕێبەرانی بزوتنەوەی دەرونشیکاری، دەروونناسەکانی«خۆ»یان لە خۆ دوور نەخستوەتەوە؟ کوت ومت ئەو کارەی کە لەگەڵ پێداچوونەوەخوازەکاندا ئەنجامیاندا. و بە پێچەوانەوە دەروونناسی «خۆ» بوو بە قوتابخانەیەک لە نێو بزوتنەوەی دەرونشیکاریدا، ئەم راستییە، بە هەڵبژاردنی هارتمەن بۆ پۆستی سەرۆکی « یەکێتی ناونەتەوەیی» لە ساڵی 1951دا بە شێوەیەکی هێمایی قبووڵکرا.

وڵامی ئەم پرسیارە دوولایەنەیە. لە لایەکەوە دەروونناسەکانی «خۆ» دەیانەویست ڕاستی خۆیان بە پشت بەستن بە بڕوانامەکانی خۆیان بە ناوی « فرۆیدیستە راستەقینەکان» بسەلمێنن. لە لایەکی ترەوە وا دەهاتە بەرچاو، کە ئەوان خواستە گشتییەکانی دەرونشیکاری رەسمییان سەبارەت بە گونجان وشایستەیی ریزلێنان دابینکردبوو. زانیاری و تواناکاری دەروونناسەکانی «خۆ» بە ڕواڵەت بەرەکەت وخێرێکی گەورە بوو، بۆ ئەو بزوتنەوەیە کە هۆکاری هەبوونی خۆی لە دەستدابوو، بەرفراوانبوونی سودبەخشی» دەروونناسی ناخی» لە بیرکردبوو وبە دوای ناساندنی تیوریکدا دەگەڕا. دەروونناسی «خۆ» وڵامێکی هەرەباش بوو بۆ قەیرانی دەرونشیکاری. ئەم هیوایە بۆ ئەمە بوو، کە هیوای پێداچوونەوەی ڕادیکاڵ و سودبەخش کە دەبێتە هۆی گێڕانەوەی توانا سەرەکییەکانی دەرونشیکاری بە لاوە نرابوو.

دیسان هەندێک شتی نائاسایی سەبارەت بە قەبووڵی دەروونناسی «خۆ» لە لایەن زۆربەی «ئەرزەدۆکسەکانەوە» بوونی هەیە. « ناخت» یەکێک لە دەرونشیکارە لێهاتووەکانی ئەرزەدۆکس، ڕەخنەیەکی لە دەروونناسی گرتووە،کە لە ڕەخنەکانی من دەچێت. ئەو لە سەمپۆزیۆمێکدا سەبارەت بە»کاریگەری بەرانبەر لە کامڵ بوونی خۆ وناخدا» دەڵێ :» هەوڵدان بۆ بەرز کردنەوەی دەرونشیکاری بۆ ئاستی دەروونناسی گشتی... بەو شێوەیە کە هارتمەن، سۆسور و کەسانی دیکە مەبەستیان بوو، لە ڕوانگەی منەوە هەنگاوێکە بەرەو دواوە، ئەگەر ئامانجەکەی شێواز ناسی بێت». هەرچەندە کە من لە گەلێک بواردا دژی ناختم(1)، بەڵام لەم بارەیەدا کە قوتابخانەی دەروونناسی لە جەوهەری دەرونشیکاری پاشەکشەی کردوە هاوڕام.

سەرەڕای هەندێک ئاماژەی نارەحەتکەر، دەرونشیکاری لە حاڵەتی لە ناو چووندا نییە. بەڵام دەتوانین چاوەڕوانی مردنی بین، مەگەر ئاراستەکەی گۆڕانی بە سەردا بێت. مەبەست لە « قەیرانی دەرونشیکاری»ئەمەیە. وەک هەر قەیرانێکی دیکە لەم بارەیەوە دوو لایەن بوونی هەیە: لە ناو چوونی وردەوردەیی، یان نوێکردنەوەیەکی داهێنەرانە. بە شێوەیەکی روو لە زیاد بوون ئاشکرا دەبێت، کە قەیرانی هەنووکەیی مرۆڤایەتی پرسێکە کە پێویستی بە تێگەیشتن و چارەسەری وئاگاهی قووڵ لە پەرچەکرداری مرۆڤ هەیە و دەرونشیکاری دەتوانێت لەم بارەیەدا ڕۆڵی گرنگ بگێڕێت. دیسان ئەگەر کەسێک بە ڕاستی حەزی لە توێژینەوە بێت، دەرونشیکاری گۆڕەپانێکی گونجاوە کە لە زیندەوەرناسی و فیزیا کەمتر نییە. بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە دەتوانن توانایی کاریگەری و بیرکردنەوەی رەخنەگرانە، لەگەڵ تواناکاری وردبینی پرۆسە دەرونییەکان تێکەڵاو بکەن.

دەرئەنجام، نوێکردنەوەی داهێنەرانەی دەرونشیکاری، کاتێک ئەنجامدەدرێت کە بە سەر گونجانی پوزوتیڤیستی خۆدا زاڵ ببێت ودوبارە وەک تیورییەکی ڕەخنەگرانە ورۆحێکی هۆمانیستی ڕادیکاڵ دەرکەوێتەوە. ئەم دەرونشیکارییە چاوپێداخشێندراوە وچاکبووە، تا قوڵایی نەست دزەیکردوە ورەخنە دەگرێت لە تێکڕای داب ونەریتە کۆمەلایەتییەکان کە مرۆڤیان گەمارۆ داوە ولە شێوەی خۆی دوریان خستوەتەوە. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم دەرونشیکارییە ئەو

پرۆسانەیە، کە دەتوانن پێداویستییەکانی مرۆڤ لە گەڵ کۆمەڵگەدا بگونجێنن، نەک ئەوەی مرۆڤ وەک کۆمەڵگە لێبکەن، بە تایبەت کە دەرونشیکارییەکی وەها، دیاردە دەروونناسانەکان کە نەخۆشینەکانی کۆمەڵگەی ئەم چەرخەیە، وەک : لە خۆ بێگانەیی، نیگەرانی، ئەنیایی، ترس لە هەستی قووڵا، نەبوونی چالاکی ونەبوونی شادی لێک دەداتەوە. ئەم نەخۆشینانە لە دەرئەنجامی سەرکوتکردنی ئارەزوە سێکسیەکانی سەردەمی فرۆیددا، رۆڵێکی گرنگیان هەبووە، و تیوری دەرونشیکاری دەبێ بە شێوەیەک دابرێژرێت، کە لە لایەنە ناوشیارەکانی نەخۆشینە باسکراوەکان وهەلومەرجی چارەسەر کردنیان، لە کۆمەڵگە وبنەماڵەدا، کە سەرچاوەی ئەو نەخۆشینانەن تێبگات.

بە تایبەت دەرونشیکاری لە سەر «زیان ناسی ئاسایی» و سکیزۆفرنیای درێژخایەن وسوک، کە بەرهەمی کۆمەڵگەی سیبرنتیک وتەکنۆلۆژیکی هەنووکە وداهاتوە، لێکۆڵینەوە دەکات.

(1) cybemticsلە ماشێنو ئاژەڵاندا». ئەم وشەیە بە واتای سیستەمی کاریگەری بەرانبەر لە یەکدی یان گەڕانەوە بۆ کارە کۆنەکانە. بە پەیوەندی بەشە جۆراوجۆرەکانی ماشێنیش سیبرنتیک دەڵێن. لە تێکڕای ئەو بوارانەدا کە کاریگەری بەرانبەری کار و دیسپلین بوونی هەیە، بە کار دێت. بە تایبەت لە بوارەکانی هونەری،پزیشکی، دەروونناسیو.... ئەم وشەیە لە لایەن نوربرت وینرەوە Norbert winer بەم شێوەیە پێناسە کراوە «توێژینەوەی سیستەمەکانی فەرماندەر وپەیوەندی لە نێو ماشێنو ئاژەڵاندا».